٥٠

## تەوەری ژمارە

# ئەگەرەکانی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی



تیشک گۆڤارێکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە

دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەری دەکا

ژمارە ۵۰
ڕەشەمەی ۲۷۱۸
مارسی ۲۰۱۹

گۆڤاری تیشک لە سەر ئینترنت:

www.kurdistanmedia.com\sorani\tishk
www.facebook.com/GovariTishk
govaritishk@pdki.org

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەدا بەرپرسیارە کە
بە ناوی گۆڤاری تیشک بڵاو دەبنەوە

# ٥٠


١ هیوا میرزایی


٢ د. ئیدریس ئەحمەدی


٣ ئەلبورز ڕۆئین تەن


٤ نیشتمان


٥ ئارەش ساڵح


٦ جەمیل کولاهی


٧ ژیندا قادری


٨ پەرویز جەباری


٩ ئارمان حوسێنی


١٠ ئیسماعیل زورمەند


١١ ناسر مورادی

دیزاین : هیوا میرزایی

گرافیك: هیوا مەنسووری

دڵنیا محەممەدی

سرێوان ئەحمەدی



# ١ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و ئەگەرەکانی پاش ڕووخان

هیوا میرزایی



لەم وتارەدا هەوڵدەدرێ ڕوونکردنەوەیەك هەبێ لەسەر فرەچەشنبوونی ئێران و باسکردن لەو سیناریۆیانەی کە لە ئەگەری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا وڵاتی ئێران بەرەو کوێ دەڕوا و هەوڵ دەدرێ وڵامی ئەو پرسیار بدرێتەوە کە چ مێکانیزمگەل و شێوازێك دەتوانێ وڵامدەری داهاتووی دوای کۆماری ئیسلامی بێ.

## پێشەکی

ئاوەڕدانەوەیەکی کورت لە مێژوو و خوێندنەوەی چارەنووسی حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوانەی بەرەو سەرەڕۆیی و بونیادنانی حکوومەتێکی یەك ڕەهەندی ڕۆیشتوون و نەیانویستووە کە دەسەڵات شۆڕبکەنەوە بۆ نێو کۆمەڵگا و هەوڵی ئەوەیان داوە کە پەل بەسەر هەموو بونیاد و دامەزراوە حکوومەتییەکاندا بهاوێن و دەسەڵات قەبزە بکەن، یان نەماون و تەنیا ناوێکیان لە مێژوودا ماوە یان ئێستا لە گلۆڵەی لێژیدان و لەگەڵ دەیان قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەروەها قەیرانی ڕەواییدا ڕووبەڕوون. هەروەها خوێندنەوەی مێژوو ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خەڵك و حەز و ئارەزووەکانی خەڵك بۆ گەیشتن بە تەناهی و ژیانێکی بەختەوەر و ڕزگاری و گەیشتن بە ئازادی بەردەوام ڕووی لە گەشەکردن کردووە و حکوومەتە سەرەڕۆیەکان نە دەتوانن بە هێزی ڕەق خەڵك بە کۆیلە بکەن و نە بەهۆی شەڕی نەرمەوە دەتوانن خۆ بەکۆیلەزانین بەسەر خەڵکدا بسەپێنن. یەك لەو حکوومەتانەی کە ئەمڕۆ ٤٠ساڵ کارنامەی سەرەڕۆیی و پێشێلکاری مافە ئینسانییەکانی بۆ خۆی تۆمارکردووە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. کۆمارێك کە بە بەڵێن و دروشمی بەختەوەری ئەم دنیا و قیامەت هاتەسەرکار، ئەمڕۆ تووشی دەیان قەیرانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە و خەڵکی ئێران بەسەدان گرفت و ئاریشەوە دەناڵێنن و هیچ، کە لەم دنیا بەختەوەر نەبوون، بەڵکوو گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان وایشی کردووە کە قیامەت و ئەو دنیاشیان لەبیر بچێتەوە. کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ئایدۆلۆژی و بیرکردنەوە و تێڕوانینی بۆ پرسە سیاسییەکان، سیستم و حکوومەتی داخراوە و ئۆلیگاریکییە و بێجگە لە جیهانبینی خۆی هیچ تێڕوانینێکی قەبووڵ نییە و خەڵك لەم جۆرە سیستمانەدا تەنیا ئەرکیان پاراستن و ڕەواییدانە بە مانەوەی ئەم ڕێژیمانە و لە ڕووی ماف و کەڵك وەرگرتن لە داهات و ئیمکاناتی وڵات کەمترین مافیان هەیە و ئەم جۆرە حکوومەتانە هەروەها باوەڕیان بە فرەچەشنی کۆمەڵگا و بوونی گرووپگەلی جۆراوجۆر بە بەرژوەندی جیاواز نییە و تەنیا یەك ئۆمەت و یەك میللەت دەبین کە بە پێی ئایدۆلۆژی خۆیان پێناسەی بۆ دەکەن و پێناسەی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەم فرەچەشنییە، تێڕوانینێکی یەك ڕەهەندییە کە ئەویش بوونی یەك میللەتی یەکانگیرە بەناوی ئۆمەتی ئیسلامی و هەموو فرە چەشنییە نەتەوەیی و ئیتنیکی و ئایینییەکان لە ئێران مەحکووم بە پەیرەوکاری و ملکەجی بۆ ئەم کەمایەتییە ئایدۆلۆژی و سیاسییەن کە ئەمڕۆ دەسەڵاتیان لە ئێراندا هەیە.

## ئێران وڵاتی فرەنەتەوە

هەروەك باس کرا ئێران وڵاتێکی فرەچەشنە و ئەم فرەچەشن بوونە هەم لە نەتەوە و پێکهێنەرانی جوغرافیای ئێران ڕەنگی داوەتەوە و هەمیش لە ڕووی ئایینییەوە دەکرێ ئەم فرەچەشن بوونە ببینین. نەتەوە بە کۆمەڵێك خەڵك دەگوترێ کە خاوەن خاك و زمان و کەلتوور و مێژووی هاوبەش بن و بەم پێناسە کورتە لە نەتەوە و بە ئاوڕدانەوەیەك لە پێکهاتەی ئێران لە ڕووی تۆخمەکانی پێکهێنەری

وڵاتێکەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم وڵاتە پێکهاتووە لە چەندین نەتەوەی جۆراوجۆری وەك: کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکمان، ئازەری و فارس. ئەم نەتەوانە بە بێ بوونی هیچ ئیرادەیەك و لە بەرهەمی شەڕ و یەکلایی کردنەوەی کێشەکان بە هێزی ڕەق و توندوتیژی لە تەنیشت یەکتردا بە زەبری مێژووی بوونەتە هۆی پێکهاتنی ئێران و بێگومان ئەگەر ئەم زەبر و گوشارە لەسەر نەتەوەکان نەمێنێ بیری پێکهێنانی کیان و دەوڵەتێکی سەربەخۆ وەك مافێکی سروشتی بۆ هەر نەتەوەیەك ڕەوایە. داهاتووی ئێران لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و پێشبینی دۆخی ئێران لە نەمانی کۆماری ئیسلامیدا، دژوارە و ئەم دژوارییە ڕەنگە سەرچاوەکەی ئەو سیاسەتە هەڵە و ئەو گوشارانە بێ کە بە تایبەت لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ئاراستەی خەڵکی ئێران کراوە. لە ماوەی ئەم سەد ساڵەی ڕابردوودا و لە ژێر سێبەری حکوومەتەکانی پاشایەتی و ئیسلامیدا نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئێران لە لایەن شۆوێنیزمی فارسەوە چەوساونەتەوە و لە مافەکانیان بێبەش کراون و هەرجار کە ویستوویانە بە شێوازێك داوای مافەکانی خۆیان بکەن سەرکوت کراون. ڕەنگە ئەگەر بگوترێ مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی ئێران، مێژووی خوێنە، شتێکی هەڵەمان نەگوتبێ، مێژوویەك کە ئەمڕۆ حەزی دوورکەوتنەوە لە ناوەندی کردووەتە ئامانج بۆ نەتەوەکانی ئێران. نەتەوەگەلێك کە سووکایەتی بە شوناسیان کراوە و هەمیشە وەك شارۆمەندی پلە ٢ و ٣ سەیر کراون، ناتوانن چاو لەم ئەزموونە تاڵە بنووقێنن و لە ئەگەری ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامی جارێکی دیکە، ببنە هۆی پێکهاتنی حکوومەتێکی ناوەندگەرا.

## حکوومەتێکی بەهێزی ناوەندگەرا

سەد ساڵی ڕابردووی حوکمڕانی لە ئێراندا لەسەر بنەمای ناوەندگەرابوون و شوبهاندنی ئێران بە نەتەوەیەکی یەکدەست خولاوەتەوە و ئێستایش ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری لە ئێران خەون بە وەها حوکمڕانێکەوە ئەبینن تەنیا بە جیاوازی ئەوەی کە هەوڵدەدەن ڕووکەشێکی دێموکراتیك بکەنە بەر ئەم سیستەمە لە حوکمڕانی. پێکهێنانی سیستمێکی ناوەندگەرا لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە دووحاڵەتدا سەقامگیر دەبێ لە ئێراندا. حاڵەتی یەکەم هەر لە دەسپێکی ڕووخانی کۆماری ئیسلامییەوە ڕوودەدا و ئەوەیش بە یەکگرتوو نەبوونی نەتەوە غەیرەفارەسەکان لە ئێراندا و حاڵەتی دووهەم کە سەقامگیری ئەم شێوازە لە حوکمڕانی دەتوانێ سەقامگیر بکا کەڵکوەرگرتن لە توندوتیژی و ئامرازەکانی سەرکوتە لەبەر ئەوەی دێموکراسی کاتێك لە ئێراندا دەتوانێ لە ئێراندا پیادەبکرێ کە مافی هەموو نەتەوەکانی ئێران بپارێزرێت و پشکیان لە حکوومەتداری و بەڕێوەبردنی وڵات دیاری بکرێ.

## فێدراڵی

فێدراڵی وەك سیستمێکی سیاسی بۆ وڵاتانی فرەچەشن شێوازێکی سەرکەوتوو بووە و لە سیستمی فێدراڵیدا دەسەڵات تەنیا لە ناوەنددا قەتیس نامێنێتەوە و ئەم دەسەڵاتە دابەش دەبێ بەسەر هەرێمە نەتەوەییەکاندا، بەڵام خودی پیادەکردنی فێدراڵی پێویستی بە ئاستێکی بەرزی تێگەیشتن هەیە لە سەر پرسی نەتەوەیی. فاشیزم و شۆوێنیزمی فارس تا ئەو کاتەی نەگا بەو قەناعەتەی کە ئەوان ئێتر ناتوانن بە دروشمی «یەك نەتەوە، یەك میللەت» حکوومەت بکەن، خودی فێدراڵیزمیش ناتوانرێت لە ئێراندا پیادە بکرێ. چون فێدراڵی سیستمێکی ئارەزوومەندانەیە و نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران، تەنیا لە کاتێکدا ڕیسکی ئەوە دەکەن کە پێش لە هەڵوەشانەوەی ئێران دوای ڕووخانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بگرن کە هەموو مافەکانیان لە یاسای بنەڕەتیدا بچەسپێ و ئەوان وەك نەتەوە پێناسە بکرێن. بە سەرنجدان بە هەڵکشانی ئاستی وشیاری نەتەوەکانی ئێران و ئەو زوڵم و زۆرەی کە لە ماوەی حکوومەتداری بە تایبەت پاشایەتی و ئیسلامی»دا دەرهەق بە نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران کراوە، لە ئێستادا تەنیا مێکانیزم و سیستمێك کە بتوانێ پێش لە هەڵوەشانەوەی ئێران بگرێ، فێدراڵیزمە و ئەوەیش فێدراڵیزمی نەتەوەیی ـ جوغرافیاییە. ئەگەر وا نەبێ مەیلی سەربەخۆیی و دوورکەوتنەوە لە ناوەند و هەڵوەشانەوەی ئێران هەم مافێکی سروشتییە و هەمیش بەهۆی چاوکراوەیی و بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری نەتەوەکانی ئێران بەدوور نییە کە ئەم ڕێگایە ببێت بە ئامانجی هەموو نەتەوەکانی ئێران. کورد وەك یەکێك لەو نەتەوانەی کە بێ ویست و ئیرادەی خۆی بووەتە یەکێك لە پێکهێنەرەکانی ئێرانی ئەمڕۆ، یەکێك لەو نەتەوانەیە کە بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی مافە سروشتی و نەتەوەییەکانی خۆی خەباتی کردووە و بەردەوامیش بە جیاییخواز تۆمەتبارکراوە و لە لایەن حکوومەتەکانەوە سەرکوت کراوە. سەرکوتی حکوومەتە ناوەندییەکان بەهەر ناوێکەوە ئێستا بووەتە هۆی ئەوەی کە کوردیش وەك نەتەوەکانی دیکە مەیل و حەزی لە دوورکەوتنەوە لە ناوەندە و ئەم دوورکەوتنەوە لە فۆرمی فێدراڵی پێناسە دەکا.

## هەڵوەشانەوەی ئێران

ئێران لە پرۆسەیەکی زۆرەملی مێژوویی و بە بێ ئیرادەی نەتەوەکانی ئێران پێکهاتووە و بۆ هێشتنەوەی لەم حاڵەتەدا تەنیا ئامرازێك کە کەڵکی لێوەرگیراوە توندوتیژی و ئێعدام و ئەشکنجە و زیندان و هتد... بووە، ٤٠ ساڵەی ژیانی سیاسی کۆماری ئیسلامی، ڕەنگە نموونەیەکی بچووك بێ لە ئەم هەڵاواردنە نەتەوەییە کە دەرهەق بە نەتەوەکانی ئێران کراوە. ئاماری بێکاری و هێڵی هەژاری لەو شوێنانەی کە نەتەوەکانی غەیری فارسی تێدا نیشتەجێن، نیشاندەری بەرنامە و پرۆژەیەکی سیستماتیکە بۆ پەراوێزخستنی نەتەوەکانی دیکەی ئێران. گرینگی نەدان بە شوناسی نەتەوەکان و هەوڵدان بۆ توانەوەی ئەوان لە نەتەوەی باڵادەست ڕەنگە بیانوێ باش بن بۆ ئەوەی ئەگەر کۆماری ئیسلامی ڕووخا، ئەم نەتەوانە خەونی ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان بخەنە حاڵەتێکی کردەییەوە و پرۆسەی هەڵوەشانەوەی ئێران بکەنە ئەمری واقێع و خۆیان بەرەو سەربەخۆیی کە مافێکی سروشتی و سیاسییە بڕۆن.

## کۆبەند

لە سیاسەتدا پێشبینی داهاتوو کارێکی ئەستەمە و چوون پرسی سیاسی پرسێکی یەك ڕەهەندی نییە و گرێدراوە بە چەندین ڕەهەندی دیکەوە وەك ڕەهەندی دەرەکی و نێوخۆیی و نێونەتەوەیی و هەرکام لەم ڕەهەندانەیش خۆیان دەرئەنجامی پێکدادان و تێکەڵبوونی ڕەهەندگەلی دیکەن وەك کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری و ئێتنیکی و ... بەڵام ئەمە هیچ لەو مەسەلە ناگۆڕێ کە شکڵی ئێستای حوکمڕانی لە ئێراندا شکڵێکی دواکەتووانە و دژە ئینسانییە و هەر ئەمە وای کردووە کە ئێتر قەبووڵکردن و درێژەدان بەم جۆرە حوکمڕانییە گەیشتووەتە بونبەست و بۆ دەربازبوون لەم حاڵەتە سیاسییە دەبێ ڕێز لە پێکهاتەکانی پێکهێنەری ئێران بگیردرێت و ئەگەر وڵاتانی زلهێز خوازیاری هەڵنەوەشانەوەی ئێرانن، دەبێ هەموو مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکان لە یاسای بنەڕەتی ئێران ئاماژەی پێبکرێ و ڕوون بکرێتەوە کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەییە.



# داهاتووی ئێران لە چوار پێشهاتەدا

٢

د. ئیدریس ئەحمەدی

ئەم وتارە هەوڵ دەدا وەڵامی دوو پرسیار بداتەوە. یەکەم، چ داهاتوویەک دەکرێ بۆ ئێران وێنا بکرێ؟ بە گشتی، دەکرێ چوار پێشهاتە یان سێناریۆ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەستنیشان بکرێن:
* کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی ڕیفۆرمدا و دوور لە زەبروزەنگ، بەرە بەرە دەگۆڕدرێ؛
* کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی کودەتای سپای پاسداران، ئەویش بە شێوەی پاکسازی کووتووپڕ بەڵام سنووردار، دەگۆڕدرێ؛
* کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی شۆڕش، چ بە ئاشتی بێ یان بە شەڕ، کووتووپڕ یان بە شێوەی درێژخایەن دەگۆڕدرێ؛
* کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی هێرش یان دەستێوەردانی دەرەکی، کووتووپڕ یان بە شێوەی درێژخایەن دەگۆڕدرێ.
دووهەم پرسیار بێگومان ئەوەیە کە کام لەو پێشهاتانە ئەگەری زۆرترە ڕوو بدا. بۆ وەڵام دانەوە بەو پرسیارە، ئەم وتارە پشت دەبەستێ بە دوو لێکۆڵینەوەی گرنگ لە زانستی سیاسی، کە لە ساڵانی دوایی بڵاو کراونەتەوە.

## ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان چۆن دەگۆڕدرێن؟

وەک باس کرا، دوو لێکۆڵینەوە بایەخی تایبەتیان هەیە بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیاری دووهەمی ئەم وتارە. لە پێشدا، ئاکامی هەرکام لەو لێکۆڵینەوانە دەخەمە ڕوو، دواتر لە بەر تیشکی ئەواندا، ئەگەری هەرکام لەو چوار پێشهاتانە هەڵدەسەنگێنم.
لێکۆڵینەوەی یەکەم ١٥٠ ڕێژیمی سەرەڕۆ یان دیکتاتۆر لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ تاکوو ٢٠٠٢ لە خۆ دەگرێ. تایبەتمەندی ئەو ڕێژیمانە، کەڵک وەرگرتنە لە هەڵبژاردن؛ بەو بۆنەوە، بە «سەرەڕۆیی هەڵبژاردنکارانە»[١] ناودێر کراون. کۆماری ئیسلامی یەکێکە لەو ڕێژیمانە، بەڵام لەو لێکۆڵینەوەیەدا باسی نەکراوە. ئەو ١٥٠ ڕێژیمە دابەشکراون بە سەر دوو دەستەدا: ٩٣ لەو جۆرەن کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ڕێگا بە ڕەکابەری لە دەروون ڕێژیم بە باڵ یان حیزبی جیاواز دەدەن، ئەم دەستەیان بە «سەرەڕۆیی ڕەکابەرانە»[٢] ناودێر کراوە؛ ٥٧ لەو ڕێژیمانە ڕێگا بەو ڕەکابەرییە بەرتەسکەش نادەن، بۆیە بە «سەرەڕۆیی ناڕەکابەرانە»[٣] ناو دەبرێن. لە دەستەی یەکەمدا، ٦٨ لەو ڕێژیمانە لەو ماوەیەدا، واتە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ تاکوو ٢٠٠٢، توانیوانە لە دەسەڵاتدا بمێننەوە؛ بیستیان گوزاریان کردووە بەرەو دێموکراسی؛ پێنجیان بە هۆی جیاوازە (لەوانە شەڕی نێوخۆیی، کودەتا یان بوون بە دیکتاتۆرییەتی تەواو یان داخراو) لەناو چوون.[٤] لە دەستەی دووهەمدا، واتە ئەوانەی کە ڕێگا بە ڕەکابەری لە دەروون ڕێژیمدا نادەن، ٤٥یان توانیویانە لە دەسەڵاتدا بمێننەوە؛ شەشیان تەبدیل بوون بە سەرەڕۆیی ڕەکابەرانە؛ سێیان ڕێگای دێموکراسیان هەڵبژاردووە؛ سێی دیکەیان بە هۆی جیاوازەوە لەناو چوون. لە هەردوو دەستەدا، ڕێژەی مانەوەی ئەو ڕێژیمانە لە دەسەڵات (٧٣ دەرسەد لەوانەی سەرەڕۆیی ڕەکابەرانەن و ٨٠ دەرسەد لەوانەی ناڕەکابەرانەن) بە شێوەیەکی بەرچاو زیاترە لە ڕێژەی گوزاریان بەرەو دێموکراسی (٢٠ دەرسەد لەوانەی سەرەڕۆیی ڕەکابەرانەن و تەنیا ٣ دەرسەد لەوانەی ناڕەکابەرانەن).
کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە کام لەو خانانەوە؟ ئایا ڕێژیمێکە کە دیکتاتوری یان سەرەڕۆیی ڕەکابەرانەیە یان خێر؟ لە وتارێکی دیکەدا، هەوڵم داوە بیسەلمێنم کە کۆماری ئیسلامی بە ڕواڵەت ڕەکابەرانەیە، بەڵام لە ڕاستیدا زۆرتر دیکتاتۆرییەتی وەلی فەقیهە.[٥] تەنانەت دەتوانین بڵێین ڕەهەندی ڕەکابەرانەی کۆماری ئیسلامی وێڕای هەبوونی باڵی ڕیفۆرمیستی ڕێژیم، زۆرتر یارمەتیدەری مانەوەی بووە. بۆیە، کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە خانەی ئەو ڕێژیمانەوە کە ناڕەکابەرەن و بە پشتبەستن بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی یەکەم، دەکرێ بڵێین ئەگەری مانەوەی زۆرترە تاکوو ئەوەی گوزار بکا بەرەو دێموکراسی. ئەمەش دەرئەنجامێکی گرنگە لە پەیوەندی لەگەڵ پێشهاتەی یەکەم، کە دواتر دەپڕژمە سەری.
لێکۆڵینەوەی دووهەم تایبەتە بە لە دەسەڵاتکەوتنی دیکتاتۆرەکان و ٣٠٣ ڕێژیمی دیکتاتۆر لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦ تاکوو ٢٠٠٨ لە خۆ دەگرێ.[٦] ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە بەم شێوەیە: ٢٠٥ دیکتاتۆر (واتە ٦٨ دەرسەد) لە نێوان ئەو ساڵانەدا لە ڕێگای کودەتاوە لەدەسەڵات لابراون؛ ٣٢ دیکتاتۆر (١١ دەرسەد) لە ئەنجامی ڕاپەڕینی جەماوەریدا لەدەسەڵات کەوتوون؛ ٣٠ دیکتاتۆر (١٠ دەرسەد) لە ئەنجامی گوزار بەرەو دێموکراسی ناچار کراون دەست لە دەسەڵات هەڵگرن؛ ٢٠ دیکتاتۆر (٧ دەرسەد) تیرۆر کراون؛ ١٦ دیکتاتۆریش (٥ دەرسەد) لە ئەنجامی دەستێوەردانی هێزی دەرەکیدا لەدەسەڵات لابراون.
ئاکامی لێکۆڵینەوەی دووهەم ئەوەمان پێ دەڵێ کە لەو چوار پێشهاتانەی باسکران، ئەگەری کودەتا لە ئێران لە شۆڕش یان دەستێوەردانی دەرەکی زۆرترە. هەرچەند ئەگەری کەوتنی خامنەیی و ڕێژیمەکەی لە دەسەڵات لە ئاکامی شۆڕشدا تەنیا ١١ دەرسەدە، دیسان مومکینە ڕوو بدا، چونکە لە ئێران زەمینەی شۆڕش، لانیکەم لە دوو ساڵی ڕابردووەوە، بە بەراوەرد لەگەڵ ڕابردوو لەبارترە. دواتر دێمەوە سەر ئەو مەسەلەیە.

## ڕیفۆرم و نیزامێکی دەستووری ئیسلامی

ئەگەر پێشهاتەی یەکەم، واتە گۆڕان بە ئەسپایی لە ئاکامی ڕیفۆرمدا، ڕوو بدا، دەشێ بریتی بێ لە هاتنەکایەی نیزامێکی دەستووریی بەڵام دیسان ڕێژیمی ئیسلامی جیاواز لەوەی کە ئێستا هەیە. هەڵبەت دەبێ بوترێ، بە هۆی ناڕوونبوونی پرۆژەی ڕیفۆرمیستی لە ئێران، ڕوون نییە نێوەڕۆکی ئەو نیزامە دەستوورییە بریتی دەبێ لە چی. بۆ نموونە، . محەممەد خاتەمی لە لێدوانێکدا لە ڕێکەوتی ١٠ جونی ٢٠٠٦دا دان بەوەدا دەنێ کە ڕیفۆرمخوازانی دەروون کۆماری ئیسلامی، خاوەن مانیفێست نەبوون. بە وتەی خۆی: »کێشەیەکی ڕیفۆرمخوازی [لە ئێراندا] ئەوە بوو کە پێناسەیەکی ورد لە ڕیفورم نەبوو و هەر کەس و گرووپێک کە تێیدا بەشدار بوون، پێیان وا بوو ڕیفۆرمیستن.»[٧]
ناڕوونبوونی پرۆژەی ڕیفۆرمیستی دەکرێ زۆر هۆکاری هەبێ، بەڵام خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە ڕیفۆرمیستی دەروون ڕێژیم، ڕێژیم پارێزن، نەک ڕێژیم گۆڕ. ڕیفۆرم واتای خۆی هەیە. ڕیفۆرم بریتییە لە پێکهێنانی گۆڕان بە شێوەیەکی ئەسپای

> خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە ڕیفۆرمیستی دەروون ڕێژیم، ڕێژیم پارێزن، نەک ڕێژیم گۆڕ. ڕیفۆرم واتای خۆی هەیە. ڕیفۆرم بریتییە لە پێکهێنانی گۆڕان بە شێوەیەکی ئەسپای لە دامەزراوە سیاسی و ئابوورەییەکان



لە دامەزراوە سیاسی و ئابوورەییەکان، دواجاریش هەموارکردنەوەی یاسای بنەڕەتی، کەچی گلەیی ڕێفۆرمیستە ئێرانییەکان ئەوەیە کە گۆیا دەستووری ئێستای کۆماری ئیسلامی جێبەجێ ناکرێ.
لە کۆماری ئیسلامیدا، تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٠ پرۆژە یاسایەک پێشکەش کرا بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە یاسای چاپەمەنیدا، بەڵام وەلی فەقی و شۆرای نیگابان، کە دەتوانن ڕێگری بکەن لە پەسەندکردنی هەر یاسایەک لە مەجلیس کە لەگەڵ ئیسلام و بەرژوەندی ڕێژیمدا نەگونجاو بێ، پێشیان بە پەسەندکردنی گرت.[٨]
بۆیە، ئەگەر بە ڕێفۆرم کۆماری ئیسلامی بگۆڕدرێ، ئەوا ئاکامەکەی دەبێ بە نیزامێکی دەستووری ئیسلامی، نەک نیزامێکی جیاواز لەوەی کە ئێستا هەیە. بە واتایێکی دیکە، پرۆژەی ڕێفۆرمیستی لە ئێران لە خزمەت مانەوە و بەهێزکردنی کۆماری ئیسلامی دایە، نەك ئەوەی ئازادی یان دێموکراسی بەرهەم بێنێ. ئەگەر ئەو پێشهاتەیە ڕوو بدا، کۆماری ئیسلامی دەتوانێ ببێ بە دیکتاتۆرییەتێکی ڕەکابەرانە. بەڵام بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەی یەکەم کە لەسەرەوە باسکرا، وێڕای ئەو زانیاریانەی لە سەر کۆماری ئیسلامی لەبەردەستدان، ئەگەری تەبدیلبوونی کۆماری ئیسلامی بە دیکتاتۆرییەت یان سەرەڕۆیی ڕەکابەرانە زۆر کەمە.
بۆ نموونە، پاش هەموارکردنەوەی دەستوری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨٩، دەسەڵاتی وەلی فەقی کرا بە ڕەها. هەروەها دەسەڵاتی نافەرمی ئەو لە ڕێگای کۆمەڵێک دامەزراوەوە، لەوانە بونیادەکان، زیادی کردووە.[٩] هەروەها جێگای ئاماژەیە کە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ و ٢٠١٣دا، ڕێژەی کاندیدەکانی پۆستی سەرکۆمار، واتە ئەوانەی ڕێژیم پەسەندیان دەکا بۆ خۆپاڵاوتن، لە نۆ دەرسەدەوە (٨,٨٩٪) داشکاوە بۆ کەمتر لە یەک دەرسەد (٠,٦٩٪).[١٠] کەوابوو، بە پێی زەمان، ڕێژیم بەرتەسکتر و یەکدەستر بووەتەوە، نەک کراوەتر و فرەدەنگتر. ئەگەر «ڕێفۆرم» لە ئێراندا کرابێ، ئەوا لە پێناو پتەوکردنی پێگەی وەلی فەقیهدا بووە، نەك پێچەوانەکەی.

> “
> **بە پێی زەمان، ڕێژیم بەرتەسکتر و یەکدەستر بووەتەوە، نەک کراوەتر و فرەدەنگتر. ئەگەر «ڕێفۆرم» لە ئێراندا کرابێ، ئەوا لە پێناو پتەوکردنی پێگەی وەلی فەقیهدا بووە، نەك پێچەوانەکەی**
> ”

### کودەتا و نیزامێکی نیزامی- ئیسلامی

لە پێشهاتەی دووهەمدا، کۆماری ئیسلامی، لە ڕێگای کودەتای سپای پاسدارانەوە، تەبدیل دەبێ بە حکومەتێکی نیزامی- ئیسلامی. هۆی ئەوەی کە لە پێشهاتەیەکی وادا ڕێژیم ئیسلامی دەمێنێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی سپای پاسداران، وێڕای ئەرکی ئەو سپایە، کە پاراستنی کۆماری ئیسلامییە. ئەو زانیاریانەی لەبەردەستان، نیشانی دەدەن کە دەسەڵات و نفوزی سپا بە پێی زەمەن ڕووی لە زیادبوون کردووە. پەرەئەستاندنی دەسەڵاتی ئابووری سپا ڕوون و ئاشکرایە. بەڵام هەروەها ئەوانەی کە لە سپادا سەرقاڵی کاری نیزامی بوون لە دوو دەیەی ئەوەڵی کۆماری ئیسلامی، ئێستا لە دامەزراوە سیاسییەکانی ڕێژیمیدا جێگایان گرتووە. هەروەها خامنەیی سپا بە یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی مانەوەی خۆی و ڕێژیمەکەی دەزانێ، مەگەر ئەوەی کۆنە پاسدارێک وەک ئەحمەدینیژاد سەرێشەی



بۆ ساز بکا، کە بینیمان چۆن ئەحمەدینیژاد و لایەنگرانی لەپەراوێز خراون. بەو مانایە، لە ئێستادا، سپا پێویستی بە کودەتا نییە، چونکە خۆی یەکێکە لە شەریکە سەرەکییەکانی دەسەڵات. ئەوەی کە ئایا دوای مەرگی خامنەیی سپا دەست بەرێ بۆ کودەتا، جێگای باسە. ئەوەش بەندە بە پەیوەندی نێوان سپا و ئەو کەسی جێگای خامنەیی دەگرێتەوە. بە پێی لێکۆڵینەوەی دووهەم، لابردنی دیکتاتۆرەکان لە دەسەڵات لە ڕێگای کودەتاوە، ئەگەری ٦٨ دەرسەد. بەو پێیە، ئەو پێشهاتەیە بەندە بە پەیوەندی نێوان وەلی فەقیە داهاتوو و سپاوە؛ ئەگەر پەیوەندی نێوانیان پرکێشە بێ، ئەگەری کودەتا زۆرە. بەڵام ئەگەر وەلی فەقیهی داهاتوو هاوبیری سپا بێ و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزی، ڕوودانی کودەتا کەمە.

### شۆڕش و نیزامێکی نوێ

لە پێشهاتەی سێهەمدا، واتە لە ئاکامی شۆڕشدا، ڕێژیم بە تەواوی دەگۆڕدرێ، بەڵام مەرج نییە کوتووپڕ بێ، مەرجیش نییە سەرکەوتوو بێ. لێرەدا شەڕی سووریە دەکرێ بکرێ بە بنەما. ئەگەری زۆرە، یان تەنانەت دەتوانین بڵێین دەکرێ دڵنیا بین، بەلەبەرچاوگرتنی ستمکاربوونی ڕێژیم و بە پێی ئەزموونێک کە لەبەردەست دایە – واتە ئامادەبوونی ئەو ڕێژیمە بۆ بەکاربردنی زەبرووزەنگی بەربڵاو و بێبەزەییانە بەرانبەر بە هەر جۆرە ڕاپەڕینێکی جەماوەری – لە پێشهاتەی سێهەمدا، ئەگەر بێتۆ ڕوو بدا، شۆڕشێکی دیکە لە ئێران زۆر خوێناوی دەبێ. بە پێی لێکۆڵینەوەی دووهەم، لابردنی دیکتاتۆر لە دەسەڵات لە ڕێگای ڕاپەڕینەوە، ۱۱ دەرسەد ئەگەری هەیە. ئەوەش بە بەراوەرد لەگەڵ پێشهاتەی دووهەم، واتە کودەتا، ئەگەرێکی زۆر کەمترە. هەڵبەت دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە ڕاپەڕین مەرج نییە تەبدیل ببێ بە شۆڕش، واتە گۆڕینی نیزامی مەوجوود لە بنەڕەتەوە و هێنانە کایەی نیزامێکی تەواو جیاواز. بۆ نموونە، بزووتنەوەی سەوز جۆرە ڕاپەڕینێکی جەماوەری بوو، بەڵام ئامانجی شۆڕش نەبوو، بەڵکوو لابردنی ئەحمەدینیژاد لە پۆستی سەرکۆماری و دانانی موسەوی لە جێگای. هەرگیز خامنەی بە جیدی نەکرد بە ئامانج. بینیمان تەنانەت لەو ئامانجە بەرتەسکەشدا، سەرکەوتوو نەبوو. تێبینێکی دووهەم ئەوەیە کە ئەگەر بێتۆ ڕاپەڕین یان شۆڕش ڕوو بدا، خوێناوی و درێژخایەن دەبێ. بەو پێیە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی سووریە وێڕای لەبەرچاوگرتنی هاوپەیمان و دوژمنە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی ڕێژیم، لە پێشهاتەیەکی وادا، ئەگەری زۆرە ئێران بکەوێتە نێو شەڕێکی نیوخۆیی-نێودەوڵەتی درێژخایەنەوە. حزبوولای لوبنان، حەشدی شەعبی عێراق، ڕێژیمی ئەسەد و ڕەنگبێ تەنانەت ڕووسیەش لە وەها شەڕێکدا پشتی ڕێژیم بگرن، لە کاتێکدا ئەمریکا، ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی کەنداو، لایەنی شۆڕشگێڕان دەگرن. ڕاستە لە ئێراندا زەمینەی شۆڕش لە بارە، بەڵام ئەوەی کە هەیە، ناڕەزایەتییە بە بێ ئیرادەی شۆڕش. هەروەها نە هەڤاڵبەدنی چینایەتی لە ئێراندا هەیە، نە هاوسۆزی و هاوکاری نێوان نەتەوەکان.[۱۱] کۆی ئەمەش وای کردووە کە ئۆپۆزیسیۆنێکی دێموکراتیکی یەکگرتوو لە ئارادا نییە. هەڵبەت مەرج نییە ئەو بارودۆخە تایبەتەی ئێران – واتە لە ئارادابوونی زەمینەی شۆڕش بە بێ ڕوودانی شۆڕش – هەروا بمێنێتەوە. لەم پەیوەندییەدا، کارتێکەری گەمارۆکانی ئەمریکا و پەرەئەستاندنی ناڕەزایەتی جەماوەری دەشێ ئەو بارودۆخە بگۆڕێ. بەڵام بە بێ لە ئارادابوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی دێموکراتیکی یەکگرتوو کە بتوانێ بەدیل بێ بۆ کۆماری ئیسلامی، تەنانەت لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشێکی دیکەش لە ئێراندا، ئەو وڵاتە کۆماری ئیسلامی لە کۆڵ دەبێتەوە، بەڵام مەرج نییە بەرەو ئازادی، سەقامگیری و دێموکراسی بروا. کەوابوو، ئەگەر بێتو شۆڕشێکی دیکە لە ئێراندا ڕوو بدا، دوو جیاوازی لەگەڵ شۆڕشی ۱۹۷۹ دەبێ: یەکەم، بێ ئەملاوئەولا ئێجگار زۆر خوێناوتر دەبێ لەوەی پێشوو؛ دووهەم، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانانەی لە بارودۆخی جێا و سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناویندا پاش ڕووخانی ڕێژیمی بەعس لە عێراق وێڕای بەهاری عەرەبی و هاتنەوەی ڕووسیە بۆ ناوچەکە، شۆڕشێکی دیکە لە ئێران تەبدیل دەبێ

بە شەڕێکی درێژخایەنی نێوخۆیی- نێودەوڵەتی. هەڵبەت سەبارەت بە سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێران بە بەراوەرد لەگەڵ سووریە، دەکرێ بڵێین ئەگەری زۆرترە. هۆیەکەی ئەوەیە کە بە مەرجێ ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتووی دێموکراتیک لە ئارادا بێ، دەتوانن پشتیوانی ئەمریکا مسۆگەر بکا. لە سووریە ئۆپۆزیسیۆن نە یەکگرتوو بوو، نە دێموکراتیک، بۆیە ئەمریکا هەرگیز بە جیددی پشتی نەگرت. پاشان، لەگەڵ ئەوەی رووسیە هێزی نیزامی بەرچاوی هەیە، بەڵام ئابوورییەکی لاوازە. ئەمەش دەتوانێ پارسەنگی هێز لە ئێران بە قازانجی شۆڕشگێران و هاوپەیمانەکانی بشکێنێتەوە.

**هێرش یان دەستێوەردانی دەرەکی و نیزامیکی نوێ**

ئەگەر پێشهاتەی چوارەم ڕوو بدا، ئەوا دەبێ ئەمریکا و هاوپەیمانانی کۆماری ئیسلامی بڕوخێنن. بە پێی ئاکامی لێکۆڵینەوەی دووهەم، پێشهاتەیەکی وا، ئەگەری زۆر کەمە، واتە تەنیا ٥ دەرسەدە. ئەمریکا دوای ڕووخاندنی چەند ڕێژیمێک لە ئەفغانستان، عێراق و لیبی وێڕای لاوازبوونی پێگەی نیودەوڵەتی و نەمانی پشتیوانی نێوخۆیی بۆ سیاسەتی گۆڕینی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان، بەرنامەی وای بۆ ئێران نییە. سەرەڕای سیاسەتی توندی زارەکی ئیدارەی ترامپ و هاتنەدەر لە «بەرجام» و سەپاندنەوەی گەمارۆ بەسەر ئێراندا، ئامانجی ناچارکردنی ئێرانە بە ڕێکەوتنێکی بەرینتر لە «بەرجام»، نەک گۆڕینی ڕێژیم. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەمەی بە ڕوونی ڕاگەیاندووە و کرداری ئەمریکاش هەر ئەوە دەسەلمێنێ.[١٢] کەوابوو، ئەو هێزە دەرەکییەی کە توانای ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەیە، بەو هۆیانەی باسکران، ئامادە نییە تێچووی گۆڕینی ڕێژیم بدا. بەڵام ئەگەر گۆڕان لە سیاسەتی ئەمریکا بەرەو گۆڕینی ڕێژیم ڕوو بدا، بە هۆی ئەوەوە کە ئەمریکا لە هەموو ئەو وڵاتانەی دیکە بەهێزترە کە بیریان لە بژاردەیەکی وا کردبێتەوە، داهاتووی ئێران دەبێ زۆرتر بە ویستی ئەمریکا دیاری بکرێ. بەڵام ئەزموون وەرگرتن لە ڕووخاندنی حکومەتی بەعس لە عێراق دەشێ دەوری هەبێ لە سیاسەتی ئەمریکادا. لە پێشهاتەیەکی وادا، لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بە کەمتر لە هەڵوەشاندنەوەی کۆماری ئیسلامی و تێکشکاندنی سپای پاسداران ڕازی نابن، مەرج نییە ئەمریکا ڕێگا بدا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەرتەشی ئێران. ڕەنگبێ موجاهدینی لێ بەدەر، هیچکام لە گرووپە فارسەکانیش خوازیاری ئەوە نین. مەرجیش نییە ئەمریکا ئەوەندە ئێران لاواز بکا کە پارسەنگی هێز بە تەواوی بە قازانجی سوونە لە ناوچەکەدا بشکێتەوە.

**دواوتە**

لە سیاسەتدا هەمیشە شتی چاوەڕواننەکراو ڕوو دەدەن کە دەبنە هۆی گۆڕانی بنەڕەتی. بۆیە دەبێ وێڕای ئەو پێشهاتەنی باس کران، ئامادە بین بۆ پێشهاتەی چاوەڕواننەکراویش، چ باش بن یان خراپ. ئەوەی کە ئەگەری زۆرە ڕوو بدا، لانیکەم لە کورتمەودا و نێوەمەودادا، لاوازبوونی پتری ئابووری ئێرانە، کە بە نۆرەی خۆی دەتوانێ ناڕەزایەتی جەماوەری بەرینتر و قووڵتر بکاتەوە. بەڵام ئاڵقەی نێوان ناڕەزایەتی و سیاسەتی کردەوەی لە پێناو گۆڕاندا، ڕێکخستنە. تاکوو ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتووی دێموکراتیک لە ئێران نەیەتە کایەوە، گۆڕانی بنەڕەتی لە پێناو داهاتوویەکی باشتر نایەتە دی. مەگەر ئەوەی پێشهاتەی چاوەڕواننەکراو ڕوو بدا.

**سەرچاوەکان**

١ـ دەستەواژەی «سەرەڕۆیی هەڵبژاردنکارانە» لە بەرانبەر electoral authoritarianism دانراوە.
٢ـ دەستەواژەی «سەرەڕۆیی ڕەکابەرانە» لە بەرانبەر competitive authoritarianism دانراوە.
٣ـ دەستەواژەی «سەرەڕۆیی ناڕەکابەرانە» لە بەرانبەر non-competitive authoritarianism دانراوە.

“ئەوەی کە ئەگەری زۆرە ڕوو بدا، لانیکەم لە کورتمەودا و نێوەمەودادا، لاوازبوونی پتری ئابووری ئێرانە، کە بە نۆرەی خۆی دەتوانێ ناڕەزایەتی جەماوەری بەرینتر و قووڵتر بکاتەوە.”

٤ـ بڕوانە:
Andreas Schedler, The Politics of Uncertainty: Sustaining and Subverting Electoral Authoritarianism (Oxford: Oxford University Press, ٢٠١٣), pp. ٣٤٢-٣٤٣.
٥ـ بڕوانە «دیکتاتۆرییەتی هەڵبژێدراو: کەیسی کۆماری ئیسلامی ئێران»، تیشک، ژمارە ٤٤، خەرمانانی ١٣٩٦.
٦ـ بڕوانە:
Milan Svolik, The Politics of Authoritarian Rule (Cambridge: Cambridge University Press, ٢٠١٢), pp. ٤-٥.
٧ـ ئەو لێدوانەی خاتەمی لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
Quoted in Anoushiravan Ehteshami and Mahjoob Zweiri, Iran and the Rise of Its Neoconservatives: The Politics of Tehran's Silent Revolution (London: I.B. Tauris & Co Ltd, ٢٠٠٧), p. ١.
٨ـ بڕوانە:
Naser Ghobadzadeh and Lily Zubaidah Rahim, “Electoral Theocracy and Hybrid Sovereignty in Iran,” Contemporary Politics, Vol. ٢٢, No. ٤ (April ٢٠٠٦), p. ٤٥٥.
٩ـ بڕوانە:
Ali Abdelzadeh and Idris Ahmedi, “Iran” in Carsten Anckar and Thomas Denk (eds.), Komparativ politik: Nio politiska system (Lund: Studentlitteratur, ٢٠١٥).
١٠ـ بڕوانە:
Zaccara, “Elections and Authoritarianism in the Islamic Republic of Iran,” p. ١٦٠.
١١ـ بڕوانە «سێ ڕووداو کە ئێرانیان هێناوەتە سەر لێواری شۆڕش»، کوردستان میدیا، ١٥ پووشپەڕی ٢٧١٨ (http://kurdistanmedia.com/so/news/%D٨%B٣%DB%A٨%DA-E%D٨%AF%DA%٩٥%D٩%٨٨%D٩%٨٨%D٨%AD%D٨-%E%DA%٩٨%A٨%AD%-٩%DB%٩٥B%DB%-%E٨%D٨%B١%D٨%AD%A٧%D٩%٨٦%BD%-٨D%C٧%D٨%A٧%D٩%٨٦%AD%-٩%BD%٨٧%BD%D٨%E٩%٦٨%D٨%A٧%D٩%٨٨%BD%٥٩%D٨%BD%AA%٥٩%D-٨%A٧%D٩%٨٤%BD%D٨%E٩%٨٨%D٨%A٧%D٨%D٧%B١%D٩%٤٨%BD%D٨%E٩%٨٨%D٨%A٧%D٨%D٧%B١%D...).
١٢ـ بڕوانە:
Micahel R. Pompeo, ”Confronting Iran: The Trump Administration's Strategy”, Foreign Affairs, October ١٥, ٢٠١٨.



# ٣ پێویستی داڕشتنی ستراتیژی نەتەوەیی بۆ ڕووخان و دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی

ئەلبورز ڕۆئین تەن

## پێشەکی

دوای خۆپیشاندانە گشتی و بەرفراوانەکانی ساڵی ڕابردوو زیاتر لە هەموو کات ڕووخانی ڕێژیم مسۆگەر دەبینرێت، لە هەمان کاتدا پرسیار لە ئەگەری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و داهاتووی ئەو وڵاتە بەرەو کام ئاراستە دەڕوات زیاتر لە هەموو کاتێك دەبیسترێت. بێگومان بەشێک لە هێزە سیاسییەکان کە دەیانهەوێ لەو داهاتوویەدا ڕۆڵ بگێڕن، داهاتووی ئێران بە گوێرەی ویست و حەزەکانی خۆیان شرۆڤە دەکەن، ناوەندە خەبەری و شیکارییە سیاسییەکانیش زیاتر لە شرۆڤەی داهاتووی ئێران کە لێڵ دیارە، مەترسی خۆیان سەبارەت بە داهاتووی ناڕوون دەخەنە ڕوو، لە لایەن ئەوانەوە نموونەی «لیبی» و «سووریە» زۆر باس دەکرێت یان عێراقی لاواز بە ئەزموونێکی سەرکەوتووی گۆڕینی ڕێژیم نازانن. بۆ ئێمەی کورد بە لەبەرچاو گرتنی ڕابردووی خوێناوی کە هەمانبووە، ئەو داهاتووە زۆر بە بایەخەوە سەیر دەکرێت. ئایا مێژوو دووبارە دەبێتەوە یا ئێمە بە مافەکانمان یان لانیکەم بە بەشێکی مافەکانمان دەگەین.

هەر بۆیە دەبێ وەکوو کورد خاوەن ستراتیژی دیاریکراو بین و وەک ئەکتەری سیاسی بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەو ستراتیژییە هەوڵ بدەین، لەم باسەدا وێڕای خوێندنەوەیەک بۆ ستراتیژی نەتەوەیی شرۆڤەی چۆنییەتی ستراتیژیەکی نەتەوەیی لە بەرانبەر شرۆڤەی گریمانەی ئەگەری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەکەین. گرینگی دانانی ستراتیژی نەتەوەیی بۆ داهاتووی وڵات دەبێتە هۆی ئەوەی بە ئامادەبوونێکی زیاترەوە ڕووبەڕووی ئەگەرەکان ببینەوە، هەتا بتوانین باشتر بە سەر کۆسپەکانی گەیشتن بە ئامانجەکانی گەل، کە گرینگترینیان سەربەستی و ئازادی و سەروەری کورد لە سەر خاکی کوردستانە زاڵ بین.

## ئەگەری ڕووخان و داڕشتنی ستراتیژی نەتەوەیی لە ئێستادا

دوای خۆپیشاندانەکانی ساڵی ڕابردوو و قووڵبوونەوەی، قەیرانە جۆراوجۆرەکان لە ئێراندا ژیانی خەڵکیان هەر ڕۆژ زۆرتر لە جاران ئەستەم کردووە، بێ هیوایی لە چارەسەری ئەو قەیرانانە لە لایەن خەڵکەوە، هەروەها پێگەی ڕێژیم دوای هاتنە دەرەوەی ئامریکا لە بەرجام و دانانی گەمارۆگەلێکی جیاواز ئەو دۆخەی زیاتر ئاڵۆز کردووە، بەو تابلۆیە ئیتر ئەمڕۆ تەنیا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن نین کە باس لە ڕووخانی ڕێژیم دەکەن، بەڵکوو ئەو نیگەرانییە لە گوتاری پارێزەران و لایەنگرانی ڕێژیمیش ڕەنگی داوەتەوە و یەکێک لەو نیگەرانییانە کە لە لایەن حەسەن خومەینی، کوڕەزای دامەزرێنەری ڕێژیمی ئێران درکێندرا، ئەوە بوو کە لە میانەی گوتارێکدا گووتی: «هیچ گارانتییەک نییە کە ئێمە بمێنین»، تەنانەت محەممەد خاتەمی سەرۆک کۆماری پێشوو و ڕێبەری ڕیفۆرمیستەکانیش باس لە بێ هیوایی خەڵک دەکات و دەڵێ: «ئەگەری بێ هیوایی خەڵک هەیە و لەوانەیە لەوەبەدوا دروشمی نا بۆ بناژۆخوازەکان و نا بۆ ڕیفۆرمخوازەکان بڵێنەوە» وێڕای هەستکردن بە مەترسی و نەمانی کۆماری ئیسلامی بەڵام، بەو شێوەیە باسکردنی بۆ ڕای گشتی لە لایەن خەمخۆرانی ڕێژیم، بابەتێکی نوێیە و بەر لە خۆپیشاندانەکانی گشتی ساڵی ڕابردوو وەک تابۆیەک زیاتر دەهاتە بەرچاو کە کەسانی وا لە نێو ڕێژیم ئاوا باسی ئەو مەترسیە بکەن، کارڵ پوپێر فەیلەسۆفی گەورەی سەدەی بیستەم دەڵێ: «ئەگەر چینی ستەمکار باوەڕی بە ڕەساڵەتی خۆی نەمابێت، ڕووخان ڕوودەدات». ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ئەو چینە باش دەزانێ هیچ کام لەو بابەتانەی کە شۆڕشیان بۆ کرد، نەک بەدی نەهاتوون بەڵکوو زۆر خراپتر بوونە، وەک سەردەمی بەر لە ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت کە دیار بوو ئەوەی ڕوویداوە لەگەڵ ئەوەی ئامانج بوو زۆر لێکتر دوورن، ئەو بابەتە نیشان دەدات ئەگەری ڕووخانی ڕیژیم زۆر جیدیترە لەوەی بەدی دەکرێت. لە کاتێکدا هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ڕێژیم ئەو تابلۆیە دەبینن، زۆر بە جیددی لە هەوڵی ئەوەدان کە خۆیان وەک ئاڵتێرناتیڤ نیشان بدەن، لەوانە دوو هێزی موجاهێدین و لایەنگرانی کوڕی پاشای پێشوو کە خاوەن هێزی ڕاگەیاندنی بەهێزترن لەو بوارەدا، زۆر چالاک خۆیان نیشان دەدەن. بە گوێرەی سیاسەتی ئەو دوو هێزە و هێزەکانی دیکەی گوڕەپانی سیاسی ئێرانی لە ئێستادا داهاتوویەکی ڕوون بۆ دێموکرات بوونی ئێران بە نیسبەت مافە ڕەواکانی کورد نابینرێت، بە ڕوانین لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردووش لە سیاسەت و کردەوەکانی زلهێزان لە ناوچەدا دیسان داهاتوویەکی ڕوون نابینرێت، ئەوەی کە بۆ ئەوان گرینگە هەبوونی ئێرانێکی یەکگرتوو، بەڵام لاوازە، چونکە دابەشبوونی ئێران دەبێتە هۆی بەهێز بوونی زلهێزەکانی دیکەی ناوچە، کە لە سیاسەتی ئەواندا جێ نابێتەوە ئەوان بەردەوام هەوڵ دەدەن باڵانسێک هەبێت لە نێوان زلهێزانی ناوچەییدا، هەر بۆیەش لە ١٢ مەرجدا کە مایک پۆمپێئۆ بەر لە دانانی گەمارۆ بۆ سەر ئێران ڕایگەیاند، کە دەبێ جێبەجێ بکرێت، پەیوەندی بە کورتکردنەوەی دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەدا هەیە چونکە ئەگەر ئاوا بەردەوام بێت کە دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەدا زۆر بووە، زۆرتریش دەبێ، ئەو بابەتەش باڵانسی هێزی لە ناوچەکەدا تێک دەدات. لە ڕوانگەی هێزەکانی ئێرانی و سیاسەتی زلهێزاندا، داهاتوویەکی ڕوون بۆ کورد بەدی ناکرێت، کەواتە داهاتووی کورد پەیوەندی بە هێز و پلان و داڕشتنی سیاسەت بۆ داهاتووی خۆی هەیە. ئەو خاڵە زۆر گرینگە بە تایبەتی کە دۆخی باشوور و ڕۆژئاوا لە بەرچاومانە، گرینگی داڕشتنی ستراتیژییەکی دیاریکراو بۆ داهاتوویەک بە سەرنجدان بە ڕەوتی خێرای ڕووداوەکان پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، زۆر زووتر لە هێزەکانی دیکە هەستی بەو پێویستییە کردووە و تەنانەت لە چوارچێوەی ڕاساندا هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە و تەنانەت نرخی زۆریشی بۆ

“ بۆ ئێمەی کورد بە لەبەرچاو گرتنی ڕابردووی خوێناوی کە هەمانبووە، ئەو داهاتووە زۆر بە بایەخەوە سەیر دەکرێت. ئایا مێژوو دووبارە دەبێتەوە یا ئێمە بە مافەکانمان یان لانیکەم بە بەشێکی مافەکانمان دەگەین. ”



داوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کاتی دەستپێکی ئەو پرۆسەیە کەم کەس بە شێوەی ئەمڕۆ باسی لە ڕووخانی ڕێژیم دەکرد، بەڵام وشیاری ئێمە بۆ بووژاندنەوەی شۆڕش لە لایەن حیزب بووە هۆی ئەوەی، کە ئێمە چەند هەنگاوێک لە هێزەکانی دیکە لە پێش بین، تەنانەت وشیاری زیاتری خەڵکی کوردستان لە ئەمڕۆدا زیاتر لە شوێنەکانی دیکە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی ڕاسان لە چەند ساڵی ڕابردوودا. بەڵام حیزب ئەمە بە بابەتی یەکلای کەرەوە نازانێت، بەڵکوو هەر وەکوو لە وتاری دوایین سمیناری تەشکیلاتی لێپرسراوی گشتی بە ڕوونی ئاماژەی پێدا، کە حیزب هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکان و بەهێزکردنی ناوەندی هاوکاری هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ئەرکی خەباتی حیزب لە ئێستادا دەستنیشان دەکات. ئەم ئاماژە پێدانەش هەر وەک هەنگاوەکانی پێشووی حیزب کە لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی شانزدە وەک سیاسەتی حیزب دەستنیشان کردووە، واتە هەوڵدان بۆ هاوخەباتی لەگەڵ هێزەکانی دیکە بە

> “ لێپرسراوی گشتی بە ڕوونی ئاماژەی پێدا، کە حیزب هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکان و بەهێزکردنی ناوەندی هاوکاری هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ئەرکی خەباتی حیزب لە ئێستادا دەستنیشان دەکات ”

سیاسەتی درووستی حیزب وەک بنەمای داڕشتنی ستراتیژی نەتەوەیی لە بەرانبەر ڕووداوەکان و ئەگەرەکانی داهاتووی ئێران دەزانین. بێگومان سەرکەوتن لەو بوارەدا سینگفراوانی و هەستکردن بە بەرپرسیارەتی هەموو لایەکی پێویستە، بەڵام لە هەر بارودۆخێکدا وەک سیاسەتی نەتەوەیی حیزب لە بەر هەستکردنی بە بەرپرسیارەتی لە بەرانبەر گەل و نیشتمان ڕەچاو دەکرێت و هەوڵی بۆ دەدرێت.

## ستراتیژی نەتەوەیی

«وشەی ستراتیژ لە وشەی یۆنانی Strategos بە مانای هونەری فەرماندەیی، یا ئیدارەی شەڕ، یا پلاندانان بۆ شەڕ هاتووە» ١. ئەگەر ئامانجی فەرماندەیی یا شەڕ سەرکەوتن بێت، ستراتیژی ئەو بەرنامە یا پلانەیە کە دادەنرێت بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێت. لە سەردەمی ئێستادا دەتوانین ستراتیژی وەک ئەو بەرنامەیە پێناسە بکەین کە بۆ گەیشتن بە ئامانج دیاری دەکرێت.

«بە گوێرەی بۆچوونی بەشێک لە هزرمەندانی ستراتیژی نەتەوەیی بە کارهێنانی هەموو تواناکانی کۆمەڵگایەک بۆ دابینکردنی ئامانجی نەتەوەیی بە پێویست دەزانن»
٢. بێگومان بۆ دیاریکردنی ئامانجی نەتەوەیی دەکرێ ڕوانگەی جیاواز هەبێت و هەر لایەنێکی سیاسی بە جۆرێک ئەو ئامانجانە دیاری بکات، بەڵام لە هەمانکاتدا بەشێکی بەرچاوی ئەو ئامانجانە بۆ هێزی سیاسی کورد لە داهاتووی ڕۆژهەڵات هاوبەشن بۆ نمونە لە بەرنامە و پێڕەوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەسندکراوی کۆنگرەی شانزدەدا هاتووە « بۆ نەتەوەی کورد، گرنگ ئەوەیە لە سەر خاکی خۆی سەروەر بێت. دابینکردنی ئاسایشی نێوخۆیی کوردستان، سیاسەتی پەروەردە، سیاسەتی کەلتووری، کۆمەڵایەتی و کاروباری نێوخۆیی کوردستان، دەبێ لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت.»
وێدەچێت بەشێکی زۆری لایەنەکان جا هەر شێوازێك بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵات بە باش بزانن ئەو ناوەڕۆکەی سەرەوە ڕەد ناکەنەوە. بۆ دابینبوونی ئەو سەروەرییە لە ڕۆژهەڵاتی دوای نەمانی کۆماری ئیسلامی پێویستی بە یەکڕیزی یا هەماهەنگی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردی هەیە. ئەو یەکڕیزی و هەماهەنگییە، دەکرێ پێویستی بە پلاتفۆرم و بەرنامەیەکی کاری بۆ ئەو پلاتفۆرمە، هەروەها دانانی ستراتیژییەکی نەتەوەیی بۆ ئەو پلاتفۆرمە و هەوڵدان بۆ جێبەجیکردنی لە لایەن هەموویانەوە هەیە. دروستبوونی ناوەندی هاوکاری هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران و کار و چالاکییەکانی دەتوانێ بە هەنگاوێکی گرنگ لەو ڕاستایەدا هەژمار بکرێت.

### چۆنییەتی و چییەتی دانانی ستراتیژی نەتەوەیی

پێکهاتن لە سەر خاڵە هاوبەشەکان و دیتنەوەی میکانیزمی هاوبەش بۆ ئامانجی هاوبەش دەکرێ بە سەرەتای دروستبوونی ئەو ستراتیژە ناو ببەین. بۆ ئەو مەبەستەش ناوەند یا پلاتفۆرمێکی دیاریکراو پێویستە کە ناوەندی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی حیزب دەتوانێ ئەو پێگەیە بێت، واتە وەک خاڵی سەرەتایی پێویستی ئەو بابەتە دابینکراوە تەنانەت ئەگەر ئەو ناوەندە لە ئاست چاوەڕوانی هەموو لایەکیش نەبێت بەڵام هەبوونی بەهەنگاوێکی باش و پێویست دەزانم.
قۆناغی دووەم دانانی میکانیزم پێویست بۆ کار کردنە لەو ناوەندەدا کە بتوانێ ئەو بابەتەش بە پەسەندکردنی پرەنسیپی کار و تێکۆشان هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە دەکرێ بەردەوام دەوڵەمەند بکرێت، هەنگاوی دواتر پێویستیەکانی ڕۆژهەڵات دێت کە بەرنامە و پلانی بۆ دابنرێت کە یەکێک لەوانە دانانی ستراتیژی بۆ داهاتووی کوردستان و ئێرانە.
سەرەکیترین خاڵی ئەو ستراتیژەش داڕێشتنی ویستەکانی کورد لە سەر ئامانجە هاوبەشەکانی هێزەکانە دواتر کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە، کە یەکێک لەوانە کار بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ هێز و لایەنەکانی سیاسی بۆ قۆناغی ڕووخان و قۆناغی ئینتقالی دوای ڕووخانە. نێوەڕۆکی ئەو ستراتیژە دەبێ چەند لایەن لە خۆ بگرێت یەکەمیان ویستی کورد وەک مافی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لە بەر چاوگرتنی مێژوو ڕابردوو و خەباتی نەتەوەیمانە و کار کردن بۆ دووبارەنەبوونەوەی مێژووی سەرکووتە. دووهەم لە بەرچاو گرتنی ڕاستیەکانی سیاسەتی ناوچە و توانای هێزی خۆت و خوێندنەوەیەکی ورد بۆ سیاسەتی ناوچەیی، جیهانیی لە ناوچەدا بۆ ئەوەی بتوانی جێبەجێکردنی بە کردەوەی مومکین بێت.
پێشبینی کردنی داهاتوو لە ڕووی خراپترین گریمانەکان بۆ ئەوەی ئامادەیی پێویست بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕووداوەکان هەبێت. دانانی میکانیزمی پەیوەست بۆ پەیڕەوکردنی ئەو ستراتیژە لە لایەن هەمووانە بە شێوەیەکی هەماهەنگ و یەکدەنگ. دانانی هەر ستراتیژێکی باش بە فاکتەری کۆتایی نازانرێت بەڵکوو هەبوونی هێز بۆ جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژەش پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە هەر بۆیەش ڕیگەکانی بەهێزکردنی بزاڤەکەمان دەبێ بگرینەبەر، بەهێزترین هێزیش بۆ سەرخستنی بزاڤێکی وەها پشتگیری کۆمەڵانی خەڵکە هەربۆیەش بە جەماوەریکردنی خەبات لە بنەماییترین ئەرکی شۆڕشە وەک ئەوەی کە لە ڕاساندا هاتووە واتە تێزی ڕاسان دەتوانی بۆ سەرخستنی ستراتیژێکی نەتەوەی بە سود و پێویست بێت بە جۆرێک ئەرکی شۆڕش بە سەر هەمواندا دابەش بکات.


> هەربۆیەش بە جەماوەریکردنی خەبات لە بنەماییترین ئەرکی شۆڕشە وەک ئەوەی کە لە ڕاساندا هاتووە واتە تێزی ڕاسان دەتوانی بۆ سەرخستنی ستراتیژێکی نەتەوەی بە سود و پێویست بێت بە جۆرێک ئەرکی شۆڕش بە سەر هەمواندا دابەش بکات.

### کۆبەند

دوای ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو و دۆخی کۆماری ئیسلامی، ڕووخانی ڕێژیم زیاتر لە هەموو کاتێک هەست پێدەکرێت هەربۆیەش پێویستی بە ئامادەبوونمان دەکرێت، یەکێک لە بنەماترین هەنگاوەکانی ئامادەبوونمان دانای ستراتیژێکی نەتەوەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خراپترین ئەگەرەکانە، ناوەندی هاوکاری حیزبە سیاسیەکان دەتوانێ پێگەیەکی باش بۆ ئەو مەبەستە بێت ،خاڵێکی دیکە دەبێ ئەو ستراتیژە لەگەڵ ڕاستیەکانی سیاسەت و هێز هاوتەریب بێت بۆ ئەوەی گریمانەی بە کردەوە بوونی بە هێز بێ، هەروەها بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ستراتیژە فاکتەری هێز لە بیر نەکەین و لە نێوانەدا دەتوانین ڕاسان بە ئەزمونێکی سەرکەوتوو بۆ بەهێزی بزاڤەکەمان بزانین. لە هەمووی گرینگتر وەک خاڵی جەوهەری لە کۆتاییدا دەڵێم دانانی ستراتیژێکی دیاریکراو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی خراپترین گریمانە و کارکردن بۆ ئامادەیمان گرنگترە لە پێشبینی داهاتوویەک کە کاری بۆ نەکەین یا خۆمان بە ڕووداوەکان بسپێرین.

### ژێدەرەکان


١ـ جایگاه امنیت در استراتژی ملی
امیر حسین علینقی
٢ـ هەمان سەرچاوە



٤

# فێدرالیزمی نەتەوەیی

نووسین: نیشتمان

وەرگێڕان لە فارسیەوە: شەماڵ تەرغیبی


## پێشەکی

وڵاتی ئێران خاوەنی هەلومەرجێکی تایبەتی جوغرافیایی، هەرێمی، ئاووهەوایی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئابووری و سەرچاوەی ژێرزەوینییە کە بەهۆیەوە هەست بە پێویستیی سازماندانێکی درووست بۆ سیستمی حوکمڕانی بۆ داهاتوو، بەمەبەستی کەڵکوەرگرتن لە لانیزۆری سەرچاوەکانی و هاتنەدی مافی نەتەوە و قەومەکان تێیدا دەکرێ. ئەم تێڕوانینە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ئێران لەبەرامبەر دێموکراسی و فێدراڵیزم ڕابوەستێ تووشی جیابوونەوە و پارچەپارچەیی دەبێ؛ هەروەها پانتایی بەربڵاو و کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندەکەیدا مەترسیدار و زیاتر لە ئاستە نەتەوەییەکەیەتی کە بووەتە هۆی ئەوەیکە فێدراڵیزم ببێتە باسی ڕۆژەڤی پێوەندیدار بە حکوومەتی داهاتووی ئێران بێت کە لە باس و خواست و نووسینی هزرڤانان و چالاکانی ئەم بوارە گرینگییە بێئەملاوئەولاکەی زیاتر دەردەکەوێ. ئەمە لە حاڵێکدایە کە واوێدەچێ دێموکراسی ڕەها ناتوانێ نوێنەرایەتی هەموو تاقم و گرووپەکانی ژێرچەتری خۆی بکات؛ چوونکە ڕەنگە حکوومەتی زۆرینە بۆ هەمیشە کەمینەکان لە پێکهاتەی دەسەڵات بکێشێتە دەرەوە و وەک شارۆمەندی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. ئیزن نەدان بە گرووپە نەتەوەییەکان بۆ بەشداری لە پرۆسەی بڕیاردان زۆرجار بووەتە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوە جیاییخوازانەکان لەنێو ئەم گرووپانەدا و ئەوان خوازیاری وەدیهاتنی داواکارییە بەرحەقەکانیان بوون. لە وەها هەلومەرجێکدایە کە دەوڵەتێک ناچارە درک بە بوونی کەمینە قەومییەکان و نەتەوەکان بکات کە لەبواری هێز و دەسەڵاتەوە ناسەقامگیر، لەپەراوێزخراو و نائەمنن. لەم پێوەندییەدا فێدراڵیزم ڕۆڵێکی گرینگ لە بەهێزکردنی دێموکراسی بە جێگیرکردنی پرسی دوورکەوتنەوە لە ناوەند یان دێسەنتراڵیزم و پاراستنی سەربەخۆیی دەوڵەتە ناوچەیی و لۆکاڵییەکان و دانی نوێنەرایەتییەکی گونجاوتر بە نەتەوە و کەمینە نەتەوەییەکان دەدات. فێدراڵیزم دەتوانێ وڵاتێکی فرەنەتەوە بە هۆی دێموکراسی و ڕێکخستنەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فرەنەتەوەدا بپارێزێ و دەسڕۆیشتوویی نەتەوەکان بۆ پرسگەلی وەک نیگەرانییە ناوچەییەکان، ئەمنیەتی کەڵکوەرگرتن لە زمان، کەلتوور، مەزهەب و مافی ناڕەزایەتی دەربڕین لەهەمبەر زۆرینە، دابین بکات.

## سیستمە فێدراڵەکان

چەمکی فێدراڵیزم لە وشەی «Foedus» و «Foederis» وەرگیراوە و بەواتای یەکیەتیی و هاوکارییەک دێت بۆ دەسپێراگەیشتن بە کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەش کە بەهۆی پرس و تایبەتمەندییەکانییەوە دەتوانێ وەک خۆی بە سەربەخۆییش چالاک بێت. کاتێک باس لە فێدراڵیزم وەکوو ئایدیایەکی سیاسی دەکەین، دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت کە ئەم ئایدیا وەک دەزگا یان ڕێکخراوێکی دەوڵەتی بەئەژمار دێت. لە هەرێمێکی فێدراڵدا، جگە لە توخمەکانی فێدراڵ، توخمە یەکانەکانیش دەتوانن بناغەیەک بۆخۆیان بدۆزنەوە لە حاڵێکدا فێدراڵیزم دەتوانێ هێنانەدی ئەو توخمانە نەتەنیا لە هەرێمێکی فێدراڵ بەڵکوو لە تەواوی جۆر و شێوازە چەندلایەنەکان لە ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان، بەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ حاکمبوونی هەرێمەکان ڕێک بخات. فێدراڵیزم زیاتر پێوەندی بە ئەسڵی دژبەیەکبوونەوە هەیە و لە ڕوانگەی پرۆدۆنەوە نەزمی سیاسی لەسەر بنەمای دوو ئەسڵ یان کۆڵەکەی دژبەیەکی ئازادی و دەسەڵات یان هێز قایم کراوە و فێدراڵیزم نرخێکی زیاتر بە ئازادی دەدات. بە دیوێکی تریدا فێدراڵیزم چەشنێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتییە کە لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە شێوازی پێکهاتەی بچووکتر و گەورەتر تا گەورەترین یەکگرتوویە کە ئەسڵی یەکەم و سەرەکییەکەی دێموکراسییە. فێدراڵیزم چەندین جۆر و چەشنی هەیە کە هەر کامەیان لە شوێنی خۆیاندا یاسا و سەڵاحیەتگەلێک دەخەنە بەردەم وڵاتانی وەرگر. لەگەڵ ئەوەشدا، پێکهاتەی درووستی سیستمە جۆراوجۆرە فێدراڵەکان زۆر جیاوازن. هەندێک لە فێدراسیۆنەکان خاوەنی دەوڵەتێکی ناوەندین کە هەموو وڵات ڕێک دەخات، لەحاڵێکدا ئەوانی تر دەسەڵاتێکی زیاتر بە پارێزگا یان هەرێمە جیاوازەکان دەدەن. لە هەندێک لە فێدڕاسیۆنەکاندا جیاوازی ئاشکرا لە نێو دەسەڵاتە یاساییەکانی نیهادە جۆراوجۆرەکان بوونیان هەیە بەڵام لە هەندێک فێدراسیۆندا دەسەڵاتەکان یەکتر دادەپۆشن. سیستمە فێدراڵەکان زیاتر لەلایەن کۆنگرەیەکەوە ئیدارە دەکرێن، لەگەڵ سەرکۆمار، یەک مەجلیس و سەرۆکوەزیریەک. سەرجەم سیستمە فێدراڵەکان خاوەنی دەوڵەتێکی ناوەندی، یاسایەکی بنەڕەتی و سیستمێکی دادوەرین کە دەبێ بۆ چارەسەری هەرچەشنە ناکۆکییەک وڵامدەر بن. یاسای بنەڕەتی وەکوو ڕێنوێنیکارێکە کە دامەزراوە جۆراوجۆرەکان بۆ تاوتوێ کردنی پرسەکانیان کەڵکی لێوەردەگرن. جێبەجێکردن و شرۆڤەی یاساکان تا ئەو کاتەی کە یاسای بنەڕەتی پێشێل ناکەن خاوەنی توانایی و دەسەڵاتن. دەوڵەتی فێدراڵ سیاسەتە دەرەکییەکەی بە دەسەڵاتی تایبەتی خۆی، بۆ بەستنی پەیماننامە، ڕاگەیاندنی شەڕ و کۆنترۆڵی هاوردە و هەناردەکردن دیاری دەکات. دەوڵەتی فێدراڵ تەنیا بۆی هەیە دراو چاپ بکات. فێدراڵیزمی سیاسی سیستمێکی حکوومەتییە کە ئامانجەکەی پەیوەست بوون بە سەربەخۆیی زۆرینەی یەکگرتوویی سیاسی بە تێهەڵکێشکردنی لەگەڵ یەکگرتوویەکی سەرووتره. لە ئاکامدا فێدراڵیزم، ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان و سنوور و فەزایەکی کەسۆکییە کە لە قەوارەیەکی گشتیدا جێ دەگرێ. فێدراڵیزم هیچکات ئایدیۆلۆژییەکی مۆدێرنی داڕێژراو بۆ خودموختاری یان دابەشکاری و سەربەخۆیی نەبووە و ناتوانێ لە دابەشکردن یان جیاییخوازی نیزیک ببێتەوە. بەسەرنجدان بەم ڕاستییە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت کە مەیل بۆ سازکردن، دامەزراندن، قازانجەکان یان ڕووداوەکان، بیری جوودابوونەوە بوونی هەبێ، ئەو کاتە نابێ بیر لە فێدراڵی بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەلومەرجی هەنووکەیی باس لە نەبوونی ئیمکان و بڕیاری پێویست لەمەڕ ڕاگەیاندنی

> هەندێک لە فێدراسیۆنەکان خاوەنی دەوڵەتێکی ناوەندین کە هەموو وڵات ڕێک دەخات، لەحاڵێکدا ئەوانی تر دەسەڵاتێکی زیاتر بە پارێزگا یان هەرێمە جیاوازەکان دەدەن



سەربەخۆیی و جیابوونەوەی نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئێران و لە سەرووی هەمووان گەلی کوردە و بەم پێیەش سەرەڕای خواستی زۆرینەی خەڵک و لەڕووی ناچارییەوە، دەبێ شکڵێک لە حکوومەت – فێدراڵیزم – لە داهاتووی ئەم وڵاتە قبووڵ بکرێت کە لە تەنیشت پشتیوانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بتوانرێت بەرژەوەندی و مافە بنچینەییەکانی خەڵک دەستەبەر بکرێت.

**سیستمی فێدراڵی پێشنیارکراو**
**فێدراڵیزمی نەتەوەیی**

ئێران هەر لە کۆنەوە وڵاتێکی فرەنەتەوە بە حەشیمەتێکی زۆر بووە کە شەش نەتەوەی گەورە و چەندین کەمینەی تر لەخۆ دەگرێ کە هەموو ئەم نەتەوانە خاوەن نیشتمان، زمان، کلتوور، حەشیمەت و تایبەتمەندی تایبەت بەخۆیانن و تا ئێستە هیچ کام لەم نەتەوانە – جیا لە هەندێ نموونەی کەم – لەم وڵاتەدا دێموکراسییان ئەزموون نەکردووە. بەسەرنجدان بە فێدراڵیزمی قەومی (نەتەوەیی) ، سەرباشقەکانی نیشتەجێیی، شوناس، زمان و ڕەزامەندی خەڵک بۆ پێکهێنانی حکوومەتە نوێیەکان بنەمایەکی سەرەکییە. لەم جۆرە سیستمانەدا دەسەڵاتی سیاسی و لێکەوتەکانی لەنێوان لێپرسراوانی ناوەند و هەرێم بە ئامانجی ڕاگرتنی دەرەجەیەک لە خودموختاری و یەکپارچەیی کۆمەڵگای فرەچەشن دابەش کراوە.

بەم پێیە ئامانجەکەی ڕاگرتنی هاوسەنگییەکە کە تێیدا دەوڵەتی ناوەندی ناتوانێ بڕیاراتی پێویست سەبارەت بە یەکە ناوچەییەکان پەسند بکات و کاتێک یەکەکان پێکەوە جیاواز بن و پشکێک لە دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، گرفتەکان بە

> «سەرەڕای ئەمەش فێدراڵیزمی نەتەوەیی شتێکە لە چوارچێوەی «مافی دیاریکردنی چارەنووس» کە زیاتر لە کۆنفێدراسیۆندا بوونی هەیە نەک لە فێدراڵیزمی ڕەها. لە فێدراڵیزمی نەتەوەییدا دەبێ باس لە نەتەوە بکرێت»

ڕەزامەندی چارەسەر دەبن. فێدراڵیزمی قەومی (نەتەوەیی) سیستمێکی فێدراڵی دەوڵەتێکی نەتەوەییە کە تێیدا یەکە فێدراڵەکان بە سەرنجدان بە قەومییەت (نەتەوەیی) پێناسە دەکرێن. لە بنەڕەتدا قەومیەت سەبارەت بە شوناسی بەکۆمەڵ و بەستراوەیی بە گرووپێکی تایبەتی زمانناسی، فەرهەنگی یان قەومییە کە زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ گرووپێکی بەهێز یان زاڵ لە کۆمەڵگای فرەنەتەوە دەخرێتە ڕوو. بەم پێیە، کۆمەڵێک لە پێوەندییەکان هەن کە بەستراوەییە سەرەتاییەکان و نێوەڕۆکی فەرهەنگییان، هەستی ئەمنیەت لەبەرامبەر هەڵسوکەوتە ڕاستەقینەکان یان شێوازی بیرکردنەوەکان ڕادەگرێ. فێدراڵیزمی نەتەوەیی زیاتر بە ڕێژیمی زێناوی (Zenawi) لە دەیەی ١٩٩٠ لە ئێتیۆپی دەناسرێتەوە. تایبەتمەندییەکانی فێدراڵیزمی نەتەوەییش لە وڵاتانێکی وەک نێپاڵ، سوودانی باشوور، پاکستان، هێند، کانادا، سپانیا و یوگووسلاوی پێشوو خۆیان نیشان داوە. ئەمجۆرە سیستمە حکوومەتییە لەو وڵاتانەدا لە هەوڵدان بۆ خۆڕێکخستن لەگەڵ ویست و داواکارییە خودموختارانە ناوچەییەکان و کۆنترۆڵی ئاڵۆزییەکان لەنێوان قەومەکانی هەرێمێکی دیاریکراو. سەرەڕای ئەمەش فێدراڵیزمی نەتەوەیی شتێکە لە چوارچێوەی «مافی دیاریکردنی چارەنووس» کە زیاتر لە کۆنفێدراسیۆندا بوونی هەیە نەک لە فێدراڵیزمی ڕەها. لە فێدراڵیزمی



نەتەوەییدا دەبێ باس لە نەتەوە بکرێت نەک قەوم و هەروەها «یەکیەتیی ئازادانە»ی ئەم نەتەوانە دەبێ ڕەوا و ڕێگە پێدراو بێت.

## فێدراڵیزمی نەتەوەیی لە ئێران

### دەوڵەتی فێدراڵ

دەوڵەتی داهاتووی ئێران دەوڵەتێکی فێدراڵ، سێکولار و دێموکراتیک و هەروەها پێبەند بە بنەماکانی مافی مرۆڤە کە سەروەری تێیدا بەبێمەرج بۆ هاووڵاتییانە کە ئیرادەی سیاسی خۆیان لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و فێدراڵ و هەرێمیی دەخەنە کایەوە. دەوڵەتی فێدراڵ (ناوەندی) بەرپرسیارە لە کاروباری نەتەوەیی، گرینگ و هاوبەشی نێوان حکوومەتە هەرێمییەکان. ئەم دامەزراوە خاوەنی کۆمەڵێک دەسەڵاتی پێناسەکراو و ئاشکرای تایبەتە کە بریتین لەو دەسەڵاتانەی کە لە یاسای بنەڕەتیدا ئاماژەیان پێکراوە وەک نموونە: مافی ڕاگەیاندنی شەڕ، مافی چاپی دراو و ڕێکخستنی بازرگانی نێوهەرێمەکان و دەرەوەی وڵات. هەروەها ماددەیەکی ناسراو بە «ماددەی پێویست و گونجاو» لە یاسای بنەڕەتیدا بوونی هەیە کە ئەو دەسەڵاتە بە دەوڵەتی ناوەندی دەدات کە هەر یاسایەک بۆ جێبەجێکردنی دەسەڵاتە دیاریکراوەکانی بە پێویست و گونجاو زانی پەسندی بکات. هەروها دیاریکردن، بەدواداچوون، جێبەجێکردن یان گۆڕین لە سیاسەتی دەرەکی، پێوەندی لەگەڵ باقی وڵاتان و واژۆی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان لە چوارچێوەی ئەرکەکانی

> ❝ لە بواری کردەوەدا بەرزترین پێگە لە دەوڵەتی ناوەندی کە بەرپرسی پاراستنی یاسای بنەڕەتی، ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییان و جێبەجێکردنی کاروبارەکان لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتییە و هەروەها هێزی سەرەکی جێبەجێکاری وڵاتی لە ئەستۆیە سەرۆکوەزیرانە ❞

دەوڵەتی فێدراڵە. لەم سیستەمەدا سەرکۆمار یان سەرۆکی دەوڵەت پێگەیەکی «تشریفاتی» یان خاوەن دەسەڵاتێکی سنووردارە کە دەکرێ وەک پێگەی پادشا لە سیستەمی پاشایەتی مەشرووتە بشوبهێندرێ. لە بواری کردەوەدا بەرزترین پێگە لە دەوڵەتی ناوەندی کە بەرپرسی پاراستنی یاسای بنەڕەتی، ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییان و جێبەجێکردنی کاروبارەکان لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتییە و هەروەها هێزی سەرەکی جێبەجێکاری وڵاتی لە ئەستۆیە سەرۆکوەزیرانە. لەم سیستەمەدا بەرپرسایەتی هێزی دادوەری دەوڵەتی فێدراڵ لە ئەستۆی دادگایە کە لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی حوکم دەدات. سەرباری ئەوەش زۆربەی بەرپرسایەتییە دەوڵەتییەکان لەلایەن دەوڵەتی فێدراڵ و هەرێمە فێدراڵەکان هاوبەشە و ئەمە یاساکانی پێوەندیدار بە وەرگرتن و دانی ماڵیات، بڕیارە بازرگانییەکان، پارێزگاری کردن لە ژینگە، ڕاگرتن و پاراستنی دادگاکان، توانایی سازکردن و پاراستنی جادەکان، مافە مەدەنییەکان و .... لەخۆدەگرێ. لە سیستمی ئیداری ناوەندیدا (فێدراڵ)، تێهەڵکێشکردنی بژاردەی نەتەوەکان لە تەواوی ئاستەکاندا دەبێ ئەنجام بدرێت.

**پارلمانی فێدراڵ**

لە سیستمی فێدراڵی نەتەوەییدا پارلمانی فێدراڵ بەرزترین کۆڵەکەی یاسادانەر لە وڵاتە کە نوێنەرەکانی بە پێشنیاری حیزبە جۆراوجۆرەکان بۆ ماوەی ٤ ساڵ و بە دەنگی ڕاستەوخۆ و نهێنی هاووڵاتییان هەڵدەبژێردرێن کە سەرۆکایەتی و ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەرییەکەی لەلایەن نوێنەرانی پارلمانەوە هەڵبژێردراون. پارلمان ئەرکی هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیران و دانی تەئیدیە یان ڕەدکردنەوەی سەلاحییەتی کابینەی فێدراڵ و هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆک و هەیئەتی بەڕێوەبەری پارلمانی لە ئەستۆیە. تاوتوێ کردن و پێداچوونەوە بە یاساکان، پەسندکردنی یاسا پێوەندیدارەکان بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن، ئەمنیەتی سنوورەکانی وڵات و ... بەشێکی دیکەن لە دەسەڵاتەکانی پارلمانی فێدراڵ.

**ئەرک و دەسەڵاتەکانی حکوومەتە هەرێمییەکان**

لە سیستمی فێدراڵی نەتەوەییدا، بەشێک یان تەواوی یەکە فێدراڵەکان تا ئەو جێگەی کە بلوێ بە ڕەچاوکردنی ئەسڵی سەربەخۆیی لە هەوڵی پاراستنی سنوورەکاندا دەبن. بنەمای ئەم سیستمە بریتی دەبێت لە نەتەوە و جۆغرافیایەکی تایبەتی هەر کام لە ناوچە و هەرێمەکان کە هەر کام لە نەتەوەکان لە سنوورێکی جۆغرافیایی تایبەتدان و نەتەنیا جیاوازییە نەتەوەیی و زمانییەکان بە فەرمی دەناسرێت بەڵکوو ئەم جیاوازییانە لە ئیدیۆلۆژی و بنەماکانی کاری هەر کام لە هەرێمەکان لەبەرچاو دەگیرێن؛ هەروەها سنوورە فێدراڵەکان پیرەوی لە ئۆلگووەکانی نیشتەجێبوونی گرووپە نەتەوەییەکان دەکەن. بەم‌پێیە دەتوانین بڵێین لە سیستمی فێدراڵی نەتەوەیی ئێراندا بە لەبەرچاوگرتنی هەبوونی نەتەوەی جیاواز، شەش هەرێم پێکدێن کە هەر کام لەم نەتەوانە لە چوارچێوەی یاساکانیان خاوەن زمانی فەرمی، فەرهەنگ، ئاڵا، سروودی نەتەوەیی و تایبەتمەندییەکانی تایبەت بە خۆیانن و هەر کام لە کەمینەکانی نیشتەجێ لەم هەرێمانە بەپێی یاسای بنەڕەتی مافە تایبەتەکانیان وەک کەمینەیەک پارێزراوە. هەر هەرێمێک پێکهاتووە لە چەند پارێزگا کە بۆخۆی بریتییە لە چەندین شار و گوندی جۆراوجۆر و هەر کام لەوانیش خاوەنی لقی ئیجرایی، ڕێگەپێدراویی یاسایی و لقی قەزایین و ئیجرا و شرۆڤەی یاساکان تا ئەو کاتەی کە یاسای بنەڕەتی پێشێل ناکەن، دەسەڵاتیان هەیە.

حکوومەتە لۆکاڵییەکان، بریتین لەو حکوومەتە گشتییانە کە خاوەن دەسەڵاتی بەرزی سیاسین و بەهۆی یاسا گشتییەکان یان یاسا تایبەتییەکانەوە پێک دێن تاکوو خزمەتگوزارییە پێویستەکان لە سنوورێکی دیاریکراوی جۆغرافیایی بۆ خەڵک دابین بکەن. بەرزترین پێگەی جێبەجێکار لە هەر هەرێمێکدا سەرۆکوەزیرانە کە بە دەنگی زۆرینەی نوێنەرانی پارلمانی هەرێمەکان دیاری دەکرێت و بەرپرسی پێکهێنانی کابینەی هەرێمە. بەشێک لە ئەرک و دەسەڵاتەکانی سەرۆکوەزیران بریتین لە: جێخستنی ئەمنیەتی نێوخۆیی، ڕێکخەری پێوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتی فێدراڵ، ڕێکخەری پێوەندییە بازرگانییە نێونەتەوەییەکان، نێوخۆییەکان و لەگەڵ هەرێمەکانی دیکە، دەرکردنی بڕیار و بەستنی قەراردادی نێونەتەوەیی و نێوخۆیی، هەڵبژاردنی پارێزگار بۆ هەر کام لە پارێزگاکان و.... .

**پارلمانی هەرێم**

لە سیستمی فێدراڵی نەتەوەیی، پارلمانی هەرێم بەرزترین کۆڵەکەی یاسادانانی حکومەتی هەرێم و حکومەتە ناوچەییەکانە کە نوێنەرەکانیان بە پێشنیاری حیزبە جۆراوجۆرەکان بۆ ماوەی ٤ ساڵ و بە دەنگی ڕاستەوخۆ و نهێنی هاووڵاتییان هەڵدەبژێردرێن کە سەرۆکایەتی و ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەرییەکەی لەلایەن نوێنەرانی پارلمانەوە هەڵدەبژێردرێن و ڕێژەی نوێنەر

> هیچ دامەزراوە و نیهادێکی دەوڵەتی، گشتی و تاکەکەسی ناتوانێت و بۆی نییە کە تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆی بیرکردنەوە و باوەڕێکی تایبەت سنووردار بکات یان لێپرسینەوە لێ بکات.

بەربڵاوییەکەیان لە ئاستی هەر هەرێمێک بەلەبەرچاوگرتنی حەشیمەت و جۆری دابەشکاری بازنەکانی هەڵبژاردن دیاری دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی نوێنەرەکان و سەرۆکی پارلمان لە هەر هەرێمێکدا بە سەرنجدان بە جێگەی حیزب یان حیزبەکانی زۆرینە دیاری دەکرێت. پارلمانی هەرێم بەرزترین ناوەندی یاسادانان لە بیاڤی ئەرک و سەلاحیەتەکانی دەوڵەتە هەرێمییەکانە و دەسەڵاتی پەسندکردنی یاساکان لە پرسە پێوەندیدارەکان بە یاسا مەدەنی، کەیفەری، عەرزی، جێبەجێکردنی حوکمە قەزاییەکان و دادرەسی، یاساکانی پیوەندیدار بە کاروباری کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتی دامەزراندن و سازکردنی قوتابخانەکان، دەسەڵاتی پۆلیسی هەرێمی و ... هەیە. هەروەها ئەرکی تەئید یان ڕەدی وەزیرە پێشنیارییەکانی سەرۆکوەزیران لە ئەستۆی پارلمانی هەرێمە.

**سیستمی دادوەری**

هەر کام لە هەرێمەکانیش بۆخۆیان خاوەن مۆڵەتی یاسایی، لقی ئیجرایی و دادوەری تایبەت بە خۆیانن و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و شرۆڤەی یاساکانیان تا ئەو کاتەی کە یاسای بنەڕەتی پێشێل ناکەن، هەیە. لەم سیستمەدا، بەرپرسایەتی دەزگای دادوەری دەوڵەتی فێدراڵ لە ئەستۆی دادگایە کە لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی حوکم دەدات. دادگا هەرێمییەکان بەپێی یاسای بنەڕەتی، ناوەندی تاوتوێکردن و بەدواداچوونی هەموو سکاڵا قەزاییەکانیان لە هەر کام لە هەرێمەکانن. بەلەبەرچاوگرتنی یاسای بنەڕەتی فێدراڵ وەکوو ناوەندی باڵا لە تەواوی ئاستەکانی ئەم سیستمە، هەموو فێدراسیۆنەکان خاوەن مافی لێکدانەوەی یاسای بنەڕەتی بە دادگا سەربەخۆکانن، کەواتە یاسای بنەڕەتی وەکوو یەکێک لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی حکوومەتە فێدراڵیزمەکانە.

**پرسە گرینگەکانی دیکە**

**ئەندێشە و دین**

ئازادی ئەندێشە (بیرکردنەوە) و بیروڕا یەکێکە لەو مافانەی کە هاووڵاتییان لە سیستمی فێدراڵی ئێرانی داهاتوو وەک یەک و بێ جیاوازی لێی بەهرەمەند دەبن و هیچ دامەزراوە و نیهادێکی دەوڵەتی، گشتی و تاکەکەسی ناتوانێت و بۆی نییە کە تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆی بیرکردنەوە و باوەڕێکی تایبەت سنووردار بکات یان لێپرسینەوە لێ بکات. لەلایەکی تریشەوە چونکە دینی

زۆرینەی خەڵکی ئێران ئیسلامە و لە ئێستەدا وەکوو ناوەندێک بۆ دەرکردنی بڕیارات لەنێو زۆرینەی خەڵک دەور دەگێڕێ، پێویستە کە وەکوو دینی زۆرینە بناسرێت بەڵام بەهۆی بوونی چەندین جۆر ئایینزای مەزهەبی جیاواز، چەندین ئایینی دیکە و هەروەها سێکۆلاربوونی حکوومەت وەکوو ئەسڵێک، پێویستە یەکسانی هەموو ئایین و مەزهەبەکان لە یاسای بنەڕەتیدا بخرێتە بەرباس و ئایینێکی دیاریکراو نەکرێتە سەرچاوە بۆ پەسندکردن و جێبەجێکردنی یاساکان. ئەوەیکە لە چوارچێوەی دین لە فێدراڵیزمدا گرینگە ئەوەیە کە تەواوی هاووڵاتییان مافی ئازادی دین و مەزهەبیان هەیە و هیچ نیهاد یان تاکێک بۆی نییە کەلکاژۆ لە باوەڕە دینی و مەزهەبییەکان وەربگرێ یان لە ڕاستای قازانج و بەرژەوەندییە گرووپی و کەسۆکییەکان بەکاری بهێنێت.

## زمان

زمان وەکوو یەکێک لە بنەڕەتیترین پرسگەلێکە کە هەر لە کۆنەوە تاکوو ئێستە هەمووکات جێگەی مشتومڕ وهاوئاهەنگنەبوونی نەتەوەکانی ئێران لە ئاستە جۆراوجۆرەکان بووە و هەیە. کەواتە لە سیستمێکی فێدراڵدا بە ئیدئۆلۆژییەکی دێموکراتیکەوە پێویستە تەواوی زمانەکان وەکوو زمانی فەرمی لە وڵاتدا بناسرێن و زمان و زاراوەکانی تریش خاوەنی ئازادی و مافی بەکارهێنان بن. بارهێنان و پەروەردە و سەرجەم نامە و نووسراوە فەرمییەکان لەنێو هەر هەرێمێکدا بە زمانی فەرمی ئەو هەرێمە دەبێت و لە کاتی پێویستدا، دامەزراندنی قوتابخانەی دوو یان چەندزمانە بۆ فێرخوازان دەبێ یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی هەرێم بێت. زمانی پێوەندی نێوان دەوڵەتی فێدراڵ و هەرێمە فێدراڵەکان دەتوانێ زمانی ئینگلیسی یان یەکێک لەو زمانانە بێت کە زۆرینەی نیزیک بە تەواوی خەڵک لەگەڵیدا ئاشنان. هەر هەرێمێک لە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمەکانی دیکە، بۆخۆی بڕیار دەدات کە کەڵک لە چ زمانێک وەردەگرێ.

## سیستمی ماڵی

ئەگەر وەها گریمانە بکەین کە سیستمی حکوومەتداری داهاتووی ئێران بەشێوەی فێدراڵی بەڕێوەبچێ، سرووشتییە کە دەبێ سیستمی ماڵیی ئەم حکومەتەش هەر بەشیوەی فێدراڵی بێت. شێوەی فێدراڵیزمی ماڵیی، پێڕەوی لە بەرنامەی فێدراڵیزم دەکات و باوەڕی بە یەکسانی ماڵیی و پرسە پێوەندیدارەکان بەم یەکسانییەیە. لەم سیستمەدا هەڵگرتنەوەی لەمپەڕە سیاسییەکان بۆ گەشەی ئابووری، گەشەی ئاڵووێرە بازرگانی و ئابووری و سیاسییەکان بەشێوەی دێسانترالیزە کردن و تەرخان کردنی بودجە و تێچووی ماڵیی بەشێوەی یەکسان لە هەموو کەرت و بەش و ئیدارەکانی نێو دەوڵەتی فێدراڵ و هەروەها حکوومەتە هەرێمییەکان دەبێت. بۆ گەشەی ئابووری لە سیستمی پێشنیارکراو، ئابووریی هەر هەرێمێکی تایبەت بە سەرنجدان بە سەرچاوە و توانایە مرۆیی و سرووشتییەکان پلانی بۆ دادەنرێت و بۆ پێشگیری لە ئابووریی تاکڕەهەندی و کەلێن و مەودای ئابووریی زەق لەنێوان هەرێمە دەوڵەمەند و هەژارەکان، ئاڵووێرە بازرگانییەکانی نێو هەرێمەکان و پشتیوانی دەوڵەتی ناوەندی لە هەرێمە لاوازەکان لە سیستمی ئابووریدا جێ دەگرن.

## دواوتە

سەرباری هەموو گرفت و لەمپەڕ و کێشەکان و هەروەها بۆچوونە دژبەرەکان لەگەڵ سیستمی فێدراڵ و لەهەمووان گرینگتر خواست و مەیلی بەشێک لە خەڵک، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەندێک هۆکار بوونیان هەیە کە جێگیرکردنی ئەم سیستمە بەتایبەت بۆ ئێرانی فرەنەتەوە بە گونجاوترین ڕێکار دەزانێ کە دەکرێ وەک نموونە ئاماژە بەم خاڵانە بکەین : چارەسەری پرس و گرفتەکانی وەها وڵاتێکی پان و بەرین، دادپەروەری لە جۆراوجۆریی زمانی و مەزهەبی و فەرهەنگی، ئامادەکردنی ئامرازەکان بۆ کۆنترۆڵ بەسەر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی، بەفیڕۆنەدانی کات و وزە بۆ جۆراوجۆری خزمەتگوزارییەکان، نزیکایەتی حکومەتە هەرێمییەکان لەگەڵ خەڵک و وەڵامدەربوونیان بە پێداویستییەکان، ئاسانکاری بۆ هەوڵ و کرداره سیاسییەکان، بردنەسەری کاراییەکان پاش دابەشکردنی سیستم بە یەکە بچووکتر و سەربەخۆکان، جووڵە و داهێنانی تاکەکانی نیشتەجێ لە حکوومەتە هەرێمییەکان، پێشگیری لە سازبوونی گرفتەکان بەهۆی ئەنجامدانی کاروبارە جۆراوجۆرەکان لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە، سازکردنی بەستێنی گەورە بۆ زیادکردنی ئەزموونی تاکەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکان، بەهێزکردنی فەرهەنگی، سیاسی، ئابووری و ... . فێدراڵبوون تەنیا بە مانای قەبووڵ کردنی حوکمڕانی حیزب و نوێنەری نەتەوە و مەزهەبە دیاریکراوەکانە – ئەو شتەی کە هەنووکە لە ڕۆژئاوای کوردستان و تا ڕادەیەک لە باشووری کوردستان دەبینرێت – و ئەوەیکە گرینگە ئەوەیە کە سیستمی حکوومەتی پیشنیارکراو لەسەر بنەمای پێویستیی ڕۆژی نوێنەرانی نەتەوە و گرووپە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی حیزبەکاندا، بەمانای ڕاستەقینەی وەدیهێنانی مافی هاووڵاتییان، مافی دەنگ و مافە سەرەتاییەکانی خەڵکە و دووردیمەنی سەرەکی ئەمەش ڕێڕەوێکە بەرەو سەربەخۆیی لە داهاتوودا.

> “ زمانی پێوەندی نێوان دەوڵەتی فێدراڵ و هەرێمە فێدراڵەکان دەتوانێ زمانی ئینگلیسی یان یەکێک لەو زمانانە بێت کە زۆرینەی نیزیک بە تەواوی خەڵک لەگەڵیدا ئاشنان. هەر هەرێمێک لە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمەکانی دیکە، بۆخۆی بڕیار دەدات کە کەڵک لە چ زمانێک وەردەگرێ. ”

## سەرچاوەکان

Adegehe. Ak, Federalism, federations and ethnic conflict concepts and theorise, ٢٠٠٩.
Dikshit. D. Ramesh, Geography and federalism, Annals of the association of American geographers, ١٩٩١, ٦١, ٩٧-١١٥.
Federalism, the geographic location of groups, and conflict, ٢٠١١.
Decentralization: Conditions for success, United Nations, New York, ٢٠٠٢.
U.S. Department of states Bureau of international programs.
S.M.ALIFF, New trends & models in federalism, journal of humanities and social science, ٢٠١٥, ٢٠, ٧١-٧٩.
Harv. L. Rev. Developments in the low – the U.S. Territories, ٢٠١٧.



# ٥

# کێشەی ئێمپراتووریەک لە نێو سنوورەکانی خۆیدا

ئارەش ساڵح

**سەرەتا:**

بۆ ئەوەی لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە بەرەورووی ئەو پرسیارە ببینەوە، کە ئاخۆ دوای ڕووخانی ئێران چی ڕوودەدات، پێش لە هەرشتێک پێویستیمان بەوەیە کە ناسینی دروستمان لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان social structures و بنەما ئابووری-کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵات لە ئێراندا هەبێت. بۆ ئەم مەبەستە باشترین کار ئەوەیە لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسی ـ مێژوویی، چییەتی ئەو پێکهاتانە لە بەستێنێکی مێژووییدا لێک بدەینەوە. بۆیە ئەم وتارە لە ڕاستیدا هەوڵیکە بۆ بەدەستەودانی وەها خوێندنەوەیەک. دیارە بە هۆی ئەوەی خوێندنەوەی ئێمە لەسەر ئەم بابەتە خوێندەوەیەکە بە ئامانجی لەقاودانی بارودۆخی هەنووکەیی و هەروەها هەوڵدانە بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخە، بۆیە بە پێویستی نازانین زۆر وەفادار بین بە پێوەرە زانستییەکان، چونکە ئەو پێوەرە زانستییانە ئامانجی ئێمە بۆ بەدەستخستنی وشیارییەکی شۆڕشگێڕانە کە پێویستی ئێستای کۆمەڵگای ئێمەیە سنووردار دەکەنەوە . هەروەها ئەگەر لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەییەوە چاو لە بابەتەکە بکەین پێوەرە زانستییەکان زیاتر لە هەرشتێک لە خزمەتی بارودۆخی هەنووکەیی کە لە دژی بەرژەوەندی لایەنە ژێردەستەکانە. ئێران بەم شێوەیەی کە ئەمڕۆ ئێمە دەیناسین بەرهەمی قۆناغێکە کە خودی ئەو قۆناغە سەرەتاییە لە مەشرووتەوە دەست پێ دەکات و بە هاتنە سەرکاری ڕەزاشا دەگاتە ئەنجام. ئەگەرچی ڕوانگەی زاڵ پێی وایە کە هاتنە سەرکاری ڕەزاشا شکستی کۆتایی بزاڤی مەشرووتە بوو، بەڵام ئەگەر چاو لە گوتاری کەسانێک وەکوو مەڵکەم خان کە گرینگترین کاریگەرییان لەسەر بزاڤی مەشرووتە هەبووە، یان ئەگەر چاو هەڵسوکەوتی مەشرووتەچییەکان لە مەجلیسی پێنجەمدا و هەروەها بەڵگەهێنانەوەی دژبەرانی، بە پاشا بوونی ڕەزا پەهلەوی بکەین، دەزانین کە پاشایەتی ڕەزاشا قۆناغی بیچمگرتنی ئێران بەم شێوە کە ئێمە ئەمڕۆ دەیناسین دەگەیێنێتە ئامانج. واتە خواستی دەوڵەتێکی بەهێز و خاوەن دامەزراوەی مۆدێرن بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەورەیی ئێمپراتوورییەتی فارس کە لە مەشرووتەوە وەک بزاڤێکی سیاسی پانتایی سیاسی ئێرانی تەنیبوو، بە دەسپێکی پاشایەتی پەهلەوی دەتوانێت بنچینەی ئێرانێکی مۆدێرن دابمەزرێنێت. ئەم خواستە پێشتر لە ناو ڕۆشنبیرانی فارس هاتبووە ئاراوە کە لە نێو جۆرێک لە نۆستالۆژی ئێمپراتووریی فارس و خەمۆکی لەدەستدانی بەشێکی زۆر لە وڵات قەتیس مابوون. بە تایبەت ئەو کەسانەی کە ئورووپایان دیبوو و لەگەڵ ئێرانی ئەو سەردەمە بەراوەردیان کردبوو، لەگەڵ جۆرێک لە مودێلی گەشە ئاشنا ببوون، کە لەوێدا دەسەڵاتێکی موتڵەقە و دامەزراوەی نوێی دەوڵەتداری، دەیانتوانی هیوای ئەو ڕۆشنبیرانە بۆ گەڕانەوەی شکۆی ئێمپراتووری فارس زیندوو بکەنەوە. مەڵکەم خان کە یەکێک لە کاریگەرترین ڕۆشنبیرانی مەشرووتەیە لە نامەیەک بۆ «موشیرۆڵدەوڵە» کە سەرۆکوەزیرانی ئەو دەم بووە، دەنووسێت: «کە ئەگەر ئێمە دەمانەوێ وەکوو جاران ببینەوە بەو وڵاتەی کە تا هیندووستانیش لە ژێر کونترۆڵماندا بێت پێویستە ئەو دامەزراوانەی دنیای ڕۆژئاوا لە ئێرانیشدا بنیات بنێین.

دیارە گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەورەیی ئێمپراتووری فارس یەکێک لە خەونەکانی ڕۆشنبیرانی فارس بووە و هەیە. بەڵام ئەوەی کە لەسەردەمی مەشرووتەدا ڕوویدا، ئەوەیە کە هەندێک لەو خوێندکارانەی کە پێشتر لەلایەن قاجارەکانەوە نێردرابوونە ڕۆژئاوا یان بە وتەی خۆیان «فەرەنگ» لەگەڵ دامەزراوەی مۆدێرن و کاریگەرییەکانی ئاشنا بوون و تێگەیشتن کە چەندە ئەو دامەزراوە خێڵەکییانە، کە تا ئەو کات قاجارەکان ئێرانیان

> “ پێویستە بزانین کە بۆ هەرچەشنە گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی، جگە لە ئایدیا، بنەماکانی ئابووری ـ سیاسی ئەو گۆڕانەش دەبێ ئامادە بن. ئەم بنەمایانە لە سەردەمی مەشرووتەدا بۆ بەهێز بوونی بازاڕ لە ئاکامی گەشەی بازەرگانی لەگەڵ ئۆرووپا دەگەڕێتەوە. ”

پێ بەڕێوە دەبرد بۆ ئەو مەبەستە ناکارامەن. ئەو ڕۆشنبیرانە کە لەگەڵ نۆستالژی ئێمپراتوورییەتی فارس بەرەوڕوو بوون پێیان وابوو دەتوانن بەو دامەزراوە مۆدێرنانە، ئێران بۆ ئەو سەردەمە بگەڕێننەوە. مودێلێک کە ئەوان بە دوایدا دەگەڕان، دووپاتکردنەوەی دەوڵەتی موتڵەقەی ڕۆژئاوا بوو کە پاش ڕووخانی دەرەبەگایەتی لە ئورووپا دێتە سەرکار و دەتوانێت بە داڕشتنی گەشەیێکی دەستووری «نەتەوە» پێک بێنێت. مەڵکەم خان دەڵێت: « ئێمە دەتوانین وەک چۆن تێلێگرافمان لە ڕۆژئاوا وەرگرت هەربەو شێوەیەش بنەماکانی نەزم و ڕێکوپێکی ئەوان لە ئێراندا پیادە بکەین». میرزا مەڵکەم خان بە موشیرۆڵدەوڵە دەڵێت: « لە ڕۆژئاوا دوو جۆر کارگە یان دامەزراوە بوونیان هەیە، یەکێکیان ئەوانەن کە شتومەک و کەلوپەل بەرهەم دەهێنن کە گرینگن، بەڵام گرینگتر لەوانە ئەو دامەزراوانەن کە بەرهەمیان مرۆڤ یان کاروباری دەسەڵاتە. ئەگەر ئێمە بمانەوێ نەزم لە نێو وڵاتدا بسەپێنین و وەکوو جاران حاکمی ئاسیا بین پێویستە کە ئەو دامەزراوانە بێنین و لە ئێران دایانمەزرێنین». ئەگەرچی لەو کاتەدا لە لایەن کەسانێکەوە وەکوو «میرزای نائینی» هەوڵ دراوە کە بزاڤی مەشرووتە لە چوارچێوەی ئیسلامدا تیۆریزە بکەنەوە، بەڵام گرینگترین بنەمای هزری مەشرووتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بۆچوونانەی مەڵکەم خان و ئەو کەسانەی کە وەکوو ئەو بوون و بەشداری بەشێک لە ڕۆحانییەتی شێعە و بازاڕی فارس هۆکاری ئابووری ـ سیاسی تایبەتی خۆی هەیە کە لێرەدا زۆر بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین. پێویستە بزانین کە بۆ هەرچەشنە گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی، جگە لە ئایدیا، بنەماکانی ئابووری ـ سیاسی ئەو گۆڕانەش دەبێ ئامادە بن. ئەم بنەمایانە لە سەردەمی مەشرووتەدا بۆ بەهێز بوونی بازاڕ لە ئاکامی گەشەی بازەرگانی لەگەڵ ئۆرووپا دەگەڕێتەوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، بازرگانی نێوان ئێران و ئۆرووپا و بازاڕەکانی ئێران کە دامەزراوەیەکی کۆمەڵگای فارس بوون گەشەیێکی زۆریان بەخۆوە بینی. ئەم گەشەیە بازاڕییەکانی ساماندار کرد و تەنانەت بازاڕییەکان بە کڕینی ئەو زەویانەی کە پێی دەوترا «خالصە» و دەوڵەت بۆ دابینکردنی پارە، بە خەڵکی دەفرۆشت، بوون بە خاوەن زەوی. بەم جۆرە خاوەن زەوییەکان واتە ئەربابەکان و هەروەها خانەدانەکان هێدی هێدی لەبەرامبەر ئەو بازاڕییانە لاواز بوون. ئەم بازاڕییانە لە ئاوا حاڵەتێکدا خوازیاری دەسەڵاتی زۆرتر بۆ خۆیان بوون و پێیان باش بوو کە بۆ




ئەوەی دەستیان بە هەمووشوێنێک ڕابگات ئێران ببێتە خاوەنی دەسەڵاتێکی ناوەندی کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شوێنێکدا هەبێت. لەلایێکی دیکەوە هەر بەهۆی ئەم گەشەیە، داهاتی بەشێک لە ڕووحانییەتی شێعە کە ڕەهەندێکی دیکەی ناسیۆنالیزمی فارس بوو و بەرەو گەشەکردن ڕۆیشتبوو، چونکە ئەو خومسەی کە لە بازاڕ وەریان دەگرت زیاتر ببوو. بۆیە مەلاکان کە بە درێژایی مێژووی ئێران، هەمووکات لەگەڵ پاشا بوون بەشێکی بەرچاویان ئەمجار لە ململانێی نێوان دەربار و بازاڕ لەگەڵ بازاڕ کەوتن. بۆیە بە شێوەیەکی زۆر کورت ئەم بارودۆخە بنەماگەلی ئابووری ـ سیاسی بۆ چەسپاندنی ئایدیای پیادەکردنی دامەزراوە مودێرنەکان و پێکهێنانی حکومەتێکی موتڵەقەی بەهێز و ناوەندگەرا بۆ ئێران پێک هێنابوو. یەکەمجار خواستی یاسایی کردنی چەسپاندنی دەسەڵاتی پاشایەتی ئێران لە یاسایەکی بنەڕەتیی پێشنیارکراوی مەڵکەم خان دێتە ئاراوە. لە کتێبی «کتابچە غیبی» مەڵکەم خان یاسایەک پێشنیار دەکات کە دەڵێت: «ئێران پێویستە

> **“ مولْکەم خان کە دەڵێت: «دەرمانی دەردی ئێمە عەقڵ نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە خۆمان بە تەواوەتی پڕین لە عەقڵ، بەڵام دەرمانی دەردی ئێمە زانستە». ئەم دوولقییەی زانستی ڕۆژئاوایی لە بەرامبەر عەقڵی ڕۆژئاوایی هەتا ئێستاش بنیاتیترین تایبەتمەندی مۆدێرنیتەی ئێرانییە. ”**

ببێت بە ٣٠ هەرێم و سەرۆکی هەر هەرێمێك بە ناوی والی لە لایەن پاشای ئێرانەوە دیاری بکرێ. بەڵام لەم سەرووبەندەدا ئەوەی کە جێگەی تێڕامانە، ئەوەیە کە ئەم ڕۆشنبیرانە بە تەواوەتی دژی گواستنەوەی سیستەمی بەها دێموکراتیکەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئێران بوونە و بە تەواوەتی دژی بیری ڕۆژئاوایی بوونە. ئەمە لە ڕاستیدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەوان ئەگەرچی باوەڕیان بەوە بووە کە دامەزراوە ڕۆژئاواییەکان دەتوانن کارامەیی حکوومەت لە ئێراندا زیاتر بکەن و نەتەوەیەک بە ناوی ئێران دابمەزرێنن، بەڵام هاوکات ئەم پێشکەوتنەیان لە چوارچێوەی عەقڵی فارسی شێعەوە ویستووە. بۆ نموونە: دیسان دەگەڕێینەوە بۆ مولکەم خان کە دەڵێت: «دەرمانی دەردی ئێمە عەقڵ نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە خۆمان بە تەواوەتی پڕین لە عەقڵ، بەڵام دەرمانی دەردی ئێمە زانستە». ئەم دوولقییەی زانستی ڕۆژئاوایی لە بەرامبەر عەقڵی ڕۆژئاوایی هەتا ئێستاش بنیاتیترین تایبەتمەندی مۆدێرنیتەی ئێرانییە. واتە مۆدێرنیتەیەک لەسەر بنەمای زانست و پسپۆڕیی

دنیای مۆدێرن بەڵام لە دژی بەهاکانی ئەو دنیایە. لە مەجلیسی پێنجەمی دوای مەشرووتە، کە بڕیار دەدرێت کە «ئەحمەدشا» وەلا بنرێت و دەسەڵات بدرێت بە «ڕەزاخان» و لە «مەجلیسی موئەسسانی» دوای ئەویش کە ڕەزاشا بۆ دەسەڵاتداری دیاری دەکرێت، بەشێکی زۆر لە نوێنەرەکان کە هەندێکیشیان لە بزاڤی مەشرووتەدا بەشدارییان کردبووە و کۆنە سەربازی مەشرووتە بوون، هاوڕێ لەگەڵ هەموو ئەو نوێنەرانەی کە هەڵقوڵاوی بازاڕ بوون، دەنگی ئەرێنییان داوە. تەنیا لایەنێکی کەم لە دژی ئەو بڕیارە وەستانەوە وەکوو «موسەدێق» کە دژایەتی ئەوانیش لە سونگەی دژایەتی دەوڵەتی موتلەقە یان بەرگری لە دیموکراسی نەبوو بەڵکوو لەو سونگەوە بوو کە ئەوان دەیانگوت ڕەزاشا بە بوونی بە پاشا دەسەڵاتی کەمتر دەبێتەوە و ناتوانێت بەو چەشنە کە پێویستە دەسەڵات لە ناوەند کۆ بکاتەوە و نەزم و پێشکەوتن لە نێو کۆمەڵگادا جێگیر بکات. بۆیە لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە ئێرانێک کە ئەمڕۆ ئێمە دەیناسین لە قۆناغێکدا بیچمی گرتووە کە خودی ئەو قۆناغە بە مەشرووتەوە دەست پێدەکات و بە پاشایەتی ڕەزاشا کۆتایی پێدێت. ئەو قۆناغە هەڵبەت تەنیا قۆناغی بیچم گرتنی ئێرانە. لە ئاکامی ئەو قۆناغە، موتڵەقەی ئێرانی دادەمەزرێت، کە ئامانجەکەی بەرهەمهێنانی نەتەوەی ئێرانە لەسەر بنەمای کەلتووری فارس و تواندنەوەی کەلتوورەکانی دیکە. لە ئاکامی ئەم موتڵەقەیەدایە کە پێوەندییەکانی زاڵبوون لە ئێراندا دادەمەزرێن. بەڵام لەبەر ئەوەی بنەماکانی موتڵەقەی سیاسی لە ئێراندا جیاوازیەکی قووڵیان لەگەڵ بنەماکانی موتلەقەی سیاسی لە ئۆرووپا هەیە ئاکامەکەی بەیەک شێوە نییە. لە ئۆرووپادا ئەوەی کە موتڵەقەی سیاسی پێک دەهێنێت، بە گوێرەی کەسانێک وەکوو «پێری ئەندرسێن»، شکڵ گرتنی بۆرژوازیەکی شارنشین و خۆڕاگرانەی فێئۆدالیتە لە بەرامبەر بۆرژوازی، کە دەوڵەتی موتڵەقە پێک دێت. بەڵام لە ئێراندا ئەوەی پێک دێت نەک بۆرژوازیەک بە چەشنی ڕۆژئاوای، بەڵکوو چینێکی بازاڕین. بۆیە گۆڕانکاریەک لە چیەتی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە ئێراندا ڕووی نەداوە. بۆیە ئاکامی دەوڵەتی موتڵەقە لە ئێراندا بە تەواوەتی جیاوازە لەگەڵ ئاکامی دەوڵەتی موتڵەقە لە ڕۆژئاوادا. لە ڕۆژئاوادا ئەو دەوڵەتە دەتوانێت بە گەشەیەکی دەستووری نەتەوەکان پێک بێنێت بەڵام لە ئێراندا لەبەر نەبووونی بنەمای ئابووری ـ سیاسی پێویست، چارەنووسەکەی دەبێتە پێوەندی ئەمپریالیستی لە نێو خودی سنوورەکانی ئێران و لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا.

لە ئێرانی ئەو سەردەمەدا بە پێچەوانەی ئورووپا بۆرژووازییەکی بەهێز کە خاوەنی وشیاری چینایەتی خۆی بێت و سنووره ئەتنیکییەکان تێپەڕێنێت، شکڵ ناگرێت. واتە چینێکی یەکپارچە کە لە نێو فارس و کورد و عەرەب و تورک و بەلووچدا بە شێوەیەکی یەکپارچە بوونی هەبێت نایەتە ئاراوە. چینێک کە وشیاری چینایەتییەکەی بتوانێت هەرجۆرە وشیاری نەتەوەیی و ئەتنیکی ئەو نەتەوانە بخاتە لاوە و لە ئاکامدا لە نێو کورد و فارس و عەرەب و بەلووچ و تورکدا ببێت بە چینێکی یەکگرتوو کە خاوەنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بێت و لە ئاکامیشدا سەرەڕای جیاوازییە ئەتنیکییەکان یەک بگرێت و سنووره ئەتنیکییەکان تێک بشکێنێت. ئەم ڕاستییە کە ئاوا چینێک هیچکات لە ئێراندا شکڵ ناگرێت هیچکات کۆمەڵگایەکی یەکپارچە لە نێو ئێراندا پێک ناهێنێت. هیچکات بازاڕی کوردستان و فارس و بەلووچستان ناتوانن بن بە یەک بازاڕ، بۆیە ئەوەی کە دەمێنێتەوە پێکهاتنی پێوەندیگەلێکی ئەمپریالیستییە لە نێو ئێراندا کە فارس لە لایێکەوە و کورد و عەرەب و تورک و بەلووچ لە لایەکی دیکەوە ئەو پێوەندییانەدان. نموونەی تورکەکان کە بەچەند هۆکار هەندێک جیاوازی هەیە. یەکەمین جیاوازی ئەوەیە کە تورکەکان بەهۆی کاریگەری ئایینی شێعەوە ئەیجێنسی واتە عاملیەتی خۆیان لە کیس دەدەن و دەبن بە بەشێک لە بەرنامەی ناسیونالیزمی فارس. دیارە ئەو تورکانەی کە لە سەردەمی مەشرووتە لە تەورێز کۆدەبنەوە چەندین تێلێگراف بۆ تاران دەنێرن کە ئەگەر خواستەکانیان جێبەجێ نەبێت ئەوا ئازەربایجان سەربەخۆ دەبێت. ئەم بابەتە لە زۆر سەرچاوە وەکوو ئێران نێوان دوو شۆڕشدا باسی لێوە کراوە. بەڵام باقرخان و سەتارخان کە هەردووکیان بە وتەی هەمان سەرچاوە دوو لاتی وەکوو شەعبان (بی مخ) بێ مێشك، دەبن و هەربەو بۆنەیەوە لەژێر کونترۆڵی ڕۆحانییەتی شێعە ، بزاڤی تەورێز بە لاڕێدا دەبن و بەم شێوە ئازەربایجان باشتر و زووتر کونترۆڵ دەکرێت. ئەم هۆکارە و چەندین هۆکاری دیکە دەبنە هۆی ئەوە کە ئێمە ئێستا بۆ پێناسەکردنی پێگەی ئازەربایجان لەم ئیمپراتووریەدا لە دەستەواژەی شێوەپەراوێز یان semi-periphery کەڵک وەربگرین.

بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە بتوانین جێگە و پێگەی ئەو نەتەوانە لە ناو ئەو پێوەندییە ئەمپریالسیستیانە بزانین باشتر ئەوەیە لە هەندێک چەمکی پێشنیارکراوی ئیمانۆئێل والرشتاین بۆ پێناسەکردنی world-system جیهان ـ سیستەم، کەڵک وەربگرین. زۆر بەکورتی دەتوانین بڵێین کە بە پێی ئەو دۆخە ئێمە دەتوانین لەو پێوەندییە ئەمپریالیستیانەی کە ئێرانیان لەسەر بنیات نراوە، سێ شوێنگە یان ناوچەی جیاواز لەبەر چاو بگرین. شوێنگە یان ناوچەی یەکەم ناوەندە کە بریتییە لە فارس، ناوچەی پەراوێز کە بریتییە لە کوردستان، ئەحواز و بەلووچستانە و لە ئاکامدا ناوچەی شێوە پەراوێز کە بریتییە لە ئازەربایجان. لە ئاکامی شۆڕشی ١٥٧دا گۆڕانکاریەک کە لەم سیستمە ڕوو دەدات ئەوەیە کە ئایینی شێعە وەکوو بنەمایەکی فیکری ڕۆڵی لە نێو ناسیونالیزمی فارسی زیاتر دەبێت. بەم هۆیەوە گەڕانەوە بۆ ئیمپراتووری فارس لە چوارچێوەی بەرفراوانترکردنی ناوچەی نفووزی ئێران و سەروەری ئەم وڵاتە بە سەر ئەو شوێنانەی کە سەردەمانێک لە ژێر کونترۆڵی ئێران بوونە، پێناسە دەکرێتەوە.

پەهلەوی ئەگەرچی دەوڵەتێکی مودێرن دەهاتە بەرچاو بەڵام چ لە ئاستی دەرەوە و چ لە ئاستی نێوخۆوە بە پێی ئەو ناسیونالیزمە دەجووڵاوە هەر بۆیە لە سەردەمی ڕەزاشادا ئێران لەسەر بنەمای ئەو

> هیچکات لە ئێراندا شکڵ ناگرێت هیچکات کۆمەڵگایەکی یەکپارچە لە نێو ئێراندا پێک ناهێنێت. هیچکات بازاڕی کوردستان و فارس و بەلووچستان ناتوانن بن بە یەک بازاڕ، بۆیە ئەوەی کە دەمێنێتەوە پێکهاتنی پێوەندیگەلێکی ئەمپریالیستییە لە نێو ئێراندا کە فارس لە لایێکەوە و کورد و عەرەب و تورک و بەلووچ لە لایەکی دیکەوە ئەو پێوەندییانەدان

ناسیونالیزمە کە ئەو کات بنەمایەکی ئاریایی بۆی دادەنرا، بەرەو ئاڵمانی نازی و بەرنامەکەی نزیک ببووەوە. حەمەڕەزاشا هەروەها خولیای گەڕانەوە بۆ ئەو ئیمپراتووریەی کردبووە بنەماییترین چەمکی گوتاری و بنەمای ڕەوایی خۆی کە لە هەندێ شوێن وەکوو ڕێوڕەسمەکانی دووهەزاروپێنسەد ساڵەدا خۆی دەردەخست. بەڵام پاشایەکی زۆر لاواز بوو هەر بۆیە نەیدەوێرا بەرەو کردەوەیی کردنی هەنگاوێکی جیددی هەڵبگرێ. دوای شۆڕشی ٥٧ شێعەگەرایی هەر لە سەرەتای ڕێژیمی نوێوە ڕووکەشێکی ئایینی، بەخشی بە ئایدیای گەڕانەوە بۆ سەروەربوون لە ناوچەکە و بەردەوام کردنی پێوەندییە ئەمپریالیستییەکان لە نێوخۆدا. هەروەها دەتوانین بڵێین کە بزاڤی چاکسازی کە لە نێو دڵی گوتاری ناسیونالیزمی ئێرانیدا سەرهەڵدێنێ، لە ڕاستیدا شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ناسیونالیزمەیە لەگەڵ دیاردەی بەجیهانیبوون. واتە لە ڕاستیدا دەکرێت سەرهەڵدان و داکشانی بزاڤی چاکسازی لە ئێراندا لە چوارچێوەی هەوڵی ناسیونالیزمی فارسی بۆ دەربازکردنی پێوەندییە ئەمپریالستییە نێوخۆییەکان لە قۆناغی بەجیهانیبووندا لێک بدرێتەوە.

بۆیە ئەوەی لێرەدا ڕوون دەبێتەوە، ئەوەیە کە ئێران لەسەر هەندێک بنەمای ئابووری، سیاسی و بنەمای فیکری دامەزراوە کە گۆڕینی ڕێژیم ناتوانێت گۆڕانێک لە چییەتی ئەو بنەمایانە پێک بێنێت. گۆڕانی ڕێژیمی سیاسی لە ئێراندا ناتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە پێوەندیگەلی ئەمپریالیستی بگوردرێن، هەربۆیە هەڵسوکەوت یان کاراکتەری بنەڕەتی وڵات یان state گۆڕانی بەسەردا نایێت. بۆیە سەرکوت و تواندنەوەی نەتەوە بندەستەکان و دژایەتی وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت ڕۆژئاوا کە لە کۆنەوە دوو ڕەقیبی ئەمپراتووری ئێرانن وەکوو دوو مەیلی سەرەکی لە هەڵسوکەوتی وڵات دەمێننەوە.

بەردەوام کردنی پێوەندییەکانی ئەمپریاڵیستی لە نێوخۆی ئێراندا پێویستییەکی زۆریان هەیە، بە چڕبوونەوەی دەسەڵات و ئابووری لە ناوەند و هەروەها بەرتەسك کردنەوەی بەشداری سیاسی.

هەر بۆیە بەشداری سیاسی و بە تایبەت خواستی نەتەوە بندەستەکان لە ئێراندا مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە. هەر بۆیە دوای هەر گۆڕانکاریەکی سیاسی دەسەڵات مەیلێکی بەهێز پەیدا دەکات بۆ چڕبوونەوە لە نێو چەند دامەزراوەدا کە بەشداری سیاسی خەڵک بەتایبەت کەمینەکان سنووردار دەکەنەوە.

**دواوتە:**

هەروەها کە پێشتر باسمان لێوە کرد، ئەو مودێلەی کە بنچینە هزرییەکانی فۆرمگرتنی ئێران بە پەیڕەویکردن لەوەوە دامەزراون، بریتییە لە گەشەیەک کە لە ڕێگەی دیکتاتۆریەتێکی گەشەخواز کۆمەڵگا کونترۆڵ دەکات و ئەندازیاری دەکات. بۆ وێنە «کەشفی حجابی» ڕەزاشا ڕوویەکی دیکەی پرسەکە، بەزۆر سەپاندنی «حجابی کۆماری ئیسلامی»یە کە هەردووکیان لەو شێوازە لە مودێرنیتە و گەشە سەرچاوە دەگرن. ئامانجی هەردووکیشیان مودێرنیتەیەکە کە یەک جۆری و یەک فۆرمی لە ئێراندا بەرهەم دەهێنێتەوە. لەم مودێلەدا شێوە جیاوازەکانی سەپاندن ڕۆڵێکی بێ وێنە دەگێڕن. سەپاندن بەسەر دووبەشی جیاوازدا دابەش دەبێت، یەکێک دەسەڵاتی سەخت یان زۆر و ئەوەی دیکەش دەسەڵاتی نەرمە. ئەرتەش و هێزە نیزامییەکان، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و قوتابخانە و زانکۆ هەموو ئامرازی جیاوازی بەردەوامکردنی پێوەندییە ئەمپریالیستییەکانن. مێژووی سەد ساڵەی ئێران دەریدەخات کە ئەرتەش کە دامەزراوەیەکە بۆ پاراستنی وڵات لە بەرامبەر هێزی دەرەکی، تەنیا بۆ پاراستنی پێوەندییە ئەمپریالیستییەکان بەکار دێت و هەتا ئێستا لە بەرامبەر هیچ دوژمنێکی بیانیەوە هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە. بۆ وێنە ئەو ئەرتەشەی کە ڕەزاشا بە هۆیەوە هەموو نەتەوەکانی سەرکوت دەکرد و لە ماوەی دەسەڵاتیدا هەرجار لە گۆشەیەکی ئێران بە گژ نەتەوەیەکدا دەچوویەوە، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێرو بە بێ هیچ بەرگریەک تەسلیمی هێزە هاوپەیمانەکان دەبێت.

پێویستە لێرە ئاماژەیەکی کورت بەوە بکرێت کە مانشێتی درووستی ئەو کێشەیەی کە ئێمە لەسەری قسە دەکەین زۆر گرینگە. ئەگەر ئەو خوێندنەوەی سەرەوە و پێشمەرجە مێژوویەکانی درووست فەرز بکەین ئەوا مانشێتی درووستی کیشەکە لە ڕاستیدا ئەوەیە کە مەشرووتە و خواستی گەڕانەوە بۆ گەورەیی پارس لە ڕۆژهەڵاتی ناوین پێوەندی نێوان پارس لە لایێکەوە و کوردستان، عەرەبستان، ئازەربایجان و بەلووچستانی بردۆتە چوارچێوەی پێوەندیگەلی ئەمپریالیستییەوە، واتە ئێمپراتووریەکی نوێی فارس لەسەردەمی مودێرندا لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران دامەزراوە.

بەڵام لەلایێکی دیکەوە بابەتێکیتر کە گرینگە ئەوەیە کە ئەم ئێمپراتوورییە نوێیەی پارس لەگەڵ دوو پەیکۆڵی سەرەکیدا بەرەوڕووە. یەکەم وشیاری نەتەوایەتی لەنێو نەتەوە بندەستەکاندا و دووهەم گوشاری دەرەکی بە هۆی هەڵسوکەوتی ئاژاوەگێرانەی حکوومەتی ئێستای ئێران. ئەمە دەتوانێت مەودایەک بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ئەم نەتەوانە بتوانن گۆڕانێک لە چییەتی ئەو پێوەندییانە پێک بێنن. ئەوەی داهاتووی ئێران ڕوون دەکاتەوە ئەوەیە کە ئایا ئەو نەتەوانە دەتوانن بە یەکگرتوویی و کاری هاوبەش، باڵانسی هێز لە نێو ئەم ئێمپراتوورییەدا بگۆڕن و بتوانن ئەو پێوەندییانە تووشی گۆڕانی بنەڕەتی بکەن یان ئەوەی، دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئەو پێوەندییانە دیسان ڕاستی خۆیان بەسەر ئێراندا دووپات دەکەنەوە.

> “ مێژووی سەد ساڵەی ئێران دەریدەخات کە ئەرتەش کە دامەزراوەیەکە بۆ پاراستنی وڵات لە بەرامبەر هێزی دەرەکی، تەنیا بۆ پاراستنی پێوەندییە ئەمپریالیستییەکان بەکار دێت و هەتا ئێستا لە بەرامبەر هیچ دوژمنێکی بیانیەوە هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە ”



# ٦

# چۆنیەتی دابینبوونی مافی نەتەوەیی لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی

جەمیل کولاهی

ئەگەر بمانەوێ لە سەر دۆخی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی باس بکەین، خستنە ڕووی ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران پێویستە. چونکە بەبێ باسکردن لە ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران و قامک خستنە سەر قەیرانەکانی نێو ئێران، ناتوانرێ دۆخی دوای کۆماری ئیسلامی شرۆڤە یان پێش بینی بکرێ و باسەکە بە لارێدا دەچێ. کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی یەکدەست و یەکرەنگ نییە. ئەوەی کە دەبیندرێ پێکهاتەگەلێکی نەتەوەیی و ئەتنیکی بە تەواوی جیاوازن کە پاشماوەی سەردەمێکی نە زۆر دوور، بەڵکوو ١٥٠ ساڵ پێشە کە بە زەبری شمشێر و خوێنڕشتن پێکەوە لکێندراوە و تا ئێستاش ئەو پاشماوەیە کە ناوی ئێرانی لە سەر دانراوە ماوەتەوە. کەوابوو هیچکام لەو نەتەوانەی ئەمڕۆ نێو سنوورەکانی ئێران بە دڵخوازی خۆیان نەهاتوونەتە نێو ئەو خەریتەیەوە بەڵکوو هاتنیان لە ئاکامی هێرشی نیزامی و خوێنڕشتن بووە، هەر بۆیە دەبینین بەشێک لەو نەتەوانەی نێو سنوورەکانی ئێران لە دەرەوەی سنووری ئێراندانە کە لە سەردەمی جیا جیادا بە هۆی هێرشی دراوسێیەکان لە یەکتر دابڕاون و ئێستا زۆربەشیان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆن و کاریگەرییان لە سەر بەشە دابڕاوەکەیان لە نیو سنوورەکانی ئێراندا هەیە، کە ئەمە خۆی سیاسەتی تواندنەوە و ئاسمیلاسیونی ئەو نەتەوانە لە نێو نەتەوەی باڵادەستی ئێرانی پەک خستووە و ئەمڕۆ بە دوای نزیک بە یەک سەدە سیاسەتی ئاسیمیلەکردنی ئەو نەتەوانە بەکردەوە لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بووەتەوە. پێش لە زاڵبوونی دوو ئیدئۆلۆژی ئیسلامی سیاسی و کۆمۆنیستی کە هەردوویان دژی بزووتنەوەی نەتەوەیین، هەر لە سەردەمی پەهلەویدا بینەری چەندین بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ئێرانین. سەرهەڵدانی شەهید سمکو، کۆماری کوردستان، فیرقەی دێموکرات و حکومەتی ئازەربایجان، میرزا کووچەک خان لە باکووری ئێران، شێخ خەزعەل لە خوزستان و... لە جووڵە نەتەوەییە دیارەکانی سەردەمی پەهلەوی لە ئێرانن. بەڵام بە بەهێزبوونی دوو ئیدئۆلۆژی ئیسلامی و کۆمۆنیستی بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە ئێراندا لاواز بوون و کەوتنە پەراوێزەوە. پێویست بە گوتنە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نەکەوتە پەراوێزی ئەو دوو ئیدئۆلۆژییە و بە ژیانی خۆی درێژەیدا و تەنانەت بە توندترین شێوە بەرەنگاری ئەو دوو ئیدئۆلۆژییە بوویەوە کە بە داخەوە تێچووی گیانی زۆری بە دواوە بوو. کاتێک کە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران سەرکەوت و ڕێژیمی پەهلەوی ڕوخێندرا، ئیدئۆلۆژی ئیسلامی و کۆمۆنیستی لەوپەڕی هێزی خۆیاندا بوون. لەو کاتەدا بێجگە لە کوردستان لە هیچ کوێی ئێراندا بزووتنەوەیەکی ئەوتۆی نەتەوەیی لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا نەدەبیندرا. حکومەتی ناوەندی ئێران لە ڕێگەی مەزهەبی شێعەوە کە مەزهەبی زۆرینەی نەتەوەکانی بندەستی ئێران پێک دێنێ، توانی بە سەر زەینی نەتەوەکانی ئێراندا زاڵ بێت، ئەوەش کە دژبەری ڕێژیم بوو زۆربەیان پەیوەست بە گرووپە چەپەکانەوە دەبوون کە ئەوانیش بزووتنەوەی نەتەوەییان بە شتێکی بورژوازییانە دەزانی و دژی بوون. بۆیە دەتوانین بڵێن کە بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە نێوان دوو ئیدئۆلۆژی ئیسلامی و کۆمۆنیستیدا کە هەر دوو ئیدئۆلۆژیگەلێکی جیهانتەوەر بوون، خنکێندرا بوون. بە ڕووخانی دیواری بێرلین و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت گوتاری چەپ لە ئێراندا بە تەواوی لاواز بوو. کاتێک لە دراوسێتی ئێراندا حکومەتی سەربەخۆی ئازەربایجان و تورکمەنستان پێکهاتن ئازەری و تورکمانەکانی ئێرانیش جووڵەیان لێ کەوت. کەوابوو ڕووخانی یەکیەتی سۆڤییەت و پێکهاتنی چەندین دەوڵەتی سەربەخۆ لە سەر سنوورەکانی ئێران لە ئاکامی ئەو لەبەریەک هەڵوەشانەوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر نەتەوەکانی ئێران هەبوو. هاوکات لە ئاکامی شەڕی کەنداو هەرێمی کوردستانیش لە باشوور ڕزگار کرابوو کە لە سەر کوردی بندەستی ئێران کاریگەریی قووڵی هەبوو. ئەمانە هەموو لە کاتێکدا بوون کە لە ئێران زمان و کولتوری ئەو نەتەوانە کە بەشەکەی دیکەیان لەودیو سنوورەکانی ئێراندا بە مافەکانیان گەیشتبوون، قەدەغە بوو. پێویستە بگوترێ کە دۆخی کوردستان تایبەتیتر بوو و شەڕێکی قورس و گران لەو کاتەدا لە کوردستان دژ بە ڕێژیم لە ئارادا بوو. هاوکات لەگەڵ ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت و ڕوو لە کزی نانی گوتاری چەپ، ئیدئۆلۆژی ئیسلامی زاڵ بە سەر ئێراندا کە لە قەوارەی ڕێژیمی هەنووکەدا دەرکەوتبوو، بە هۆی توندوتیژی، تیرۆر، سەرکوت، دەسبەسەرکردن، ئەشکەنجە و لەسێدارەدان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووی ڕاستەقینەی دەردەکەوت و خەڵکی ئێرانی لێ دەڕەوییەوە. پێویست بە ئاماژەیە ئەدەبیات و تێۆریی هەردوو ئیدئۆلۆژی چەپ و ئیسلامی لە ئێراندا لە مێشکی ڕووناکبیران و ڕێبەرانی نەتەوەی سەردەستەوە دەهاتە دەر، بۆیە هەر دوو ئیدئۆلۆژی تێکەڵ بە ناسیونالیزمی نەتەوەی زاڵ لە ئێرانن و لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتی فارس بە سەر ئێراندا ناسیونالیزمی فارس هەر جارەو بە جۆرێک ڕەنگ دەگۆڕێ و لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژییەکدا بۆ سەرکوت و ئاسمیلەکردنی نەتەوەکانی دیکە دەردەکەوێ. ئێران ئەمڕۆ بووەتە کورەی تواندنەوە زمان و کەلتووری جیاواز لە نێو زمان و کەلتووری فارسدا. لەم پێناوەدا گاڵتە کردن و سووکایەتی کردن بە کەلتووره جیاوازەکان و نافارسییەکانی ئێران وەک دیاردەیەکی سروشتیی لێ هاتووە و دەبینین لە دەزگای ڕاگەیاندنی فەرمی ڕێژیمدا گاڵتە و سووکایەتی بەو زمان و کەلتوورانە دەکرێ! ئەمڕۆ هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە دەسەڵاتی زاڵ بەسەر ئێراندا کە لە سەر ئەساسی ئیدئۆلۆژی ئیسلامی پێکهاتووە، لە سەرە مەرگدایە و لە دوایین قوناغی ژیانی خۆیدایە، هەستی نەتەوەیی و ناسیونالیزم لە نێو نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا خەریکە دەگاتە ئاستێکی بەرز و بێ گەڕانەوە و شوناسخوازی و داوای مافی نەتەوەیی بووەتە شتێکی باو و بە هیچ ئیدئۆلۆژییەک ناخرێتە پەراوێزەوە. لەم کاتەدا کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە دوایین قۆناغی ژیانی خۆیە، هەموو نیگاکان بەرەو داهاتووی ئێرانە! بەڵام لەم نێوەدا بەرژەوەندیی

> “ لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتی فارس بە سەر ئێراندا ناسیونالیزمی فارس هەر جارەو بە جۆرێک ڕەنگ دەگۆڕێ و لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژییەکدا بۆ سەرکوت و ئاسمیلەکردنی نەتەوەکانی دیکە دەردەکەوێ ”



ڕۆژئاوا، ئەمنییەتی ئیسرائیل و شۆڤێنیزمێکی بەهێزی زاڵ بە سەر ئێراندا هەیە کە هەر سێکیان کۆسپی سەر ڕێگەی بزووتنەوە نەتەوەییەکانن لە ئێراندا. بۆیە پرسیاری سەرەکی ئەم وتارەش ئەوەیە کە لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی مافی نەتەوەیی نەتەوەکان چۆن دابین دەبێ؟ پێش لە چوونە نێو شرۆڤە و وڵامی پرسیاری سەرەکی وتارەکە، ڕاستییەکی مێژوویی هەیە کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ! ئەو جوغرافیایەی کە نێوی ئێرانی لە سەرە بە درێژایی مێژووی چەند سەد ساڵەی دوایی، بۆ کۆنترۆڵی ئەمپراتووری و دەوڵەتە بەهێزەکانی ناوچە کە دژی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بوونە، کەڵکی لێوەرگیراوە، واتە کارتی گوشاری نێونەتەوەیی دژی وڵاتانی بەهێزی ناوچەکە بووە. بۆ وێنە لە سەردەمی عوسمانیدا، دەوڵەتی سەفەوی لە لایەن بریتانیاوە دژی ئەمپراتووریەتی عوسمانی بەهێز دەکرێ. لە سەردەمی پەهلەویدا دژی یەکیەتی سۆڤیەت و کۆنترۆڵی وڵاتانی عەرەبی و پاراستنی ئەمنییەتی ئیسرائیل بەهێز دەکرێ، لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیشدا بۆ ڕاگرتنی باڵانسی هێزی نێوان شێعە و سوننەی دنیای ئیسلام و ئەمنییەتی ئیسرائیل و فرۆشتنی چەک وچۆڵ بە وڵاتانی ئیسلامی کەڵکی لێوەردەگیرێ! ئەمە یەکێک لە هۆیەکانی چاونووقاندنی ڕۆژئاوا بە سەر سەرکوتی نەتەوەکانی ئێرانە، چونکە تا ئێستاش ڕۆژئاوا پێویستی بە مانەوەی یەکپارچەیی جۆغرافیای ئێرانە.

هەروەک گوترا ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، کە تەنیا زمان و کەلتووری فارسی تێدا ئیزن پێدراوە و ئەوەی دیکە هەرچی هەیە خراوەتە پەراوێزی زمان و کەلتووری فارسەوە و هەر لایەنێکیش ئەوەی قبووڵ نەبێ، لە ژێر ناوی جوداییخواز و نۆکەری بیگانە دەسڕدرێتەوە. کەوابوو بێجگە لە کێشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەشوهەوا، سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە، کێشە لەگەڵ دنیای دەرەوە... کێشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێران ڕۆژبەڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە. بۆیە شیمانەی ئەوە دەکرێ کە دۆخی ئێران بە زوویی بەرەو نائارامی بڕوات و ڕێژیمی دەسەڵاتدای زاڵ بەرسەر ئێراندا تێک بڕووخێندرێ! هەربۆیە حیزب و ڕێکخراوە فارسەکان کە خۆیان بە سەرانسەری پێناسە دەکەن لە لایەک و حیزب و ڕێکخراوە نەتەوە بندەستەکانی ئێران لە لایەکی دیکەوە خەریکی پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و یەکگرتن لە ناو کۆتلەگەلی جۆراوجۆرن! هەرکام لەم کۆتلانە ڕێگەچارە و بەرنامەی تایبەتی بۆ داهاتووی ئێران هەیە. سەربەخۆیی نەتەوەکانی ئێران، فێدراڵیزم، مافی شارۆمەندی و گەڕانەوەی حکومەتی پاشایەتی ڕێگەگەلێکن کە بۆ بەڕێوە بردنی داهاتووی ئێران باسیان لێوە دەکرێ. بەڵام لەم کاتەدا کە ئێران لە دۆخێکی نالەباردایە و ئەگەری تێکچوونی لە بەرزترین ئاستدایە، ڕێژیم و شۆڤێنیزمی ئێرانی بە مەبەستی ترساندنی ئێرانییەکان و تێکشکاندنی نەرم ئامێری ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بە تایبەت لە شارە گەورەکان کە دانیشتوانیان لە

نەتەوەی فارسن، لە سەر دووان لەو سیناریوگەلە بە شێوەیەکی سەرنجراکێش مانۆڕ دەدەن و دەیانەوێ بەم شێوەیە درێژە بە دۆخی هەنووکە بدەن؛ بە دوای خۆپیشاندانەکانی شارەکانی ئێران لە زستانی ڕابردوو، ڕێکخراوی نێهزەتی ئازادی لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند کە لەبەریەک هەڵوەشانی کۆماری ئیسلامی بە واتای پارچە بوون و تەواو بوونی ئێرانە. واتە چارەنووسی ئێران و کۆماری ئیسلامی یەک چارەنووسە و بە ڕووخانی ڕێژیم، وڵاتی ئێرانیش تێکدەڕووخێ و پارچە پارچە دەبێ! ماوەیەک پێش ئێستاش جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران لە کۆبوونەوەی ژووری بازرگانی ڕێژیمدا هەمان وتەی ڕێکخراوی نێهزەتی ئازادی دووپات کردەوە و وتی مەبەستی دوژمنان ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نییە و بەڵکوو مەبەستیان لەناوبردنی وڵاتی ئێرانە! لەم پێوەندییەدا یەکێک لەو نموونانەی کە لە لایەن ئۆپۆزسیونی ساختە بۆ پارچە پارچە کردنی ئێران دوای کۆماری ئیسلامی دەهێنرێتەوە، یەکیەتی سۆڤیەت و ئاکامەکەی وەک داهاتووی ئێرانە. ئەم نموونە دوور لە ڕاستی نییە، لەوانەیە ئێرانیش وەک یەکیەتی سۆڤیەتی لێ بێت و ببێتە چەند دەوڵەتی سەربەخۆ. چونکە بیری سەربەخۆییخوازی لە نێو نەتەوەکانی بندەستی ئێران بە تایبەت لە کوردستاندا هەیە. بەڵام بیری پشت ئەم نموونە کە لە لایەن ڕێژیم و ڕێکخراوەکانی ئێرانییەوە زۆر جار باسکراوە، سەرنجڕاکێشە؛ ئەوەیکە

یەکەیتی سۆڤییەت بە نموونە دێننەوە، ناڕاستەوخۆ شۆڤێنیزمی زاڵ بە سەر ئێراندا، هاوکات لەگەڵ ئەوە کە فرەنەتەوە بوونی ئێران دەسەلمێنێ، ئەوەش دەردەخات کە تا ئێستا بە زەبری چەک نەتەوەکانی دیکە سەرکوت کراون و ترسی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا ترسێکی جیددییە و لەوانەیە ئێرانیش بەرەورووی چارەنووسی یەکەیتی سۆڤیەت ببێتەوە.

سیناریۆی دووهەم کە ڕێژیم و ئۆپۆزسیونی ساختەی ڕێژیم لە دەرەوەی ئێران لە سەری باس دەکەن، سووریەیی بوونی ئێران بە دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. سووریەیەک کە خولقاوی دەستی ڕێژیمە. بەم شێوەیە ڕێژیم و شۆڤێنیزمی زاڵ دەیانەوێ خەڵک لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین پاشگەز بکەنەوە و دۆخی هەنووکە باشتر لە دۆخی دوای کۆماری ئیسلامی پیشان بدەن.

ئەگەر سیناریۆی بە یەکەیتی سۆڤییەت کردنی ئێران و بە سووریەیی کردنی ئێران، بنینە تەنیشت ئەوەیکە گوترا ئێران لە چەند سەد ساڵی دواییدا ڕۆڵی کۆنترۆڵی ئەمپراتووری و وڵاتانی ناوچەی بۆ ڕۆژئاوا هەبووە، دوور لە چاوەڕوانییە کە ئەو دوو سیناریۆیە لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی، بێنە ئاراوە. چونکە ئێران بە هۆی هەبوونی دوو تایبەتمەندی بۆ پاراستنی ئەمنییەتی ئیسرائیل و کۆنترۆڵی وڵاتانی سوننە مەزهەبی ناوچە پێویستە، ئەو دوو تایبەتمەندییە بریتین لە مەزهەبی شێعە و ناسیونالیزمی ئێران کە هەر دووکی دژی وڵاتانی عەرەب و ئیسلامین و بە درێژایی مێژووی ئیسرائیل بۆ کەم کردنەوەی گوشار لە سەر ئیسرائیل کەڵکیان لێوەرگیراوە. بێ هێزکردنی ئێران واتە تێکدانی هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە قازانجی عەرەب و وڵاتانی سوننە مەزهەب کە زۆرینەی ڕەهای پێکهاتەی ناوچەکەن.

لایەنە شۆڤێنیستەکان بە گرنگیی جوغرافیای ئێران و مانەوەی ئێرانی یەکپارچە بۆ دابینبوونی بەرژەوەندیی ڕۆژئاوا دەزانن، بۆیە بەتوندی و بێ سڵەمینەوە دژایەتی ئەوەی مافی نەتەوەییە دەکەن و تەنانەت ڕێگەچارەگەلێک وەک فێدراڵیزم و خودموختاری بە توندی دەکەوێتە بەر هێرشیان و بە جوداییخوازی ناویان دەبەن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە لە وەها دۆخێکدا بۆ دەستەبەربوونی مافی نەتەوەیی لە ئێرانی داهاتوودا دەبێ چ بکرێ؟ بە تایبەت ئێستا کە لایەنە شۆڤێنییەکان بیرۆکەی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیان هێناوەتە ئاراوە و دەیانەوێ بەبێ ئەوەی کە سپای پاسداران و ئەرتەش و هێزە نیزامییەکانی دیکەی ئێران هەڵبزوشێنن، تەنیا دەسەڵاتەکە لە دەستی سیستمی ڕۆحانییەت بستێنن و بیدەنە دەستی بۆ وێنە کوڕی حەمە ڕەزاشای پەهلەوی، کە ئەمە بە دڵنیاییەوە بۆ سەرکوتی سەرلەنوێ نەتەوەکانی ئێرانە و درێژە بە سیاسەتی ئاسمیلەکردن و تواندنەوەی ئەو نەتەوانەیە، ئێستاکە نموونەی تێپەڕین لە حکومەتێکی سەرەڕۆ لە وێنزۆئێلا تاقی دەکرێتەوە و هەموو ڕۆژئاوا پشتیبانی دەکات، ئەو بیرۆکەیە خەریکە لە نێو گرووپە شۆڤێنییەکانی ئێرانیشدا بەهێزتر دەبێ، کە ئەمە ناتوانێ لە خزمەتی دابینبوونی مافی نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێراندا بێت، بۆیە حیزب و ڕێکخراوی سەربە نەتەوەکانی ئێران دەبێ ڕێگەیەکی بەتەواوی پێچەوانەی تێپەڕین ئەمە بگرنە پێش، چونکە خواستی ئەم ڕێکخراوانە بەتەواوی پێچەوانەی خواستی لایەنە شۆڤێنییەکانی ئێرانە. ئێران جیا لە بەهێزبوونی بار ژێئۆپۆلیتیکییەکەی، وڵاتێکی دەوڵەمەند و خاوەن نەوت، گاز و سەرچاوە سروشتییەکانە کە نەتەوەی فارس بە سەر ئەمانەدا زاڵە و ڕۆژئاواش ئەو زاڵ بوونەی قبووڵ کردووە و جیا لە ناوی فارس، ناوێک لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا نابیندرێ. واتە عەقڵیەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی، بەرژەوەندیی ڕۆژئاوا و ئەمنییەتی ئیسرائیل لە ئێراندا یەکیان گرتووە. بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم کۆسپە بەهێزانەدا، تەنیا ڕێگەچارە هێزی نیزامییە.

> **"نەتەوەکانی دیکەی ئێران ناچارن کە وەک کورد چۆن خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە و دووره لە تیرۆر و تۆقاندن، ببنە خاوەنی هێزی نیزامی خۆیان. کاتێک هەموان بوونە خاوەن هێزێکی نیزامی بەدسیپلین وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەوکات هاوکێشەکان بە قازانجی نەتەوەکان دەگۆڕدرێ"**

نەتەوەکانی دیکەی ئێران ناچارن کە وەک کورد چۆن خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە و دووره لە تیرۆر و تۆقاندن، ببنە خاوەنی هێزی نیزامی خۆیان. کاتێک هەموان بوونە خاوەن هێزێکی نیزامی بەدسیپلین وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەوکات هاوکێشەکان بە قازانجی نەتەوەکان دەگۆڕدرێ. ئەوکات ئیدی ئەوە نەتەوەکانی بندەستی ئێرانن کە بڕیار دەدەن کە داهاتووی ئێران چۆن بێت! چونکە لۆژیکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە ئێران بەشێکی گرینگییە، لۆژیکی چەک و هێزە و بە پێی ڕادەی هێز و وزە ماف دەستەبەر دەبێ!

ئەگەر سەیری دژکردەوەی ڕێژیم و شۆڤێنیزمی ئێرانی بەرانبەر بە ڕاسان بکەین بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە هەبوونی هێزی چەکدار چەندە گرینگە. کاتێک ڕاسان دەستی پێکرد ڕێژیم و لایەنە شۆڤێنییەکان کە خۆیان وەک هێزی سەرانسەری دژی ڕێژیم دەناسێنن، بە یەک شێوە و بە یەک ئەدەبیات تۆمەتی شەڕکردنی بەوەکالەتی عەرەبستان و ئیسرائیلیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەدا! ئەوان ڕاست دەیانزانی کە ئەم تۆمەتانە ڕاست نین و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد زۆر ڕیشەدارتر و خاوەن ڕابردووترە لەوەی کە ئەوان دەیڵێن، بەڵام بۆ ئەوەی کە بزووتنەوەی چەکداری کە هەڕەشەیە لە دەسەڵاتی هەردوو لایەن، نەمێنێ و بیکەنە شتێکی نەشیاو ئەم تۆمەتانەیان لە حیزبی دێموکرات دەدا. چونکە دەزانن تەشەنەی پێکهێنانی هێزی چەکداری بۆ نێو نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەواتای تێکشکانی دەسەڵاتی هێزی شۆڤێنییە بە سەر ئێراندا و گۆڕانی هاوکێشەکان بە قازانجی نەتەوە بندەستەکانە و ئەو نەتەوانە بە هێزی چەکدار دەتوانن دۆخەکە بە شێوەیەک بگۆڕن کە ڕۆژئاواش لەگەڵ خۆیان بخەن، چونکە بەهێز بوونی فاکتۆری نێوخۆیی گۆڕانی فاکتەری دەرەکیشی بەدواوەیە و لاوازیی فاکتەری نێوخۆییش بەردەوامی دۆخی هەنووکە لە فۆرمێکی دیکەی بەدواوەیە، وەک لاچوونی سەرکردەی تاجدار لە شۆڕشی ١٩٧٩ و هاتنە سەرکاری سەرکردەی عەمامەدار لە نەبوونی بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا. ئەگەر ئەمجاریش نەتەوەکانی ئێران نەبنە خاوەن هێزی چەکداری خۆیان و ئەو هێزە نیزامییەی هەنووکە (سپای پاسداران و ئەرتەش) وەک جاری پێشوو بمێنێتەوە، تەنیا سەرکردەی عەمامەدار دەگۆڕدرێ بە کراوات دار و پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێران و ئاسمیلە کردنیان درێژەی دەبێ!



# ٧ ئەگەرەکانی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی

ژیندا قادری




بزووتنەوەی کورد لە مێژووی هاوچەرخدا، چەندین قۆناغی تێپەڕاندووە و لەم ڕەوتەشدا ڕووداوی جۆراوجۆری ئەزموون کردووە کە دەکرێ بەپێی تایبەتمەندییەکانی ئەم سەربردەیە شیمانەی داهاتووی بکات. لەڕاستیدا ئەم بزووتنەوەیە بەجیا لە هێز و توانایی خۆی لەژێر شوێندانەریی فاکتۆرگەلێک وەکوو هاوکێشەکانی ناوچە و ئەو وڵاتانەی کە تیایدا هەڵکەوتووە، هەنگاوی هەڵگرتووە. هەربۆیە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەم فاکتۆرانە ناکرێ داهاتووی بە وردی شیمانە بکرێ، هەرچەند خودی شیمانەکردن بە مانای «پێشبینی» لە پرسە سیاسییەکاندا بەگشتی ورد نییە و دەقیق دەرناچێ. ئەگەر وای دابنێن کە ڕێژیم ناتوانێ بە ڕێکەوتنی دەرەکی و ڕیفۆرمی نێوخۆیی درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات کە ئیمکانی ئەمەش زۆر کەمە، ئەوە دەبێ بپرژێنە سەر چۆنیەتیی وەلانان و ڕووخاندنی ڕێژیم. بەم پێشەکییەوە دەبێ سەرەتا ئەوە لێک بدەینەوە کە بارودۆخی ئێران چۆنە و کورد لە کایە

> **“بزووتنەوەی کورد لە مێژووی هاوچەرخدا، چەندین قۆناغی تێپەڕاندووە و لەم ڕەوتەشدا ڕووداوی جۆراوجۆری ئەزموون کردووە کە دەکرێ بەپێی تایبەتمەندییەکانی ئەم سەربردەیە شیمانەی داهاتووی بکات”**

سیاسییەکانی داهاتوو لە کوێدا هەڵدەکەوێ. لە ئێستادا چەند گریمانەی سەرەکی سەبارەت بە داهاتووی ئێران هەیە کە بریتین لە؛ ١- ڕاپەڕینی جەماوەری ٢- لێدان و هێرشی نیزامی ٣- سەرهەڵدانی چالاکیی چەکداری و بەرەوڕووبوونەوەی نێوخۆیی. ٤- تێکەڵێک لە دوو یان هەر سێ ئەگەرەکە لە کۆتاییدا ببێتە هۆی گۆڕانی ڕێژیمی زاڵ کە ئەوەش وردی و دروستیی شیمانەکان دژوارتر دەکات. ئەگەری یەکەم، لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕوویدا و گێژەنەی ڕێژیمی ئەسەد بە ڕاپەڕینێکی جەماوەری لەق بوو. کوردیش لەم مەسەلەیە تا ڕادەیەک بە قازانجی دۆزی خۆی گواستەوە و لە ئێستەدا سەرەڕای گیروگرفتەکانی دەسەڵاتی کوردی لەم بەشە، بەڵام ئیمکانی ئەوەی کە بەرەو سەرکەوتن بڕوات زۆر زیاترە لەوەی کە بۆ دواوە بچێت. سەبارەت بە ڕۆژهەڵات، ئەم ئەگەرە زۆر بەهێزە و بە لەبەرچاو گرتنی سیاسەتی نوێی ئیدارەی ترامپ، دوو بابەتی فشاری دەرەکی و نارەزایی کەڵەکەکراوی نێوخۆیی، دەتوانێ ئیمکانی هاتنەئارای ئەم دۆخە زۆرتر بکا.

هەربۆیە یەکەم مەسەلە لەم بارەوە چۆنیەتی خۆتێوەردان و بەشداریی بزووتنەوەی کوردە لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ڕاپەڕینێکی گشتی. بۆیە دەستــەواژەی خۆتێوەردانمان لێرە بەکار هێناوە، چونکە کورد بە تەنیا ئاڵتەرناتیڤ نییە و بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە هاوکێشـەی سیاسی، پێویستە بەگشتی لە کایەی سیاسیی نێوخۆییدا حزووری هەبێ. ئەم توانایی‌یەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای ڕێکخستنی جەماوەریی و هاوتەریبی و هاوئاهەنگیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان. بژاردەی دووەم، ئەگەرچی وەکوو دوایین ڕێگە ئەژمار دەکرێ و ئەگەری ڕوودانی زۆر نییە، بەڵام بەو پێیە کە خەریکە بەرەیەکی ناوچەیی بە دژی بەرەی ڕۆژئاوا شکڵ دەگرێ، دەبێ جێگایەکیش بۆ ئەم ڕووداوە لە شیمانەی خۆماندا بکەینەوە. وەکوو کورد ئەم ئەزموونەمان لە باشووری کوردستان هەبووە و هێزی هاوپەیمانان بە پێشەنگایەتیی ئامریکا هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر هێزەکانی ڕێژیمی بەعس و کوردستانیش بە هاوکاریی ڕێکخستنە نێوخۆییەکانی و بە پشتیوانیی هێزی پێشـمەرگە کوردستان لە هێزی بەعسی عێراق بسڕێتـەوە. ئەڵبەت دەبێ ئەوەیش بوترێ کە وەرگرتنی پشتیوانیی دەرەکی لەو بارودۆخە بەو پێیە کە سەدام وەکوو بەرەیەکی هەڕەشەئامێز دەناسرا، زۆر ئەستـەم نەبوو و کورد توانی خۆی وەکوو لایەنێکی بەهێزی نێوخۆیی بۆ بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵاتی سەدام بە کۆمەڵگەی جیهانی بناسێنێ. شیمانەی سێهەمیش بە بەراوردی ڕابردووی ڕووداوە سیاسییەکانی پانتایی ئێران چ لە سەردەمی ڕەزاشا و چە لە سەردەمی خومەینیدا، ئەگەرێکی دیارە و دەشێت بە جیاواز لەسەری قسە بکرێ. جووڵانەوەی ٤٧ – ٤٦ لە کوردستان و دواتر ڕووداوی سیاهکەل لە باکووری ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتداریی پەهلەوی و سەرهەڵدانی بەهێزی بزووتنەوەی کورد و بەرگریی هەمەگیری کوردستان بۆ ماوەی یەک دەیە و بەشداریی هێزی نیزامیی ڕێکخراوە فارسەکان لە کوردستان بەدژی ڕێژیمی ئیسلامی ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە گرێکوێرەی چارەسەریی کێشەی دیکتاتۆریی نێوخۆیی بەستێنی جووڵانەوەی چەکداری لە ئێران پێک دێنێ و بەو پێیە کە لە ئێستادا ناڕەزایی‌یەکی گەورە لەو جوغرافیایەدا هەیە ئیمکانی مۆبیلیزەکردنی بۆ بەرەوڕووبوونەوەی هێزەکانی ڕێژیم بوونی هەیە. بەڵام ئەوە نابێ لە بیر بکرێ کە ئەگەرچی کورد لەبەر ئەوەی گرێدراوی چوارچێوەیەکی جوغرافیایی تایبەتە و پێویستی بە ڕووماڵی ئەم پانتایی‌یە لە هەلومەرجێکی وەهادا هەیە، بەڵام نابێ وەکوو دەسپێشخەری بەرەوڕووبوونەوەی چەکداری پێ بنێتە ئەم گۆڕەپانە. ئەم تێبینییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەزموونەکان پێمان دەڵێن هەرچەندە کە کۆمەڵ خوازیاری هێزێکی ڕزگاریدەر بێ، بەڵام ئەم هێزە دەبێ لە پانتایی‌یەکی بەرفراواندا ڕێ بە ماشینی شەڕی ڕێژیم بگرێ.

هەروەها ئەوەش نابێ لەبەرچاو نەگرین کە گەرمەی ماوەی دە ساڵ بەرگریی کوردستان، ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو تووشی شەڕێکی گەورەی دەرەکی لە بەرامبەر دەسەڵاتی بەعسی عێراق بوو. بەهەرحاڵ کوردستان دەبێ بۆ ئەم ئەگەرە لە پێشدا ئامادەکاریی خۆی کردبێ و لانیکەم هاوئاهەنگیی‌یەکی هەندەکیی لەتەک ئەو لایەنانەی کە بڕوایان بەم بەرگرییە هەیە، هەبێ. لەم بارەوە دەبێ ئیمتیازێکی تایبەت لەم بڕگەیە بۆ کورد قایل بین، ئەویش ئەوەیە کە هۆشیاریی و پەرەگرتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە لەناو نەتەوە بندەستەکان زۆر بەهێزترە لە جاران و دەشێت ئەم توانایی‌یە ببێتە هۆی بەرەیەکی یەکانگیر و ڕێژیم بەرەو لاوازیی تەواو ببات بە جۆرێک کە یان پاشەکشەی پێ بکات و ببێتە ئەرزی واقیع یان ئیمتیازی خۆی لەم بەهێزییەی وەربگرێ.

> هۆشیاریی و پەرەگرتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە لەناو نەتەوە بندەستەکان زۆر بەهێزترە لە جاران و دەشێت ئەم توانایی‌یە ببێتە هۆی بەرەیەکی یەکانگیر و ڕێژیم بەرەو لاوازیی تەواو ببات بە جۆرێک کە یان پاشەکشەی پێ بکات و ببێتە ئەرزی واقیع یان ئیمتیازی خۆی لەم بەهێزییەی وەربگرێ.

دوایین گریمانە کە باس لە پێکەوەبوونی دوو یا چەند هۆی هاوتەریب دەکات، بەهێزترین گریمانە و نزیکترین بژاردەیە لەبەردەم کورد و هێزە دێموکراتیکە پێکهاتەشکێنەکاندا. بۆیە دەڵێین بەهێزترین گریمانە، چونکە وەک دەزانین ڕێژیمی ئێران دەستی بەسەر وڵاتێکی پان و بەریندا گرتووە و خاوەنی چەندین گرووپی توندئاژۆیە کە مانەوەیان گرێدراوە بە مانەوەی ڕێژیم و هەربۆیە ئیمکانی ئەوەی کە پێ بنێنە گۆڕەپانی سـەرکوتی خەڵک، زۆرە. هەروەها پاککردنەوەی ئەم هێزانە لە پانتایی‌یەکی وەهادا ئاسان نییە و لە ئەگەری پاک کردنەوەشی ڕاگرتنی ئارامی و تەناهی بێ بوونی هێزی نێوخۆیی دژبەری ڕێژیم بۆ هێزی دەرەکی نالوێ. هەربۆیەش ئەگەری ئەوەی کە سەرکوتی پەرگیری ڕاپەڕینی جەماوەری ببێتە هۆی شەرعییەتی دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانەی هاوپەیمانان زۆرە و بەدڵنیایی‌یەوە هێزی دەرەکیش بۆ سەرکەوتنی تەواو لەم بارەوە پێویستی بە هاوپشتێکی نێوخۆ هەیە کە لەم دەستێوەردانە ڕەوایەدا بەشدارە بۆ لابردنی ئاسەواری هێزی دەسەڵات و لەم حاڵەتە هەر سێ ئەگەرەکە پێکەوە ڕوو دەدەن.

دوایین قسە ئەوەیە کە شیمانەکان تەنیا چوارچێوەیەکن کە پشت بە ئەزموون و هەڵە بۆ لێکدانەوە دەبەستن و دەبێ لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا چۆنیەتی شی بکرێتـەوە و ڕێوشوێنی گونجاو بۆ سڕینـەوەی دیکتاتۆرییەکانی وەکوو ڕێژیمی ئێران دەسنیشان بکرێ.



# ٨

# داهاتووی ئێران لە نەمانی کۆماری ئیسلامیدا

پەرویز جەباری

وەگێڕان لە فارسیەوە: هیوا میرزایی

## پێشەکێك بۆ چوونە نێو باسەکە

دۆزینەوەی وڵام یان بە جۆرێك پێشبینی کردنی جۆری ڕێژیمی سیاسی لە ئێرانی داهاتوودا بۆ باسێکی وەها گرینگ کارێکی هاسان نییە، لەبەر ئەوەیکە تێگەیشتن لە جۆری لەناوچوون و ڕووخانی سیستمی دینی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بەم ئاسانییە نییە. ئێمە لەم قۆناغەدا لەگەڵ سیستمێکی سیاسی بەرەوڕووین کە لە هەلومەرجی زۆر قەیراناوی جۆراوجۆر بەسەر دەبا، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە ئیمکاناتە جۆراوجۆرە سیاسی، سەربازی، دیپلۆماسییەکان و هتد... کە لە بەر دەستی دایە، ڕەنگە ئاراستەی قەیران و لە کۆتاییدا ڕووخانی خۆی بەرەو لایەکی دیکە ببات. بۆ نموونە: ئەم ڕێژیمە میراتگری سیستمی دیوانی ـ خوسرەوانی لە چوارچێوەی (ویلایەتی فەقیە)ە کە دەتوانێ لە هەلومەرجی جۆراوجۆر خۆی لە جۆرێکی دیکەدا بەرهەم بهێنێتەوە. جیا لەمە، دیسکۆرسی شێعەگەری و خوێندنەوە جیاوازەکانی ئەو، نوێنەرگەلێك لە دەسەڵاتگەلی جۆراوجۆر لە نێو ئەم ڕێژیمە دینییە هەیە و یان لە پێوەندیدان. بەم واتایە هەرچەند جیاوازی جۆراوجۆریان لەگەڵی هەیە، بەڵام لە ئەسڵ و بنەمادا لەم دیسکۆرسێك تەغزیە دەکەن. هەڵێنجانەکان لە ئیسلامی سیاسی لە شێوازەکاندا، لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان هەیە، بەڵام دەتوانن لە کاتە ئەستەم جۆراوجۆرەکان و هەلومەرجی قەیراناوی ئاگاداری یەکتر بن یان یارمەتیدەری یەکتر بن.
بە گریمانەی ئەوەیکە ئەم ڕێژیمە لە پوتانسیلەکانی خۆی بۆ مانەوەی بەهەر هۆکارێك نەتوانی کەڵکوەربگرێ و لە کۆتاییدا چارەنووسەکەی ڕووخان بێ، هەر ئەم جۆرە ڕووخانە و شێوازەکەی و یان ماوە و کاتەکەی لە بیچمگیری، دۆناودۆنبوون و تەکوزی سیاسی هەڵقووڵاو لی دەتوانێ کاریگەری جیاواز و کارتێکەری هەبێ. لە بنەڕەتدا شێوازی ڕووخان و یان لەناوچوونی ڕێژیمەیەکی سیاسی بە دامەزرانی سیستمی نوێی سیاسی و یان بەجۆرێك ڕێژیم و دەسەڵاتی سیاسی نوێ دەتوانێ زۆر پێوەندی بە یەکەوە هەبێ. بەسەرنجدان بەم هەلومەرجە دۆزینەوەی وڵام بۆ جۆر و شێوازی حاکمیەتی سیاسی ئێران لە داهاتووی نەمانی کۆماری ئیسلامی زۆر دژوار دەبێ.

### بەڵام ئەم دژواری کار و دۆزینەوەی وڵام لە کوێوە دەستپێدەکا؟

وێنەیەك لە بارودۆخی نێوخۆیی ئێرانی ئەمڕۆ و هەلومەرجی ئۆپۆزیسیۆنی ڕووخێنەر لە دەرەوە باشتر یارمەتیمان دەدا تاکوو بگەین بە قەبووڵکردنی دژواربوون و دۆزینەوەی وڵامەکان. ئەمڕۆکە گەندەڵی و ناکارامەیی سیستم، هەموو بەستێنەکانی گرتووەتەوە. ئاریشە و قەیرانە نێوخۆیی و ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکان گەیشتووەتە قۆناغێك کە دەتوانین بڵێین: لە چلەمین ساڵی ئینقلاب بارودۆخ لە هەر ڕوویەکەوە بۆ لەناوچوونی نیزام لەبارترە. زۆریەك لە بارودۆخە ناگونجاوەکان و نەرێنی لە بیاڤی مەسەسە سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و گشتییەکان بۆ کۆمەڵگا و خەڵك لە ئێراندا زایڵەی سیاسەتەکان و حاکمیەتی نیزامی سیاسی ـ دینی لە ئێراندا لە ماوەی حاکمیەتی ئیسلامگەراکاندا بووە. کاتێك ئەم بارودۆخە بۆ ناسینی زیاتر پرۆسەی گۆڕین لە ئێراندا وێنا دەکەین، تێدەگەین لە دەرئەنجامە نەرێنی و مانەوەی ئەم سیستمە لە داهاتووی ئێران و ئەم جوگرافیاییە.
دوورکەوتنەوەی نەتەوەیی، شوناسی، ئەخلاقی لە کۆمەڵگای ئێمە لە نێوان نەتەوەکاندا شکڵی گرتووە، بە جۆرێك دەتوانین بڵێین: ئێران بە شێوەی هەستپێکراو و هەست پێنەکراو بووەتە دورگەیەك جیا لەیەکتر کە بارودۆخ و ئازاری تایبەت بە خۆی هەیە. بەو واتایە کە دوورکەوتنێکی نیشتمانی و نایەکگرتوویی بۆ داهاتوو بیچمیگرتووە کە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکان نەتوانن لە تەنیشت یەکتر بۆ ناسینی جوگرافیای هاوبەش و سانتراڵ یەکتر قەبووڵ بکەن. ئەمڕۆکە ئیمە لەئێراندا شایەتی بارودۆخێکی ئاڵۆز لە نێوان نەتەوەکان لە ناوچە پەڕاوێزییەکانی ئێران و لە ناوەند داین کە مەیل و ئۆگرییان هەیە بۆ دوورکەوتنەوە لە ناوەند. ئەم حەز و ڕاکێشانە، پشتیوانی تیوریك، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە، بەو مانایە کە سیاسەتە هەڵەکان و کرداری توندوتیژانە و سەرکوتی توندی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و شوناسی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە ئێران لە لایەن دەسەڵاتی دینی ئەم بەستێنەی پێش لە هەرکات ئامادە کردووە. جۆرێك ناسەقامگیری دەروونی و ڕۆحی پێکهاتە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆحییەی گشتی و پێوەندی نێوخۆیی لە نێوان خەڵکی لە ناو بردووە. متمانە و یەکگرتوویی بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ حکوومەت لە لایەن گرووپە جۆراوجۆرەکانەوە تووشی درزی گەورە بووە. دامەزراوە گشتییەکانی کۆمەڵگا لە بواری دروستکردنی بەها کۆمەڵایەتی و فێرکارییەکان بە جەختکردنە سەر شوناسە جۆراوجۆرەکان نەتەنیا بوونی نەبووە، بەڵکوو هەر ئەو سیاسەتی داسەپێنراوە و دەستوورییەی ئەمڕۆکە بە سەرەنجدان بە سیاسەتەکانی سەرکوت و لە ناوبردن لە لایەن ڕێژیمەوە لە ناو چووە. لەسەر ئەم بنەمایە متمانەی گشتی زەبری بنەڕەتی وێکەوتووە. دامەزراوە فێرکارییەکان لە قۆناغی دەرەکی(بەرهەمهێنان) هەر ڕۆژ شکست، ئەزموون دەکەن. قەیران هەڕەشەیە لە بیاڤی متمانە و یەکگرتووی بە هۆی سیاسەتە شکستخواردووەکان لە بواری فەرهەنگ، فێرکاری، ئابووری، بەرنامەڕێژی و گردبوونەوە بەشێوەی گشتی، دامەزراوەکانی کۆمەڵگا و ژیانی مرۆیی لە ئێراندا. لەوەها دۆخێکدا کە بەرەو لێك هەڵوەشانەوەی ڕێژیمی ئیسلامی کۆتایی پێدێ، ناتوانرێ بەشێوەی ڕوون و دیاریکراو لە بڕگەیەکی زەمەنی دیاریکراو نیزامی سیاسی و سیستمی گونجاوی کۆمەڵگا دیاری بکرێ. ئەم وەزعە گەیشتووەتە شوێنێك کە زۆریەك لە خاوەنڕاکانی پرسی ئێران، چالاکە سیاسییەکانی حکوومەت و لەوان زیاتر بەرپرسانی نیزامی دینی بەجۆرێك دان بەم دۆخەدا دەنێن کە نێوەڕۆك و دیسکۆرسی کۆماری ئیسلامی تووشی تەفروتوونابوون و لە ناوچوون بووە، بەڵام لە ڕواڵەت و چوارچێوەی خۆیدا بە هۆی لەبەردەستدابوونی سەرچاوە ماددی و سەربازییەکان بۆ سەرکوت و سیاسەتی توندوتیژی بەهۆی هێندێك لە لایەنگرە عەقیدەتی و بەکرێگیراوی خۆیان،

> دوورکەوتنێکی نیشتمانی و نایەکگرتوویی بۆ داهاتوو بیچمیگرتووە کە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکان نەتوانن لە تەنیشت یەکتر بۆ ناسینی جوگرافیای هاوبەش و سانتراڵ یەکتر قەبووڵ بکەن.



هێشتا لە جێگەی خۆیان ماونەتەوە. بەڵام بە گۆشاری ڕۆژ بە ڕۆژی دەرەکی لە بیاڤی گەمارۆ، سیاسەتی ماڵی، دیپلۆماسی و وزە ئەم دۆخە هەر ڕۆژ بە زەرەری نیزامی دینی دەشکێتەوە. بەڵام ئەم بەستێنانە و هەقیقەتە مێژووییانەی کۆمەڵگا و ناوچە جۆراوجۆرە شوناسییەکانی ئێران لە سەر بنەمای شوناس، جوغرافیا، زمان و پێوەرە نەتەوەییەکانی دیکە هەمیشە و لە بنەڕەتدا لە یەکتر جودان. لە ماوەی ئەم ساڵانەدا کارکرد و سیاسەتە گشتی و وردەکانی ڕێژیم لە هەموو بیاڤەکان لە پێوەندی لەگەڵ پێکەوەبوون و یەکگرتووی نێوخۆیی ئەوی خێراتر کردووە. بەمشێوەیە کە ناوچە جوغرافیا و شوناسییەکانی ئێران تووشی لێکدابڕان و دوورکەوتنەوە لە ناوەند بوونە. تا شوێنێك کە هێندێك لە گسلەکانی شوناس و نەتەوەیی لە ناوچە جۆراوجۆرەکان لە حاڵی تەکان خواردن و جووڵەن. بێگومان گۆڕانکارییەکانی ئێستا لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە ئێرانی داهاتوو، خێرایەکی زۆرتر و کاریگەرتر بە جووڵەی ئەم گوسلانە دەدا. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین: پارامێترە هاوبەشەکانی نێوان خەڵکی ئێران زۆرتر هەژاری، گرانی، گەندەڵی،

> **“ پارامێترە هاوبەشەکانی نێوان خەڵکی ئێران زۆرتر هەژاری، گرانی، گەندەڵی، بەرتیل و سەرکوتە، ئەویش بە توندی و ڕێژی جیاواز لە ناوچە جۆراوجۆرەکان لەسەر بنەمای دووری و نیزیکی چینەکان بە دەسەڵاتی ناوەندی. ”**

بەرتیل و سەرکوتە، ئەویش بە توندی و ڕێژی جیاواز لە ناوچە جۆراوجۆرەکان لەسەر بنەمای دووری و نیزیکی چینەکان بە دەسەڵاتی ناوەندی. بەڵام سیاسەتە توندووتیژییەکان، هەڵاواردنانە، ئایینی، شوناسی ئاوێتە لەگەڵ سەرکوتیش ئاکامگەلێکی هەتاهەتایی و ئازارهێنەری وەك ڕەنج، بێکاری، هەژاری، قەیرانەکانی ژینگەیی، دواکەوتوویی و زۆر شتی دیکەی لە نێو لۆژیکی نەتەوەکان دروستکردووە کە ئەم مەسەلە خۆی بووەتە هۆی دوورکەوتنەوەی بەشێکی زۆرتر لە سەرزەوی و جوغرافیای ئێران لە یەکتر.

هەروەها پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران لە بواری دیسکۆرس و هێزی سیاسی سەرانسەری لە ماوەی ساڵەکانی دوای ئینقلاب تووشی تەفرووتوونابوون بووە. لەم ڕێگەیشدا ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرایش بە جۆرێك لە ڕاستای سیاسەتەکانی سڕینەوە و لەبەرچاونەگرتنی شوناسە غەیرە فارسەکان جووڵاوەتەوە.

ئاکامی ئەم گەشە و بەرەوپێشچوونی دیسکۆرسی شوناسی ـ کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەڵێنجانی سیاسی دیکە لە نێوان نەتەوە غەیرە فارسەکانە کە بە




تێڕوانینێکی مودێرن و دێموکراتیك بە سیاسەت و دەسەڵات، بووەتە جێگرەوەی دیسکۆرسی ئێرانگەرایی و غەیرە دێموکراتیك لە ئێراندا. ئەم نەتەوانە بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی کەسانی دیکە، مودێلگەلی سیاسی لە بیاڤی کردار و بۆچوون، بۆ بیچمگرتنی نیزامی نوێی سیاسی کە جێگرەوەی نیزامی ناوەندگەرا و توتالیتێر لە ئێران هەنگاو هەڵدەگرن. ئەم بابەتە دەتوانێ بەشێوەی نیزامێکی دێموکراتیك و فێدراڵ بە بەشداریی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە جۆغرافیای ئێران بێ و یان بەشێوەی حکوومەتگەلی ناوچەیی و نەتەوەیی بە شوناسگەلی دێموکراتیك و سەربەخۆ شکڵ بگرێ. لەسەر بنەمای هەر ئەم واقێعیەتانە و دەفرایەتی جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە نێوخۆ و ناوچە دەرفەت و هەڵکەوتی وەها بیچمگرتنێك لە دەسەڵات و نەقشەگەلی نوێ بوونی هەیە، تا ئەو شوێنەی کە دەتوانین بڵێین: دەسپێکی ئەم ڕەوتە کە نیشانەکانی بە زۆری دەبینرێ دوور لە ئارەزوو و خواستی مێژوویی و سروشتی خەڵکانی ئەم جۆغرافیایەیش نییە. بە کورتی بارودۆخی ئێران لە بیاڤی پێکەوەبوون و یەکگرتوویی نێوخۆیی لە خراپترین حاڵەتی خۆی دایە، دۆخێك کە بێگومان کاریگەری

“

پێشینەیەکی مێژوویی خراپ لە سیاسەت، دەسەڵات و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە خۆی لە ڕێگەی چوارچێوەی سیاسەت، حکوومەت و کۆمەڵگا نیشان داوە، دیمەنێکی جوان و جێگای پێداهەڵگوتنی نییە. ئەم دیمەنە زایەڵەی ئامانج، نیەت، چییەتی نێوخۆیی نەتەوە، زمان و تەکووزی حاکمە کە ئەزموون و کارنامەی ئەوان لەم بیاڤەدا جێگەی متمانە و دووبارە بەیەکەوە بوون نییە.

”

ڕاستەوخۆ دادەنێ لەسەر بیچمگرتنی داواکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خەڵکی ئێران بۆ شکڵگیری پێکهاتە و نیزامی سیاسی داهاتوو. بەم بێ هیوایی و کارکردی هێزە سیاسییەکانی نێو گۆڕەپانی نادێموکراتیکی ئێرانە کە ئەم تێڕوانینە بە ئێمە دەدا کە ئاوا بە ئاسانی بگەین بە ئەم لێکدانەوە و بۆچوونە کە بیچمگرتنی نیزامێکی ناوەندگەرا و سەرانسەری بە هەر جۆر نێوەڕۆکێکی دێموکراتیك یان غەیرە دێموکراتیك، سیکولار لە داهاتووی ئێراندا نەلواوە. ئێران بە هەبوونی پێشینەیەکی مێژوویی خراپ لە سیاسەت، دەسەڵات و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە خۆی لە ڕێگەی چوارچێوەی سیاسەت، حکوومەت و کۆمەڵگا نیشان داوە، دیمەنێکی جوان و جێگای پێداهەڵگوتنی نییە. ئەم دیمەنە زایەڵەی ئامانج، نیەت، چییەتی نێوخۆیی نەتەوە، زمان و تەکووزی حاکمە کە ئەزموون و کارنامەی ئەوان لەم بیاڤەدا جێگەی متمانە و دووبارە بەیەکەوە بوون نییە. ئەلف ـ نەبوون یان لاوازبوونی هاوپێوەندی و پێوەندی کۆمەڵایەتی بەتایبەت لە ئاستی سەرانسەری و یا ئەوەیکە لە ئێراندا بە شێوەیەی درۆینی شوناسی نەتەوەیی ناسراوە. ب ـ لاوازبوونی پێوەندی چینە جۆراوجۆرەکانی

کۆمەڵگا لەگەڵ دامەزراوە دینی و سوننەتییەکانی کۆمەڵگا وەك کۆڵەکەکانی ڕەوایی دیسکۆرسی حکوومەتی.

پ ـ نەبوونی حیزبی سەرانسەری جێگەی باوەڕ و قەبووڵی کۆمەڵگا، بەربڵاوتر لە شوناسە نەتەوەیی، زمانی و ناوچەیی.

ت ـ کەلێنی چینایەتی بەربڵاو کە ئاکامی ڕانتە حکوومەتییەکان، ئیختلاس، دزی و گەندەڵی دەوڵەتییە.

ج: هەست بە ناهومێدی، بێ هیوایی لە بارودۆخی ڕۆژ و داهاتوو، بەجۆرێك تەریککەوتنەوەی کۆمەڵگا لە نێو خۆیدا. ئەم دۆخە کاتێك لە حاڵی زیادبوون دایە کە بەشێکی گەورە لە خەڵکانی پەراوێزی کۆمەڵگا بە لایەنگر مەزهەبییەکان لە ژێر کاریگەری ئیدۆلۆژی فاشیستی نیزام و لە خزمەت سیاسەتە توتالیتاریستییەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندان. ئەم دۆخە بووەتە هۆی بەدوورگە بوونی چارەنووس و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێران. هەر لەم بەستێنەدا کۆماری ئیسلامی بە کەڵکوەرگرتن لە بۆچوون و باوەڕە فاشیستی ـ ئیسلامییەکان هەوڵی داوە تاکوو دامەزراوە بنەڕەتی و مەدەنییەکانی کۆمەڵگا بە قازانجی خۆی بگۆڕێ. بە سڕینەوە و بە لارێدابردنی دامەزراوە خەڵکییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی هەوڵی داوە هەئیەتەکان، حوسێنییەکان، ناوەندە مەزهەبییەکان و پایەگاکانی بەسیج بەشێوەی گشتی بخاتە خزمەت سیاسەتە کونترۆڵی و سەرکوتی خۆی.ئاکامی ئەمە بووەتە هۆی جۆرێك بەرەوڕووبوونەوە و پێکدادانی کۆمەڵگا لە بەستێنە جۆراوجۆرەکاندا، کە لە کۆتاییدا دەرئەنجامەکەی بووەتە کەلێنی زیاتری کۆمەڵگا لە داهاتووی ئاڵوگۆڕ و گۆڕاندا. ئێران بە هۆی سیاسەتی ئیدۆلۆژیك، پشتیوانی ماددی و مەعنەوەی لە بزووتنەوە ڕادیکاڵ، ئیسلامگەرا و تەکووزشێوێنەکان لە ناوچەدا، لە ڕاستای باوەڕ و عەقیدەی سیاسی ـ دینی خۆی هەمیشە مانەوە و بەردەوامبوونی خۆی لە بوونی قەیران لە ناوچەدا بینیوەتەوە. بەم مانایە لە ماوەی دەسەڵاتداری خۆی هەمیشە لە هەوڵی پێکهێنانی قەیران، نائارامی، پێداگری ئیستراتیژی و بەرنامەی خۆی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بووە. ئەم سیاسەتانە و ئیستراتیژی هەوڵدان بۆ کاریگەریدانان لە ناوچە لە ڕێگەی ئیسلامی سیاسی و پرۆژەی هیلالی شێعی ئەنجام دراوە. بەشێکی گەورە لە سیاسەت و بەرنامەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لە ناوچە، ئاموزشی هێز و نەفەراتی خۆی لە نێو گرووپە جۆراوجۆرە مەزهەبی و غەیرە مەزهەبییەکانە. لە بنەڕەتدا بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتە گێرەشێوەنییەکانی خۆی باسکگەلێکی لە ناوچە هەیە، کە هەر کامیان بە جۆرێك لە ژێر پشتیوانی ئیتلاعاتی، ماڵی، فەرهەنگی، خزمەتگوزاری، ئەمنییەتی، پرۆپاگەندەیی، میدیایی، عەقیدەتی و مەزهەبی کۆماری ئیسلامین. کۆماری ئیسلامی بوون و پشتیوانی خۆی لەم هێزانە لە ڕاستای قووڵایی ئیستراتیژیك و سیاسەتی خۆی لە ناوچە دەزانێ کە لە چوارچێوەی سیاسەتە گشتییەکانی حکوومەت پێناسە دەکرێ. ئاکامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەمانە لەسەر سیاسەتی ئەمڕۆ و داهاتووی ئێران لەکەس شاراوە نییە. ئاکامگەلێکی نەرێنی، وێرانگەر و تێکدەرانە لە هەموو بەستێنەکاندا. هەر تەکووزیەك کە بیهەوێ لە ئێراندا بە هەر جۆر سیاسەتێك بێتە سەرکار لەگەڵ ئەم گرفتە کە نیزام لە ناوچە دروستی کردووە و دەتوانێ لە هەولومەرجی جۆراوجۆر خانە ئەمنییەتی و سربازییەکانی ئەوان چالاك ببنەوە، دەبێ دەستەوێخە بێ. ئایا بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، باسکەکانی چالاك دەبن یان لە ناو دەچن؟ ئایا ئەوان بەو گۆڕانکاریانە کە پێکهاتووە و بە کەڵکوەرگرتن لە سامان، چەکوچۆڵ و هێزی مرۆیی، عەقیدەتی و سەربازی بەجێماو لە کۆماری ئیسلامی دەستەدەکەنە بەربەرەکانێ و دژایەتی لەگەڵ حکوومەتی نوێ؟ هاوپەیمانی و هاوکارییەکان و گرووپەندییە نوێیەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە حیزبی، گرووپی، ناوچەییەکان لە بەجێماوانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و جیهان بۆ دژایەتی لەگەڵ حکوومەت و دۆخی دوای گۆڕانکاری لە ئێران بە چ شێوەیەك بیچم دەگرێ؟ زۆریەك لەم پرسیارانە و هەلومەرجی داهاتوو ئێمە بەرەو هەڵکەوتێکی پێشبینی نەکراو لە داهاتوودا دەکێشێ. بەڵام سەرەڕای ئەمە هەر کام لە هاوپەیمانییەکان و نیزیکبوونەوەی هێزە سیاسییەکان بۆ سەقامگیرکردنی تەکوزیەکی سیاسی یەکگرتووخواز بە توخمگەلی پلۆرالیزم یان بە پێچەوانەی ئەو، لە دوای ڕووخان لە سیاسەتی ئێرانی داهاتوو کاریگەری دەبێ. هەلومەرج و دۆخی نێوخۆیی ئێران کە ئاماژەمان پێکرد کاریگەریەکی ڕاستەخۆیی لەسەر بیچمگرتنی مودێلە حکوومەتییەکانی داهاتوو دەبێ. بێگومان دوورکەوتنەوە و نەبوونی یەکگرتوویی لە کردار و تیوری لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ئێرانی ئەمڕۆ، کاریگەری نەرێنی دادەنێ لە قۆناغی تێپەڕبوون و پێکهێنانی تەکووزی سیاسی. بەم پانتاییە لە هەڕەشە و شتە ناڕوونەکان، لە ئارایشی داهاتووی سیاسی ئێران، ناکرێ بگەین بە تەوەرێکی ناوەندگەرا و شوناسی یەکانگیر زاڵ بەسەر چارەنووسی خەڵکی ئێران و کۆدەنگ بین، لەبەر ئەوەی نە دەلوێ و نە بەکەڵکە.

> “ بێگومان دوورکەوتنەوە و نەبوونی یەکگرتوویی لە کردار و تیوری لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ئێرانی ئەمڕۆ، کاریگەری نەرێنی دادەنێ لە قۆناغی تێپەڕبوون و پێکهێنانی تەکووزی سیاسی ”

## فێدراڵیسم،کۆجێی خواز یان هەنگاو هەڵگرتن بەرەو دیاریکردنی چارەنووس لە چوارچێوەی سەربەخۆیی

پێشبینی ئاڵوگۆڕەکان و پرۆسەی گۆڕانکارییەکان لە ئێراندا بە پێی زۆریەك لە هۆکارەکان ئاسان نییە و ناتوانرێ ڕۆڵ و کاریگەری هەموو بگۆڕەکان لە بیچمگیری مودێلە سیاسییەکان بۆ حکوومەتی داهاتووی ئێران تاوتوێ بکەین. بەڵام گێچەڵ و سیاسەتە هەڵەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتداری خۆی بەستێنی بەرەو دوورکەوتنەوەی سیاسی و سەرزەوینی لە داهاتووی ئێراندا ئامادە کردووە. هەر کام لە دەرئەنجامە سیاسییەکانی کارکرد و پێوەندییە ئەمنییەتییەکان و دەستێوەردانە ناوچەییەکان لە داهاتووی ڕووخانی ڕێژیم وەك بگۆڕێکی کاریگەر لەسەر بەدوورکەوتنەوەی سیاسەت لە نێو نەتەوەکانی ئێران خۆی دەردەخا. هەروەها جۆرێك بەربڵاوی سیاسی، فکری، شوناسی و چییەتی لە شێواز و ئامانج لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا بوونی هەیە کە نە تەنیا لەم قۆناغەدا ناتوانێ بگا

بە کۆبەند و هاوپەیمانی، بەڵکوو لە داهاتووی ڕووخانی سیستمی دینی ئەم جیاوازییانە لە شێواز و چییەتی سەرلەنوێ دەستپێدەکاتەوە. لەبەر ئەوەیکە هێزە سیاسییەکان بە عەقیدە و ئیدۆلۆژیگەلی جۆراوجۆر زۆر لە یەکتر دوورن. لەو ماوەیەدا کە لە دەرەوەی ئێران وەك ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی دینی بوون لە ماوەی چل ساڵدا نەیانتوانیوە لەیەکتر نیزیك ببنەوە و یان بەپێی مودێل و پلاتفۆرمێك بۆ داهاتووی ئێران کە وڵامدەری داواکارییەکانی هەموان بێ بگەن بە ڕێککەوتن. ئەمە خۆی لەو ئاریشە بنەڕەتییانەیە کە بە ڕووخانی سیستمی دینی نە تەنیا چارەسەر نابێ، بەڵکوو دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە کە هاوپەیمانی و گرووپەندییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بەدوای خۆیدا دەکێشێ. بەسەرنجدان بە بەربڵاوی تێڕوانینە سیاسییەکان لە بەستێنە جۆراوجۆرەکاندا لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ناوچەیی و کۆچێیخواز لە ئێران بە هاتنی کاراکتری دیکە لە داهاتووی ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامی، بەربڵاوی و زۆری ئەم جیاوازییانە بۆ نەقشەڕێگایەکی هاوبەش دژوارە. لەمڕووەوە بیچمگیری سیستمێکی ناوەندگەرا لە ئێران بە هۆکاری جۆراوجۆر وەك ئەزموونی سیستمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی نەلواوە. سیاسەتە وێرانکارییەکانی چل ساڵ دەسەڵاتداریەتی دینی و میراتی پاشایەتی وەك میراتی شووم بۆ نەتەوەکانی جوغرافیا و فەلاتی ئێران ئەم ئەزموونەی دروستکردووە کە سەرلەنوێ بە ڕێگایەکدا نەڕۆن کە بە خوێن و سەرکوت، ئەمەیان لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو ئەزموون کردووە. کارکردی نیزامی سیاسی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتی خۆی لە ئێران و سیاسەت و شێوازی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوە لە بەرانبەر یەکتر ئەم واقێعیەتەی بۆ ئێمە ڕوون کردووەتەوە کە ئێران هیچ شانسێکی نییە لەگەڵ ڕێژیمێکی ناوەندگەرا. بە ڕوانین لە ڕووداو و بەستێنەکانی گەشەی ناسەقامگیر و ناوچەگەر بە جەختکردن لەسەر ناوەند و لەبەرچاوەنەگرتنی شوێنەکانی دیکە، هەروەها وێرانکاری فەرهەنگی، شوناسی، زمانی، جوغرافیایی، ژینگەیی و سەرزەوینی لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی پاشایەتی و ئیسلامی، ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە هەمیشە لە نێوان نەتەوەکان و هێزەکانی دادەپەروەر تەوەر کە متمانەیان بە نیزامێکی کۆچێی بە تایبەتمەندی پێکهاتەی سیاسی ناوەندگەرا نەبووە. هێندێك لەو بڕوایەدان کە لەسەر بنەمای خوێندنەوەکانی ئەمڕۆ و بەربڵاوی سەرچاوەکانی سامان و کار لە ئێراندا لە بواری سەرچاوە سەرەتاییەکانی وزە، ئاو، هاوردن و بردن، کشتوکاڵ، هێزی مرۆیی بۆ گەشەیەکی سەقامگیر نیزامێکی کۆچێی کارایی نابێ. بەڵکوو لەسەر بنەمای جۆرێك بەرنامەڕێژی شاری و لەسەر بنەمای دابەشکاری دێموکراتیکی گەشە دەتوانرێ لە بواری ئیداری و دابەشکاریی کێشوەری لەسەر بنەمای جەمسەربەندی بگەی بە سیاسەتێکی دوورکەوتنەوە لە ناوەندگەریەتی. ئەم جۆرە تێڕوانینە بە سڕینەوەی بابەتی نەتەوەکان و شوناسی جوغرافیایی ـ سەرزەوینی لە ڕوانگەی ئابووری ـ ئیداری دەپرژێتە بابەتەکە. بەسەرنجدان بە ئەوەی کە ناتوانێ لە بەرنامەڕێژی خۆی بپرژێتە گەشە و دادپەروەری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە جوغرافیای نەتەوەکان، ناتوانێ مەسەلە بنەڕەتییەکانی نەتەوەکان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی بە جەختکردن لەسەر سیاسەت چارەسەر بکا، ناتوانێ کۆمەڵگا بە جۆراوجۆری زمانی، فەرهەنگی، شوناسی، ئایینی جۆراوجۆر لەبەرچاو نەگرێ، بەڵکوو هەر جۆرە بەرنامەڕێژیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبێ لەسەر بنەمای تواناییەکان و پێداویستییەکانی فەرهەنگی و ناوچەیی کۆمەڵگا بێ. پسپۆڕانی بیاڤی زانستی کۆمەڵایەتی، لێکۆڵەرانی خەڵکناسی، چالاکانی سیاسی و خاوەنڕاکانی زانستی مرۆیی لە تەنیشت لێکۆڵەرانی گەشە و ئابووری زانان بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا و خەڵکی ئێران دەتوانن بگەن بەم واقێعیەتە زانستی و مێژووییە کە باشقە و مودێلی کۆچێی خوازانە بە جەختکردنە سەر سیاسەتی یەك زمان، یەك نەتەوە، یەك فەرهەنگ وڵامدەری ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێران و جۆراوجۆری داواکارییەکانی خەڵکی جۆراوجۆری ئەم خاکە نییە و بگرە جەختکردن و پێداگری لەسەر ئەم سیاسەتە و ئەم شێوازە لە نیزامی سیاسی هیچ ئاکامێکی گونجاو و هەتاهەتایی بۆ هیچکەس بەدواوەوە نابێ. بەڵکوو بۆ گەیشتن بە سەقامگیربوونی سیاسی و گەشەی سەقامگیر و بەربڵاو لە ئێراندا و کەڵکوەرگرتن لە هەموو پوتانسیلەکان، پێویستە بیر لە مودێل و نیزامێکی سیاسی دێموکراتیك و ناناوەندگەرا بکەینەوە. ئەمە واقێعیەتێکی مێژووییە کە بە هۆی زۆری و بەربڵاوی قەیران و ئاریشە بێ ژمارەکانی سەردەمی پاشایەتی و ئیسلامی، ڕێگەیەك بێجگە لە بەشداریی خەڵکە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە چارەنووسی سیاسی خۆیان و دابەشکاری دەسەڵات لە بیاڤە جیاوازەکانی دیکە بوونی نییە. لەسەر ئەم بنەمایە فیدراڵیسمێکی دێموکراتیك لەسەر بنەمای جوغرافیای نەتەوەیی کە لە پشتیوانێکی دێموکراتیکی هەبێ دەتوانێ خاڵی بەهێزی هاوکاری و دروستکردنی داهاتووی وڵاتێك بێ کە هەر کام لە نەتەوەکان و جۆراوجۆرییە دینی و مەزهەبییەکان بزانن کە دەنگ و بیرکردنەوەی ئەوان لە دروستکردنی وڵات و یاسای بنەڕەتی کاریگەری هەیە. لەم برگە مێژووییە بە هۆکارگەلی زۆر ناتوانرێ ئەم چاوەڕوانییەمان هەبێ کە گۆڕانکاری و دروستبوونی تەکووزی سیاسی نوێ دوور بێ لە گرژی و ناتەبایی. ئەم گرژیانە و پێکدادانانە لە تیوری و کرداردا میراتێکە کە لە سیاسەتی هەڵەی حکوومەتەکانی پێشووی ئێران بۆ ئێمە ماوەتەوە. بۆ تێپەڕین لەم بارودۆخە و دامەزراندنی حکوومەتی دێموکراتیك لە داهاتووی ئێران، هەنگاونان بەرەو فێدراڵیسم یەکێك لە ئەم هەڵبژاردنانەیە. بە هۆی تێڕوانینی ناوەندگەرا و سڕینەوەیی لە لایەن حکوومەت و هەروەها ئۆپۆزیسیۆن، ئێمە شایەتی جۆرێك لێکدابڕان و دوورکەوتنەوەی مەترسیدار بووین. هەربۆیە لە سونگەی واقێعیەتی سیاسی ئێرانی ئەمڕۆ، چارەسەرێك بێجگە لە فێدراڵیسم بەشێوەی پۆلۆرالیزم لەسەر بنەمای جوغرافیایی ـ نەتەوەیی، نەتەوەکانی ئێران، وەك لانیکەمی خواستی نەتەوەکان بۆ دەرچوون لە ئەم بارودۆخەی قەیرانەمان نییە. بێگومان تەکووزی سیاسی بیچمگرتوو لە فێدراڵیسم لە بیاڤەکانی سیاسی،

> سیاسەتە وێرانکارییەکانی چل ساڵ دەسەڵاتداریەتی دینی و میراتی پاشایەتی وەك میراتی شووم بۆ نەتەوەکانی جوغرافیا و فەلاتی ئێران ئەم ئەزموونەی دروستکردووە کە سەرلەنوێ بە ڕێگایەکدا نەڕۆن کە بە خوێن و سەرکوت، ئەمەیان لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو ئەزموون کردووە

ئابووری و کۆمەڵایەتی بەستێنێکی گونجاوە بۆ قەرەبووی بەشێك لە سیاسەتە غەیرە واقێعییەکان و یەکلایەنە لە سەد ساڵی ڕابردوو لە ئێراندا. هەرجۆرە بەربەرەکانی و کارشکێنی لە ڕێگەی بەدەستهێنانی ئەمە، بەستێن ئامادە دەکا تاکوو ئەم نەتەوانە بژاردەی دیکە کە مافی سەرەتایی و سروشتیانە هەڵبژێرن. بەڵام ئەم مودێل حکوومەتییە دەتوانێ هۆکارێك بێ بۆ تێپەڕین لە قەیران و پەرتەوازەیی سیاسی تاکوو لە داهاتووی نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی بەهۆی ڕووخانی ڕێژیم، پێشگیری بکرێ لە قەیران، لە شەڕ، توندوتیژی و وێرانکاری. دەبێ ڕووەکەی دیکە دراوەکە کە دەتوانێ بەستێنی بێ متمانەیی، کەلێنەکان و جیاوازییەکان دروست بکا، ببینین و بیری لێبکەینەوە. بەستێنێك کە هیواشی و سەرنج نەدانی ئێمە لە بوارانەدا و بەستێنی هەنووکەیی ببێ بە شەڕە بێ ئاکام و نیابەتی، توندوتیژی، تیرۆر و نەبوونی تەکووزی هەمیشەیی سیاسی ـ ئەمنییەتی بۆ دەسەڵاتە جۆراوجۆرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان. پێکهێنانی سەقامگیرییەکی سیاسی، ئەمنییەتی بەردەوام و دروستکردنی تەکووزی سیاسی لەسەر بنەمای کارکردی دەروونی و گەشەی کۆمەڵگا، ئاکامی عەقڵانیەت لە سیاسەت دایە. ئەم بارودۆخە تاڕادەیەك دەتوانێ وڵامێك بێ بۆ کەلێن، نادادپەروەری، بێ متمانەی و سیاسەتەکانی یەکلایەنانەی دەسەڵاتە کۆجێی خوازەکان لەسەر بنەمای یەکپارچەسازی نەتەوە پێکهێنەرەکانی جوغرافیای ئێران. بێگومان لە قۆناغەدا دەتوانرێ بە سەرەنجدان بە دەسکەوت و دەرئەنجامە ئەرێنییەکانی سیستمی فێدراڵ بگەین بە جۆرێك یەکگرتوویی دەروونی و سەقامگیر لە نێو نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا. یەکگرتوویەك کە دەتوانێ لە بەستێنی حقووقی، فەننی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری بوار بۆ بەرەوپێشچوون و کامڵکردنی ئەم پرۆژە لە ئاستی سەرانسەری برەخسێنێ. ئەم لێك نیزیکبوونەوە و یەکگرتوویی سیاسی، کۆمەڵایەتییە لە نێوان ئەکتەر سیاسی و هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان نەتەوەکانی سەرزەوی ئێران بە جۆرێك گەرەنتییەکە بۆ تێپەڕبوون لە زۆریەك لە قەیرانەکانی دیکە کە تایبەتە بۆ وەها هەلومەرجێك. بە ڕوانین بە وەزعیەتی ئێستا و بوونی ئەزموون لە نیزامەکانی ڕابردوو لە ئێراندا، هیچ سیاسەت و ئیدۆلۆژێکی سێکولار و یان مەزهەبی ناتوانێ بە بەرنامەی یەکدەست سازی کۆمەڵگا و شوناسە جۆراوجۆرەکان دەست بداتە سیاسەتی یەکسان سازی فەرهەنگی، زمانی، شوناسی و نەتەوەیی، لەبەر ئەوەیکە هەر لەسەرەتاوە ئاکامێکی بێجگە لە شکست نابێ. تێپەڕین لە ئەم خواستانەی خەڵك و بێ وڵام هێشتنەوەی ئەوان و ڕووخانی بانی بەرزی خواستە مێژووییەکانی خەڵکی ئێران لە هەموو بەستێنەکان، ئێمە بەرەو دۆخی بێ نەزمی بەردەوام و چارەنووسی ناڕوون دەبا کە دەتوانێ بەستێنێك بێ بۆ قەیرانگەلی دیکە کە لە بیاڤی چالاکیە سیاسی و بەرنامەڕێژییە کۆمەڵایەتییەکانی هێزە سیاسییەکانی لە گۆڕەپانی ئێران نەپرژاوەتە سەر ئەمانە. لە بنەڕەتدا ئەگەر هێزە سیاسییەکان بە سیاسەتی کۆجێی خوازی و سەپاندنی سیاسەتی ڕەزاخانی بیانهەوێ بجوڵێنەوە، ڕەنگە بتوانن قەیران و نائارامی کەم بکەنەوە بەڵام بێگومان توانا و هێزی ئەوەیان نییە کە بنبڕی بکەن یان کۆتایی پێ بێنن. بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو ئاریشە و گرفتانەی کە ئەمڕۆ بووەتە هۆی دووری و لێکدابڕانی هێزە سیاسییەکان لە ئێراندا، فێدراڵیسم دەتوانێ ئەوان لە دەور تەوەرێك لە سیاسەتی پراگماتیسم و لواو بۆ داهاتووی ئێران کۆ بکاتەوە. تاکوو بە دەسکەوتێکی کردەوەیی و هەستپێکراو بتوانێ بەستێن و زەمینەی گەشە، دادپەروەری، گەشەی جۆرەکانی فەرهەنگی، شوناسی، زمانی و ئازادیمان تا ڕادەیەك هەبێ. هەڵبەت جێگەی ئاماژەیە سەرنج نەدان بە ئەم دیسکۆرسە سیاسییە بۆ بیچمگرتنی هێز و تەکووزی سیاسی، یان شکەستی ئەو لە کردار و هەروەها بەڕێوەبردنی لاوازی ئەو، ئاکامگەلێکی ڕوون و ناڕوونی بەدواوەوەیە کە هەر کام لە ئەوانە بە سەرنجدان بە توانا و هێزی خۆیان ڕێگەیەکی دیکە و یان هاوپەیمانێکی هاوبەش دەگرنە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانج. ئەم دۆخە دەبێتە بەستێنێکی پێش بینی نەکراو بۆ مەیلی کۆمەڵگا و نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینی سیاسی لەسەر بنەمای یاسا و دەقە نێودەوڵەتییەکان و مافی سرووشتی خۆیان. لەمڕووەوە کە ئەم پرسە مافی سەرەتایی و بنەمای ژیانی سیاسی کۆمەڵگایە و ناکرێ ئەم مافە لە هیچ کەسێك بستێندرێت. هەربۆیە ناتوانرێ و لواو نییە کە کۆمەڵگا و بیاڤە جوغرافیاییەکانی نەتەوەکانی ئێران بێ نەزمێکی سیاسی بهێڵنەوە. بەڵکوو لەسەر بنەمای چییەتی سیاسی و گەشەی کۆمەڵگا، ئەوان حەزیان لە ڕۆیشتن بەرەو سەقامگیری و دۆزینەوەی ڕێگەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا هەیە، هەر بۆیە توخمی شوناس ڕۆڵی بنەڕەتی هەیە بۆ هەرجۆرە گەشەیەکی دێموکراتیك و بەجۆرێك دوورکەوتنەوە لە ناوەند. بێگومان نەتەوەکانی ئێرانی بە بوونی ئەزموونە مێژووییەکان لە شوناس و پێشینەی فەرهەنگی و مێژوویی خۆیان چاوپۆشی ناکەن و لەو بڕوایەدان کە شوناس و خەباتی ئەوان بۆ دادپەروەری و کەرامەتی ئینسانی لە سیستمێکی دێموکراتیك، هەڕەشەیەك بۆ ناسەقامگیری هیچ وڵاتێك نابێ. بەڵکوو بەپێچەوانە لەبەرچاو نەگرتن و سڕینەوەی شوناسی ئەوانە کە هەڕەشە و مەترسییە بۆ پێکەوەبوون. لەبەر ئەوەیکە وەبیرهێنانەوەی ئەم واقێعیەتە مێژووییە بێ کەڵك نییە کە لە بەستێنی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێرانی سەردەمی ڕەزاشا و هەنگاوانان بەرەو نوێخوازی، ڕوونە کە بە هیچ شێوەیەك دەوڵەت ـ نەتەوەی یەکە لەسەر بنەمای یەك وڵات، یەك نەتەوە، یەك زمان سەرکەوتوو نەبوو و بە هەموو تێچوو لە سەدساڵی ڕابردوو ئاکامێکی بێجگە لە شکست نەبووە. ئەم شوناسە تەزویرە و غەیرە مێژووییە نەیتوانی بە تەواوی بەرنامە فەرهەنگییەکان و دروستکردنی مێژووی درۆین لەسەر جەستەی جیاواز و جۆراوجۆری ئەم جوغرافیاییەدا بمێنێتەوە. بەردەوامبوونی ئەم دیسکۆرسە لە چوارچێوەگەلی دیکە ئاکامێکی بێجگە لە ڕووخان و لێك هەڵوەشانەوەی وڵات نابێ.

**“ لە بنەڕەتدا ئەگەر هێزە سیاسییەکان بە سیاسەتی کۆجێی خوازی و سەپاندنی سیاسەتی ڕەزاخانی بیانهەوێ بجوڵێنەوە، ڕەنگە بتوانن قەیران و نائارامی کەم بکەنەوە بەڵام بێگومان توانا و هێزی ئەوەیان نییە کە بنبڕی بکەن یان کۆتایی پێ بێنن. ”**



# ٩

# چارەنووسی نەتەوەکانی ئێران لە نێوان یەکگرتوویی و ئەقڵانیەتی داگیرکەردا

ئارمان حوسێنی




بۆ باسکردن لەبارەی داهاتووی وڵاتی ئێرانی دوای ڕووخان و نەمانی کۆماری ئیسلامی، پێویستە بزانین ئەم وڵاتە چۆن دروست بووە و لەڕاستیدا بە چ قۆناغگەلێکدا تێپەڕیوە و ئایا کورد دەتوانێ لەم وڵاتەدا بە مافەکانی خۆی بگات؟ ئەگەرچی ئەم ناوچەیەی کە ئێمە تێیدا دەژین، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و بەردەوام لە حاڵەتی گۆڕاندا بووە و هەر ئیلێک (ایل) کە یەکگرتوو و بەهێز بووە توانیویەتی بۆ ماوەیەک دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت و ئەگەریش لە توانیایدا بووبێ، پانتایی دەسەڵات و جوغرافیای خۆی فراوانتر کردووە و لە ئەگەری لاوازبوون، یان شکستیشدا دۆخەکە پێچەوانە بووەتەوە. کاتێک قاجارەکان کە بە دوایین سیستمی دەسەڵاتداری لە فورمی ئەمپراتووریدا ناسراون، هێرش دەکەنە سەر زەندییەکان و لە ئاکامدا شکستیان دەدەن و دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن، ئەم سەرکەوتنەیان هاوکات دەبێت لەگەڵ گۆڕانکارییە بنەڕەتییە هزرییەکانی ڕۆژئاوا، بە تایبەتی فەرانسە، کە

“

**لەڕاستیدا هۆکاری دابەشنەبوونی وڵاتی ئێرانی تازە دروستکراو دوای ڕێککەوتنی سایکس ـ پیکۆ بۆ ئەوە بووە کە ئەمپراتووری تێزاری، عوسمانی و بریتانیا چوار دەوری ئەم جوغرافیایەیان دابوو،**

”

نزیک چوار سەدە ڕۆژئاواییەکان سەرقاڵی بەخۆدا چوونەوە لە هەموو ڕەهەندە، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بوون. لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩ی زایینی، قاجارەکان بەشێکی بەرچاو لە جوغرافیای ژێر دەسەڵات و حاکمیەتی خۆیان پاش شەڕێکی گران لە تەک ئەمپراتووری تێزار لەدەست دەدەن، دواتر ئەو جوغرافیایەی کە لەژێر دەسەڵاتیان دەمێنێتەوە، لە ئاکامی پەیمانی سایکس ـ پیکۆ بە فەرمی وەکوو وڵاتێک لەلایەن ئۆرووپاییەکان دانی پێدا دەنردرێت، پاشان ڕەزاخان میرپەنج بەهۆی ئیلهام وەرگرتن لە فورمی دەوڵەت ـ نەتەوەی ڕۆژئاوایی، دەست دەکات بە پرۆژەی دەوڵەتسازی و بە زۆر و بەبێ لەبەرچاو گرتنی ویست و ئیرادەی نەتەوەکانی دیکە، وڵاتی ئێرانی یەک دەوڵەت یەک نەتەوە ڕادەگەیێنێت. لەڕاستیدا هۆکاری دابەشنەبوونی وڵاتی ئێرانی تازە دروستکراو دوای ڕێککەوتنی سایکس ـ پیکۆ بۆ ئەوە بووە کە ئەمپراتووری تێزاری، عوسمانی و بریتانیا چوار دەوری ئەم جوغرافیایەیان دابوو، هۆکاری ڕێککەوتنی ئەوانیش درووستکردنی ناوچەی

تەناهی (حائل) بوو تاکوو سێ زلهێزەکە بەریەک نەکەون، نەک ئەوەی کە ناسیۆنالیستە فارسەکان پێیان وایە ئەم وڵاتە لە ئەزەلەوە هەروا بوویێت. فورمی نوێی دەسەڵاتداری، واتە «وڵات» (کشور) بەرهەمی ڕۆژئاوا و ئەنجامی خەباتێکی گشتگیر و کەلتووری بوو لە ئۆرووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوین لەڕاستیدا تا ئەوکاتە بە عەقڵانیەتی عەشیرەیی و خێڵەکی بەڕێوە دەچوو، بەپێی پێناسەی نوێ وڵات کیانێکی سەربەخۆ و خاوەن جوگرافیایەکی دیاریکراوە کە سنوورەکانی بەهۆی یاسای نێونەتەوەییەوە دەستنیشان و پەسەند کراوە و وڵاتان دەبێت بەپێی یاسا لەگەڵ یەکدیدا هەڵسوکەوت بکەن و ڕێز لە سەروەریی خاکی یەکدی بگرن. مودێرنیتەی ڕۆژئاوا کە بۆ خۆیان ڕوانگەیەکی ڕزگاریخوازی هەبوو و بووە هۆی ڕزگاربوونی ئۆرووپاییەکان لە دەستی عەقڵیەتی دواکەوتووی ئەو سەردەمە و گۆڕانی قووڵ لە ئابووری و فەرهەنگ و سیاسی، بەڵام بەداخەوە ڕوانین و کردەوەی دونیای مودێڕنی ڕوژئاوا، پێچەوانە بووەوە و عەقڵیەتێکی خۆداسەپێن بوو بۆ ناوچەی ئێمە و باقی شوێنەکانی دیکەیش. لە ڕۆژئاوا ئیرادەی تاکەکان بوو، کە شەرعیەتی بە دەسەڵات و دەسەڵاتداران دەدا، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە بایەخی پێ نەدرا و پشتگوێ خرا، ئیرادەی خەڵکی ناوچەکە بوو کە بزانن چییان گەرەکە و بەگشتی خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. ئەم دیاردەیە واتە نەتەوە ـ دەوڵەت لە ئۆرووپا لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی بوو کە ئەرکی دەوڵەت دابینکردن و پاراستنی مافی شارۆمەندان بوو، بە واتایەکی دیکە دەوڵەت کەرەستەیەکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە کە بە شێوەی دڵخواز و ئازادانە هەڵیان بژاردووە، بەڵام دەوڵەت ـ نەتەوەی ئێران و تورکیە چەشنێک لە فورمی دەسەڵاتدارییە کە ئەرکی خەڵکی پاراستنی دەوڵەتە، واتە دەوڵەت دەوری مێحوەری هەیە و خەڵک بە ئاسانی دەبنە قوربانیی دەوڵەت، چونکە پیرۆزی هەیە و پێویستە کە هەموو بیپارێزن. فورمی دەسەڵاتداری نوێی ئێرانیش کە پاش ماوەی دەسەڵات و عەقڵانیەتی خێڵەکی بوو بەبێ ڕەچاوکردنی ویست و ئیرادەی گەلانی ئێران، دەسەڵاتی خۆی بە پشتیوانیی بریتانیا سەپاند و لە هەموو جۆرە بەرنامە و ڕێکارێک کەڵکیان وەرگرت تاکوو بتوانن بە«زۆر» وڵاتێک بە ناو ئێران درووست بکەن کە لەڕاستیدا «دابینکەر و پارێزەری بەرژەوەندیی نەتەوەی باڵادەست واتە فارس بوو». وڵاتی نوێ کە لەسەر بەرژەوەندی و هێژموونیی فارسەکان بە شێوەیەک کە ناوچەکان و نەتەوەکانی دیکە وەکوو ژێردەستە (کۆلۆنیال) هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کراوە و بە دروستکردنی مێژوویەکی ئیدئۆلۆگ و خەیاڵی دامەزرا کە، توانیویەتی بەداخەوە تا ئێستا بە تاڵانکردنی سەرچاوەکانی ئەو ناوچانەی کە نەتەوەکانی غەیرە فارسی تێیدا دەژین، خۆی دەوڵەمەند و گەشە بکات. لایەنێکی دیکە پرسەکە تاکەکانی غەیری فارسن کە، بە شێوەی سیستماتیک وەک کۆیلە بۆ دابینکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی باڵادەست کەڵکی نابەجێ لە تواناکانیان وەرگیراوە و بەردەوام کاریان بۆ کردووە کە تاکێکی گوێڕایەڵ، ناشارەزا بە ماف و مێژووی خۆیان بار بهێنرێن، بە چەشنێک کە وا مێژوویان چەواشە کراوە و پێیان دیکتە کردوون کە باوەڕ بەوە بێنن کە ئەمە چارەنووسی ئەوانە کە دەبێ کۆیلە بن. کەواتە بەپێی ئایدیا و تێگەیشتنی نەتەوەی باڵادەست زمان، کەلتوور و مێژووی بە ناو ئێران (فارس) ئەسڵە و باقی نەتەوەکانی دیکە بەشێکی ورد و چووکەن لەو شارستانییەتە بە ئیستلاح گەورەیە، کە لە واقیعدا عەقڵانیەتی داگیرکاری و داگیرکراوی برەو پێ دەدات.

> **ئەم دیاردەیە واتە نەتەوە ـ دەوڵەت لە ئۆرووپا لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی بوو کە ئەرکی دەوڵەت دابینکردن و پاراستنی مافی شارۆمەندان بوو، بە واتایەکی دیکە دەوڵەت کەرەستەیەکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە کە بە شێوەی دڵخواز و ئازادانە هەڵیان بژاردووە**

ئێستا ئێمە نەتەوەکانی غەیرە فارس کە لەلایەن داگیرکەرەوە خاکمان وەک غنیمە (دەسکەوت) و تاکمان وەک کۆیلە چاو لێ دەکات، ئایا دەتوانین لە ئەگەری دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا لە بەندی کۆلۆنیبوون خۆمان ڕزگار بکەین؟ دوو فاکتەری گرینگ لێرەدا هەیە، یەکەم نەتەوەکانی غەیری فارس و دووەم فارسەکان کە نەتەوەی باڵادەستن. ئەگەر نەتەوە بندەستەکان بتوانن بەرگێکی تازە بە بەر بیر و فکریاندا بکەن و ئەو قەناعەتەیان لا دروست بێت کە، ئەوانیش وەک نەتەوە بەختەوەرەکانی دیکەی دونیا بۆیان هەیە ئازاد و سەربەست بژین و بە مافە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان شاد ببنەوە، ئەوە دەستبەجێ ڕێکخستن و یەکگرتووی نێوخۆیی، دەتوانن هێزێکی داگیرکەر ڕاماڵێنەر پێک بێنن کە کەرامەت و مافە زەوتکراوەکانیان بۆ بگێڕێتەوە. هەنگاوی دووەم بۆ نەتەوە بندەستەکان ئەوەیە کە، بە هاوکاری و هاوئانگی لەگەڵ یەکتر هێزی خۆیان وەسەریەک بخەن و ببنە بژاردە لە بەرانبەر نەتەوەی فارسدا، لەڕاستیدا ئەم یەکگرتوویەی نەتەوە بندەستەکان حەیاتی و پێویستە تا بتوانن کۆتایی بە خەونی ئێرانی یەک دەوڵەت ـ یەک نەتەوە بێنن و خۆیان لە دەسەڵات و بەڕێوەبەری و دادوەریی وڵاتدا بەپێی یاسایەک کە هەموو لەسەری کۆکن، شەریکی ڕاستەقینە بن. بەڕای من پرسی زەحمەتتر لە وەها دۆخێکدا ئەقڵیەتی تاکی نەتەوەی فارسە کە، زۆر ئەستەمە بە شێوەی دێموکراسی و لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە ڕێگە بدەن دەسەڵات دابەش بکرێت، لەبەر ئەوەی کە باش لە بەرژەوەندی و شەرایەتی جوگرافیایی خۆیان ئاگادارن و دەزانن کە لە ئەگەری دانپێدانان بە بوونی نەتەوەکانی دیکە لە ئێران، واتە دانان بە فرە نەتەوەیبوونی ئێران، بە مانای هەڵوەشانەوەی مێژوویەکی دەستکردە کە دابینکەر و پارێزەری بەرژەوەندییەکانیان بووە. بەهۆی ئەوەی کە لە ئەگەری ڕازیبوون بە دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەی دێموکراتیک، بەداخەوە دەبێت پێشبینی شەڕێکی چارەنووسساز بکەین لە نێوان ئەقڵانیەتی داگیرکەر و نەتەوە داگیرکراوەکاندا، کە لە ئەگەری یەکگرتوویی نێوخۆیی نەتەوەکان و لە قۆناغی دووەمدا هاوپەیمانی و ڕێکخستنی بەرینی کۆمەڵانی خەڵک و هەوڵدان بۆ ناساندنی خەباتی مافخوازانەی خۆیان بە دونیای دەرەوە دەتوانن بە مافەکانیان کە لێرەدا مەبەست لە ئێرانێکی فێدراڵدایە بگەن.



# ١٠ چارەنووسی پرسی کورد لە کوردستانی ئێران دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

ئیسماعیل زوورمەند

**پێشەکی:**

ئەوەی ئەمڕۆ لە ساحەی سیاسی ئێران، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نێونەتەوەیی، زۆربەی وڵاتان و ئەحزابی سیاسی ئۆپۆزیسیون و سیاسەتمەدارانی سەبارەت بە ئێران تووشی نیگەرانی کردووە، ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نییە بەڵکوو نیگەرانییەکە زۆرتر بۆ دوای ڕووخانی ئەو ڕێژیمە دەگەڕێتەوە و پرسی دەسەڵات و سیستمی سیاسی جێگرەوەی ئەو ڕێژیمە تۆتالیتارە، پرسێکی گرینگ و ئەمڕۆییە. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لەو وڵاتەدا خەڵکانێک، بە ئایین و داب و نەریتی جیاواز دەژین و هەر کام لەو نەتەوانەی کە ئێستا لە ئێراندا دەژین پێشینەیەکی خەباتیان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی هەیە و بە لایەنگر و نفوزێکی کەم یا زۆر، هەر کامیان بە شێوازێک ئۆپۆزیسیون دژبەری کۆماری ئیسلامین و بۆ وەدیهاتنی مافەکانیان تێدەکۆشن، هەر بەو پێیە و بە هۆی نەبوونی ئۆپۆزیسیونێکی یەکگرتووی پێکهاتوو لە سەرجەم نەتەوەکانی ئێران، نیگەرانییەکان سەبارەت بە ئێران دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە جێی خۆی دایە و هەر مرۆڤێک کە دڵی بۆ ئازادی و دێموکراسی و وەدیهاتنی مافەکای مرۆڤ لێدەدا بە پەرۆشە دەڕوانێتە داهاتووی پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەوەی کە چ دەسەڵاتێک سیاسی دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دێتە سەر کار. لەو پێوەندییەدا چەندین پرسیاری گرینگ دێتە ئاراوە کە بڵێی دەسەڵاتی سیاسی دوای ڕووخانی ئەو ڕێژیمە چ جۆرە دەسەڵاتێک بێت؟ بەدیلەکانی پاش کۆماری ئیسلامی لە ئێستا چ بەدیلێکن؟ ئایا سیستمی سیاسی داهاتووی ئێران دڵخوازی و ویستی سەرجەم نەتەوەکانی ئێران دەبێت؟ تا چەندە لە سیستمی داهاتووی ئێران بە مافی نەتەوەکانی ئێران گرینگی دەدرێ ؟ پرسی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوا؟ ئایا ئێران وەک سووریەی لێدێت و تووشی شەڕێکی نێوخۆیی درێژخایەن دەبێت؟ دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئایا ئێران دابەش دەبێت؟

وشە سەرەکییەکان: دێموکراسی، مافی مرۆڤ، فێدراڵیسم، بەدیل، نەتەوەکانی ئێران،

**جۆری دەسەڵاتی سیاسی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

ئاوڕدانەیەکی کورت بە سەر جۆرەکانی ئەمڕۆی دەسەڵات لە جیهان بۆمان دەردەخا کە سێ جۆرە دەسەڵات بوونی هەیە. ١- دەسەڵاتی خەڵک بە سەر خەڵکدا (دەسەڵاتی دێموکرات) ٢- دەسەڵاتی تاکێک بە سەر خەڵکدا (دەسەڵاتی دیکتاتۆری) ٣- دەسەڵاتی خودا بە سەر خەڵکدا (دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئایینی). ئاوڕدانەوەیەکی کورت بە سەر مێژووی ئێران نیشان دەدا کە تاکوو ئێستا دوو جۆرە دەسەڵاتی بە خۆیەوە بینیوە، یەکیان دەسەڵاتی تاک بە سەر خەڵک (شاهەنشاهی)، دەسەڵاتی خودا بە سەر خەڵک ( کۆماری ئیسلامیی ئیران) کە لەو دەسەڵاتەدا، بە ئیستلاح ڕێبەری ڕێژیم نوێنەرایەتی خودا لە سەر زەوی دەکا، بە سرنجدان بە ئەوەی کە لە سەدەی بیست‌ویەکەم دا، دێموکراسی وەک نیزامێکی بێ‌ڕەکەبەر، لە سەرانسەری جیهاندا لە حاڵی پەرەسەندن دایە، من بە دووری دەزانم کە بە هۆی باردۆخی نێونەتەوەیی و پشتگیری وڵاتەکان و باردۆخی ناوچەیی و ئێرانیش، ئەو سیستم و دەسەڵاتەی لە داهاتووی ئێران دێتە سەر کار، دەسەڵاتێکی نادێموکراتیک بێت. بەڵام ئەو دەسەڵاتە تا چەندە دێموکرات دەبێت و ڕێزی لە بیر و بۆچووون و پێکهاتە و نەتەوەکانی نێوخۆی ئێران دەگرێ ئەوە جێی پرسیار و نیگەرانییە. لێرەدا باسی دێموکراسی کەمینەیی (حداقلی) و دێموکراسی زۆرینەیی (حداکثری) دێتە ئاراوە. لە دێموکراسی بە مانای کەمینەیی، حیزب یا گرووپی هەڵبژاردراوی خەڵک، بە پێی هەڵبژاردنی ئازاد، کێبەرکێی و ڕێکوپێک، بۆ ماوەیەکی دیاریکرا دەوڵەت بە دەستەوە دەگرێ و لە ڕاستای ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی هەنگاو هەڵدەگرێ و دەچێتە پێش. لە دێموکراسی کەمینەییدا، سیاست و دەسەڵات پێویستە ئازادییە گشتییەکان بە تایبەت ئازادی بەیان، کۆبوونەوە، فرەحیزبی و گرووپی جۆراوجۆری سیاسی، گەیاندن و ڕاگواستنی ئازادی زانیاری و کێبرکێی ئیدۆلۆژیک گەرەنتی بکا کە کەرەستە سەرەتاییەکانی دێموکراسی دێنە ئەژمار. دەتوانین بڵێین کە دێموکراسی کەمینەیی، چەمکێکی سیاسییە واتە لە مەیدانی سیاسەت و پێوەندی هێز خۆی نیشان دەدا، لە حاڵێکدا دێموکراسی زۆرینە چەمکێکی کەلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابورییە کە لەوێدا دەبێ ئازادییەکان، مافی مەدەنی و گشتی لە مانای سیاسی خۆی بە هێنانەئارای پەخشی دادپەروەرانە و دادپەروەری کۆمەڵایەتی پشتیوانی پێویستی هەبێت، بە شێوەیەک کە سەرجەم گرووپە قازانجبەر و چینە کۆمەڵایەتییەکان بتوانن بە شێوەیەک بەرامبەر لە حەوزەی دەسەڵاتی دەوڵەتی کێبەرکێ و بەشداری بکەن و لە ئاکامدا کەلتووری دێموکراتیک لە پانتای گشتی کۆمەڵگا و لە نێو ئیلیتە سیاسییەکان پەرەبستێنێ. (بەشیرییە،١٣٨٧)

> “نەبوونی بەدیلێکی بەهێزی پێکهاتوو لە سەرجەم نەتەوەکانی ئێران، گرینگترین کێشەی ئێستای ئۆپۆزیسیونی ئێرانە. ئاوڕدانەوەیەکی کورت بە سەر بەرنامە و ئامانجەکانی ئەو یەکیەتی و بەرانە بۆمان دەردەخا کە ناتەبایی و نایەکگرتوویەکی بەرچاو لە نیوان ئەو بەرانەدا دەبیندرێ”

لەبارەی بەدیلەکانی داهاتووی ئێران لە ئێستادا دەبێ ئاماژە بە ئەو هاوپەیمانی، یەکیەتی، بەرە و جەریانە سیاسییانە بکەین کە ئەمڕۆ خۆیان بە بەدیلی کۆماری ئیسلامی دەزانن. خوازیاران یا لایەنگرانی سیستمی پاشایەتی، گۆڕانخوازەکان، لایەنگرانی سیستمی فێدراڵی لە ئێران، موجاهیدین خەلق، گشتپرسی بۆ نیزامی پارلمانی و سکۆلار، ڕێکخراوە چەپەکانی ئێران، گرینگترین و بەشێک زۆر لەو بەرە و جەریانە سیاسییانەن کە لە ئەمڕۆدا خۆیان بە بەدیلی کۆماری ئیسلامی دەزانن و هەر کامیان بەرنامە و ڕوانینی جیاوازیان بۆ داهاتووی ئێران هەیە. نەبوونی بەدیلێکی بەهێزی پێکهاتوو لە سەرجەم نەتەوەکانی ئێران، گرینگترین کێشەی ئێستای ئۆپۆزیسیونی ئێرانە. ئاوڕدانەوەیەکی کورت بە سەر بەرنامە و ئامانجەکانی ئەو یەکیەتی و بەرانە بۆمان دەردەخا کە ناتەبایی و نایەکگرتوویەکی بەرچاو لە نیوان ئەو بەرانەدا دەبیندرێ. یەکێک لە گرینگترین ئەو بەرانە، شۆڕای نەتەوەیی ئێرانە کە بەشێکی زۆر لە خوازیاران یا لایەنگرانی سیستمی پاشایەتی تێیدا بەشدارن و زۆربەشیان سەر بە نەتەوەی فارسن. کەسایەتی بەرچاوی نێو ئەو بەرەیە «ڕەزا پەهلەوی»یە کە لە کۆبوونەوە



ناڕەزایەتییەکان ڕابردوودا لە چەند شاری گەورەی ئێران، خەڵکی ناڕەزایی لە دروشمەکانیاندا، داوای گەڕانەوەی ناوبراویان بۆ ئێران کرد. شۆڕای نەتەوەیی ئێران لە بەرنامەکانیدا باس لە ڕێفراندۆم یا هەڵبژاردنی گشتی بۆ گەیشتن بە دێموکراسی لە ئێران دەکا و جەخت لە سەر بەدیلێکی سێکۆلار دێموکرات و داهاتوویەکی بە پێی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە ئێران دەکەنەوە. لە بەرنامەی ئەو بەرەیەدا بۆ داهاتووی ئێران نە تەنیا هیچ ئاماژەیەک بە مافی نەتەوەکانی ئێران نەکراوە، بەڵکوو ئەوان بە قەوم ناو دەبا و باس لە ئێرانێکی یەک نەتەوەیی (نەتەوەی ئێران) دەکا و ئەوەش شایەد گرینگترین هۆکاریک بێت کە هیچ یەک لە حیزب و جەریان سیاسییەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەو بەرەیەدا نین. بە گشتی شۆڕای نەتەوەیی ئێران باس لە دێموکراسی حداقلی دەکا کە حیزب یا گرووپی هەڵبژاردراوی خەڵک، بە پێی هەڵبژاردنی ئازاد، کێبەرکێی و ڕێکوپێک، بۆ ماوەیەکی دیاریکرا دەوڵەت بە دەستەوە دەگرێ و لە ڕاستای ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی هەنگاو هەڵدەگرێ و دەچێتە پێش و بۆ کەسێکی سەر بە نەتەوەی فارس کە تووشی هەڵاواردنی سیستماتیک نەبوو و بە شێوەی جۆراوجۆر نەچەوساوەتەوە، ئاساییە خوازیاری ئەو بەرنامەیە بێت و هیچ کێشەیەکی لەگەڵ نەبێت.

> “ گرینگی و پشتیوانی لە مافی کەمینەکان پێویستییەکی ئەمڕۆییە و هەر وڵاتێکی فرەنەتەوە کە بیهەوێ بەرەو گەشە هەنگاو هەڵگرێ، دەبێت دان بە مافی کەمینەکانی نێوخۆی و ڕێز بۆ خواست و ویستەکانیان دابنێت. ”

### پرسی نەتەوەکانی ئێران دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران

گرینگی و پشتیوانی لە مافی کەمینەکان پێویستییەکی ئەمڕۆییە و هەر وڵاتێکی فرەنەتەوە کە بیهەوێ بەرەو گەشە هەنگاو هەڵگرێ، دەبێت دان بە مافی کەمینەکانی نێوخۆی و ڕێز بۆ خواست و ویستەکانیان دابنێت. بەگشتی پێنج دەورەی مێژوویی بۆ داکۆکی و پشتیوانی لە کەمینەکان بوونی هەیە. یەکەم لە ساڵی ١٧٥٠ تا ١٨١٢ زایینی، دووهەم لە ساڵی ١٨١٢ زایینی تا کۆتایی شەڕی جیهانیی یەکەم، سێهەم لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم تا ساڵی ١٩٤٥ زایینی، چوارەم لە ساڵی ١٩٤٥ زایینی تا ڕووخانی دیواری برلین، پێنجەم لە ڕووخانی دیواری برلین تاکوو ئێستا. لە نێوان ئەو قۆناغە مێژووییانە بە چەشنێکی تایبەت لە کەمینەکان پشتیوانی کراوە و بە باقی کەمینەکان گرینگی نەدراوە. بۆ نموونە لە سەدەی



١٦ و ١٧ زایینی کەمینەیەک بە ناوی کەمینەی زمانی بۆ مرۆڤ نەناسراو بوو، هەر بەو پێیە پێویست بە پشتیوانی نەبوو. باس لە کەمینەکان وەک بەشێک لە باسی حقوقی نێونەتەوەیی سەدەی ١٩ بە گەشەی تیۆری و بنەما زانستییەکانی سیاسی دەستی پێکرد و لە سەدەی ٢٠ زایینی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد.(لسانی، ١٣٨٢) لە ڕاستیدا لەو کاتە دایە کە باسی کەمینەکان و مافەکانیان، لە یەک پرسی تایبەتی سیاسی کە لە دەسەڵات و سەڵاحییەتی نێوخۆیی دەوڵەتان دابێت، هاتە دەرێ و ئێستاکە وەک پرسێکی گرینگی مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی بایخی پێدەدرێ. هەر چەند پێشتر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان لە چوارچێوەی مەنشووری مافەکانی مرۆڤ باس و داکۆکی لە مافی مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی ئەکا و لەو پێوەندییەدا چەندین ڕێکخراوی جۆراوجۆر بۆ داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ دامەزراوە و دەوڵەتەکان ناتوانن بە دڵخوازی خۆیان لەگەڵ کەمینەکان هەڵسوکەوت بکەن، چونکە لەگەڵ دژ کردوەی نێونەتەوەیی بەرەوڕوو دەبن، بەڵام دوای ئەزموون و پێشهاتەکانی وڵاتەکانی ناوچەی

**“ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی توتالیتر لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو، نەتەنیا هیچ ڕێزێکی بۆ مافی نەتەوە و کەمینەکانی نێو ئێران دانەناوە، بەڵکوو بە هەر شێوازێک بۆی کراو، مافە سیاسی، ئابووری، کەلتوورییەکان و... پێشێل کردووە ”**

باڵکان لە دەیەی ٩٠ زایینی، کە لەگەڵ ئەشکەنجە و ئازار و چەوسانەوەی کەمینەکانی قەومی، ڕەگەزی، زمانی، ئایینی بەرەوڕوو بوو، داکۆکی لە مافی کەمینەکان کەوتە قۆناغێکی تازەوە و لەو کاتەوە بەولاوە، بەڵێن و پەیماننامەگەلێکی زۆر بۆ داکۆکی لە مافی کەمینەکان هاتووەتە ئاراوە. لە چەند ساڵی ڕابردوو و بە هۆی گرژی و ئاڵۆزییەکانی قەومی، ڕەگەزی و ئایینی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکان گرینگێکی تایبەتی بە مافی کەمینەکان داوە. لە کاتی دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکان بەولاوە، پەیماننامەی «مافی کەسانی سەر بە کەمینەکانی نەتەوە، قەومی، ئایینی و زمانی» پەسندکراوی ١٨ سێپتامبری ١٩٩٢ کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکان گرینگترین هەنگاو لە ناساندنی مافی کەمینەکان و مافی ناسنامەی ئەوانن. (زمانی، ١٣٨٤) ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی توتالیتر لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو، نەتەنیا هیچ ڕێزێکی بۆ مافی نەتەوە و کەمینەکانی نێو ئێران دانەناوە، بەڵکوو بە هەر شێوازێک بۆی کراو، مافە سیاسی، ئابووری، کەلتوورییەکان و... پێشێل کردووە و

هەر لەو پێوەندییەدا بە سەدان جار ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەن وڵاتانی دێموکرات و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکان و مافەکانی مرۆڤ بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ بە تاوانبار ناسراوە و مەحکووم کراوە. هەر بەو پێیە و بە بۆچوونی نووسەری ئەو بابەتە، لە ئێرانی دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، مافی نەتەوە و کەمینەکانی نێو ئێران گرینگێکی تایبەتی دەبێت و هەر دەسەڵاتێک لە ناوەند بێتە سەر کار ناتوانێ چاوپۆشی لە خواست و ویستی ئەو نەتەوانە بکات بە مەرجێک ئەو نەتەوانە داوای خواست و ویستەکانیان بکەن و لە سەری پێداگری بکەن.

هەر لەو پێوەندییەدا و سەبارەت بە مافی نەتەوەکانی ئێران، لە ساڵی ٢٠٠٥ زایینی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ دامەزراوە و بە یەکێک لە گونجاوترین و باشترین بەدیلەکانی دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دێتە ئەژمار. هەرچەند ئامارێکی دەقیق لە بارەی حەشیمەتی سەر بە نەتەوەکانی ئێران لە بەر دەستدا نییە، بەڵام ئەگەر بە پێی پارێزگا لە بەرچاوی بگرین پتر لە ٥٠٪ حەشیمەتی ئێران، نەتەوەکانی دیکەی ئێران (تورکی ئازەری، کورد، عەرەبی ئەهواز، بەلووچ، تورکەمەن و کەمینەکانی دیکە...) پێکی دێنن و لە ئەگەری یەکگرتن ئەو نەتەوانە لە بەرەیەکی بەهێزدا وەک کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ دەتوانن بە خواست و ویستەکانیان بگەن. لێرەدا شایەد ئەو پرسیارە بێتە پێش کە نیگەرانییەکانی بەردەم دامەزراندنی سیستمی فێدراڵی لە ئێراندا چن و چەندە ئەگەری هەیە سیستمێکی فێدراڵی لە داهاتوودا لە ئیران دابمەزرێ؟ چەند نیگەرانی سەرەکی لەو پێوەندییەدا هەیە، یەک ئەوەی کە بەشێکی هەرە زۆری ڕێکخراوە و جەریانە سیاسییەکانی سەرە بە نەتەوەی فارس ئامادە نین لەو بەرەیەدا بەشدار بن و دان بە مافی نەتەوەکانی ئێران دابنین. دووهەم بەشێکی زۆر لەو حیزب و ڕێکخراو سیاسییە سەر بە نەتەوەکانی ئێران (تورکی ئازەری، بەلووچ، عەرەبێ ئەهواز و تورکەمەنەکان) و بەشدار لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بە پێچەوانەی حیزبە کوردییەکان لە دەرەوەی ئیران درووست بوون و پێشینەی بە ڕێکخراوە بوونیان کەمە و هیچ زانیارێک لە بەر دەست دا نییە تا چەند نفوز و جێگە و پێگەیان لە نێو نەتەوەی خۆیاندا هەیە و لە هیچ ئەزموونێکدا (بۆ وێنە بانگەواز بۆ مانگرتنی گشتی) خۆیان تاقی نەکردووەتەوە کە نیشان بدا چەندەیان جەماوەر لەگەڵە. بەڵام ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە لە ماوەی ئەو چوار دەیە حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و یەک لەوان تورکە ئازەرییەکان، وشیاری و ئاگاهی نەتەوەییان چووەتە سەرێ و بۆ وێنە لە یەکێک لە بۆنە گرینگەکاندا (ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی) تورکی ئازەری بە کردووە هەموو ساڵێک بە پێێ دەرفەت ڕێزیان لەو ڕۆژە گرتووە کە لە جۆری خۆیدا هەنگاوێکی گرینگە یا لە بەرانبەر هەر بێحورمەتێک لە لایەن نەتەوەی باڵادەست بەرامبەر تورکە ئازەرییەکان داکۆکیان لە خۆیان کردووە و دژ کردەوەیان نیشان داوە. لە لایەکی دیکەوە بە پێچەوانەی حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێران، ڕیکخراوە و جەریانە سیاسییەکانی سەر بە نەتەوەکانی دیکە جەریانێکی سیاسین و خاون هێزی نیزامی نین کە لە ئەگەری ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا بتوانن ناوچەکانی خۆیان بخەنە ژێر کۆنترۆڵ و لەو ئامرازەش بەرامبەر بە حکومەتی ناوەندی بۆ وەدیهاتنی خواست و ویستەکانیان کەڵک وەرگرن. لە هەر حاڵەتدا، باسی مافی کەسانی سەر بە کەمینەکانی نەتەوە، قەومی، ئایینی و زمانی بە نیسبەت ڕابردوو پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینیوە و هەر دەسەڵاتێک لە وڵاتێکی فرەنەتەوە بێتە سەر کار ناتوانێ بە دڵخوازی خۆی هەڵسووکەت لەگەڵ ئەو کەمینانەدا بکا، چونکە لەگەڵ دژ کردەوەی نیونەتەوەیی بەرەوڕوو دەبێت و مەشرووعیەتی لە دەست دەدا.

> **«خەباتی ئێمە بۆ وەدستهینانی مافەکانمان دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە و بە دووری دەزانم هەر دەسەڵاتیک لە ناوەند بێتە سەر کار، بە ئاسانی دان بە ماف و خواست و ویستی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دابنێ»**

### ئەگەرەکانی پرسی کورد دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران

ڕوانینی بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی ئێرانی بە تایبەت نەتەوەی فارس کە خۆیان بە بەدیلی کۆماری ئیسلامی دەزانن، بەرامبەر بە پرسی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد، لەو ڕوانینەی کە ئێستاکە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە پرسی کورد هەیەتی زیاتر نییە و ئەگەر ئێمە چاو لە بەرنامەکانیان بۆ داهاتووی ئێران بکەین بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ باوەڕێکیان بە مافی ئەو نەتەوانەی کە لە ئێران دەژین نییە. نەتەوەی کورد یەکێک لەو نەتەوە شۆڕشگێر و تێکۆشەرانەی کوردستانی ئێرانە کە بە درێژایی پتر لە ٧٠ ساڵە بۆ وەدیهاتنی مافە ڕەواکانی چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی هاتنەسەکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تاکوو ئێستا تێکۆشاوە و لەو پێناوەدا بە هەزاران تێکۆشەری کورد تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی بوون و چەندین سەرکردەی هەڵکەوتوو و بلیمەتمان تیرۆر و شەهید کراوە، بەڵام بە داخەوە بەشێک لەو بەرە و جەریانە سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی ئەمڕۆی ئێران نەتەنیا ئەو مێژوو لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد نابینن بەڵکوو بە ئاشکرایی حاشا لە نەتەوەیی بوون و مافەکانی ئێمە دەکەن. هەمووی ئەو ڕوانینانە دەرخەری ئەوەیە کە خەباتی ئێمە بۆ وەدستهینانی مافەکانمان دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە و بە دووری دەزانم هەر دەسەڵاتیک لە ناوەند بێتە سەر کار، بە ئاسانی دان بە ماف و خواست و ویستی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دابنێ. بەڵام پرسی کورد بە گشتی ئێستاکە چووتە قوناغێکی دیکەوە و بە نیسبەت ڕابردوو ئاڵوگۆڕی زۆری بە سەردا هاتووە. لە لایەک ئەگەر لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی لە کوردستانی ئێران تەنیا یەک حیزب، ئەویش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاڵاهەڵگری ناسیۆنالیسم بوو، زۆربەی لایەنە سیاسی و ئیسلامییەکانی دیکەی کوردستان دژایەتی ئەو بیرۆکەیان دەکرد و حیزبی دێموکرات هاوکات کە لەگەڵ ڕێژیم لە شەڕ دابوو لەگەڵ ئەو لایەنە کوردییانەش لە سەر زۆر پرس ناکۆکی هەبوو و تەنانەت بۆ ماوەیەک شەڕی خۆکوژیشی لێکەوتەوە و لایەنە ئیسلامییەکەش تەواو لە بەرەی کۆماری ئیسلامی دابوو و خومەینیان وەک مونجی مرۆڤ سەیر دەکرد، بەڵام ئەمڕۆکە

یەکەم، بە خۆشییەوە بەشی زۆری ئەو ناکۆکییانە لە ناو چوون و بیری نەتەوەیی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە حاڵی پەرەسەندن دایە و ئێمە شاهیدی پێکهاتنی ناوەندێک بە ناوی «ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێرانین» دووهەم ئەو لایەنەنانەی کە باسی دەسەڵاتی ئیسلامیان دەکرد ئێستا هەموو دەزانن کە ئەو دەسەڵاتە دوای ٤٠ ساڵ چ وێرانکارییەکی بە دوای خۆیدا هێناوە.
لە لایەکی دیکەوە پرسی کورد ئەمڕۆ بووەتە پرسێکی نێونەتەویی و کەم وڵات هەیە کە ئەمڕۆکە ئاگاداری باردۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبێت. کورد ئەمڕۆکە لە پارچەیەک لە خاکی خۆی بە زۆربەی مافەکانی گەیشتووە و خاوەن دەسەڵاتیکی دێموکراتیکە و هێزی پیشمەرگەی کوردستان وەک هێزێکی ئازادیخواز و داکۆکی‌کاری مافەکانی مرۆڤ بە دنیا ناسراوە و لە ئێستادا چەندین وڵاتی پێشکەوتوو یارمەتیدەری خۆپێگەیاندن و ئامووزشی ئەو هێزە لە باشووری کورستانن. سەرکردەکانی کورد ئەگەر لە ڕابردوودا بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی و ناساندنی بە دنیای دەرەوە دەبوایە ڕێگایەکی دووریان پێوابا تا دۆستێک بۆ کورد پەیدا کەن، ئەمڕۆکە بەشێکی زۆر لە وڵاتانە بیانییەکان لە کوردستانی عێراق کۆنسول و نوێنەریان هەیە و لە ئەمن و ئاسایشدا کاری دیپلۆماسی خۆیان بەڕێوە دەبن و لە نزیکەوە ئاگاداری دۆزی کورد هەم لە باشوور و هەم لە پارچەکانی دیکەی کوردستانن.
ڕوانینی ئیلیت و کەسایەتی و بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی فارس بەرامبەر بە پرسی کورد لە کوردستانی ئێران لە حاڵێکدایە کە زۆربەی هێما و سەمبولە نەتەوەیەکان کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان بوونەتە ناسنامەی نەتەوەیی (ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، ناوی پیرۆزی پێشمەرگە) و لە ئێستادا کۆماری ئیسلامیی ئێران دانی پێدانا و لە داهاتووشدا بە دڵنیایەوە هەر حکوومەتێک لە ناوەند بێتەر سەر کار پەسندی دەکا، لە ڕاستییدا هەڵقوڵای کوردستانی ئێرانە و بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەگەڕێتەوە، جێی سەرسوورمانە کە تۆ دان بە دەسەڵاتی نەتەوەی کورد لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان دابنێی بەڵام نکۆڵی لە ماف و ئازادییەکانی ئەو نەتەوەیە لە کوردستانی ئێران بکەی.
هەر وەک لە سەرێ ئاماژەمان پێکرد خەباتی ئێمە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانمان دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە و بەو ڕابردووە لە خەباتی ئێمە بۆ وەدیهاتنی مافەکانمان و ئەوەی کە بەشێکی هەر زۆری ئەو حیزب سیاسییانە، لە کوردستانی ئێران ڕەگ و ڕیشەیان لە نێو کۆمەڵگادا هەیە و بە کردووە سەڵماندوویانە کە جەماوەری مێلیونیان لەگەڵە، خەبات بۆ وەدیهاتنی سەرجەم مافەکانمان دوای کۆماری ئیسلامیش درێژەی هەیە و هەر دەسەڵاتێک لە تاران بێتە سەرکار ناتوانێ پرسی کورد پەراوێز بخا بە مەرجێک کورد ببێتە هێزێکی شوێندانەر و یەکگرتووانە و هاوهەڵوێست داوای خواست و ویستەکانی بکا. لەو پێوەندییە دا کاک «مستەفا هێجری» لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە کۆبوونەوەیەکدا وێرای پێداگری دووبارە بە خەباتی نوێ لە کوردستانی ئێران (ڕاسان یا گرێدانی خەباتی شاخ و شار) ئاماژە بەوە دەکا کە: «ڕۆژهەڵات یا کوردستانی ئێران دەبێ ببێتە هێزێکی شوێندانەر. هێزی شوێندانەر لە بەر ئەوەی کە، هەم لە ئێران، هەم لە دەرەوە، لە وڵاتانی دەوروبەر حیسابی بۆ بکەن. ڕەنگە ئەگەر ئێمە لە وڵاتێکی دێموکراتیک ژیابانی، حکوومەتێکی هەڵبژاردراوی خەڵکمان بوایە، زۆر ئیحتیاج نەبوو بەوە کە ببینە هێز، بەڵام ئێمە وەکوو کورد، دیارە باقی نەتەوەکانیش، لە هەلومەرجێک داین کە ڕێژیمەکەمان دژی مافی نەتەوەکانە، بە تایبەت نەتەوەی کورد. بێجگە لە ئەوانەی لە ئیدۆلۆژی بەرتەسکی ویدا جێگایان دەبێتەوە کەسی دیکە مافی نییە. کەوابوو لە لایەن ڕێژیمەوە ئومێدیک بەوە نییە کە ئێمە مافی خۆمان وەرگرین. تەنانەت دوای ئەو ڕێژیمەش، بە داخەوە زەمینەیەکی وا نابینین کە دڵنیا بین ئێمە مافی خۆمان بە دەست دێنین لە ئاڵوگۆڕی ڕێژیمدا. چونکە ئەوانەی کە لە زۆرایەتی دان، زۆر کەیفیان بە مافی کورد نایت. هەر ئێستا کە ئەگەر دیقەتتان کردبێ لە تەبلیغات و قسەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە ئێستا بۆ خۆیان دەربەدەرن و هەموویان لە ئێران وەدەریان ناون، بەڵام کە باس لە مافی نەتەوەکان دەکەین هەموویان هەڵدەبەزنەوە. ئەوە لایەنێکی مەسەلەکەیە، لایەنێکی دیکەش ئەوەیە کە، ئێمە ناتوانین بە بێ ئامانج خەبات بکەین، کە وابوو دەبێ ببین بە هێزێک، کە ئەو هێزە شوێندانەر بێت لە سەر هەموو لایەنەکان، نەتوانن پەراوێزمان بخەن».
هەر وەک دەزانین بەشێکی زۆری حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێران، کە شیمانە دەکرێ جەماوەرێکی زۆریان لەگەڵ بێت بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەکانی ئێران و نەتەوەی کورد لە ئیران، داوای دامەزراندنی سیستمی فێدراڵی دەکەن. بە سرنجدان بە ئەوەی کە کورد لە ئێران لە بواری ڕێژەی حەشیمەتەوە نەتەوەی سیهەمە و وێدەچێت تورکە ئازەرییەکان نەتەوەی دووهەم بن، کورد و تورکە ئازەرییەکان دەتوانن لە بەرەیەکی بەهێز هاوکات لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بتوانن بەو خواستە (سیستمی فێدراڵی) بگەن و لە ئەگەری سەرنەکەوتنی فێدراڵیزم لە ئێران و ئەوەی کە یەکێک لەو نەتەوانە بۆ وێنە نەتەوە (تورکی ئازەری) لە گشتپرسێکدا، دەنگیان بە فێدراڵیزم نەدا و بە سیستمێکی سێکۆلار دێموکرات و بە هێندێک لە ماف وەک خوێندن بە زمانی دایکیی لە هێندیک قۆناغدا و مافی کەلتووری ڕازی بوون، نەتەوەی کورد دەتوانێ داوای خودموختاری (Autonomy) لە ئێران بکات و خۆی کوردستانی ئێران بەڕێوەبەرێت.

> پرسی کورد ئەمڕۆ بووەتە پرسێکی نێونەتەویی و کەم وڵات هەیە کە ئەمڕۆکە ئاگاداری باردۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبێت. کورد ئەمڕۆکە لە پارچەیەک لە خاکی خۆی بە زۆربەی مافەکانی گەیشتووە و خاوەن دەسەڵاتیکی دێموکراتیکە

**ئەگەری شەڕی نێوخۆیی و شوبهاندنی وەک سووریە**

نزیک بە یەک دەیە لە شەڕی نێوخۆیی سووریە تێپەڕ دەبێ و ئەو شەڕە نێوخۆییەی کە تێدا سەدان هەزار کەس قوربانی و بریندار و میلیۆنها کەس دەربەدەر بوون ئێستاکەش درێژەی هەیە. لەو ماوەیەدا بەردەوام لە نێو هێندێک حیزب و لایەنی

سیاسی ئێرانی و کوردستانی بەردەوام دەنگێکمان بیستووە کە دەڵێ نامانهەوێ ئێران وەک سووریەی لێبێت و باس لە ئاڵوگۆڕ و شێوازی خەباتی جۆراوجۆر بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکەن و هەرگیز بیریان لە وڵامی ئەو پرسیارە نەکردبووە کە کێ سووریەی بەو ڕۆژە گەیاند؟ هەر وەک دەزانین لە درێژەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە بە بەهاری عەرەبی ناسراو بوو خەڵکی سیڤیلی شارێکی سووریە بە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد هاتنە سەر شەقام و بەربەرە ئەو ناڕەزایەتییانە شارەکانی دیکەی سووریەی گرتەوە و بووە هۆی ئەوە کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵە شەڕە نێوخۆییەدا، سووریە بە چەندین بەش و ناوچە دابەش بکرێ و هەر بەشەش لە ژێر چاودێری ڕێکخراوی تیرۆریستی و گروپێکی سیاسی و ئیسلامی و بەشێکیش لە ژێر دەسەڵاتی نامەشرووعی بەشار ئەسەد و هاوپەیمانەکانیدا بێت. هەر کاتێک باس لە شەڕی نیوخۆیی سووریە و دەسەڵاتی نامەشرووعی سووریە دەکرێ ئێمە ناتوانین باس لە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک یارمەتیدەر و پشتیوانی بەشار ئەسەد و جەنایەتەکانی ئەو ڕێژیمە بە دژی خەڵکی سێڤیلی سووریە و یارمەتی بە گرووپە تیرۆریستەکانی نێو خاکی سووریە نەکەین و بە دڵنیاییەوە ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە قەد ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سەرکوت و کوشتن و دەربەدەری خەڵکی سووریەدا تاوانبار نەبێ لەو کەمتر نییە. بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە سەرەوەی هەموویان ڕێبەری ئەو ڕێژیمە «خامنەیی» لەو ماوەیەدا زۆر جار ڕاشکاوانە وتوویانە ئەگەر ئێمە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئیران شەڕمان نەکردبایت شایەد ئەمڕۆکە لە نێوخۆی ئێراندا ئێمەش تووشی شەڕ بووباین. بە شیوازێکی دیکە ئەو ئارامییە ڕواڵەتی و ساختەییەی کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، لەوەوە دەزانن کە ئەوان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لە عێراق، سووریە، یەمەن و لوبنان و ... حزووری نیزامی و سیاسییان هەبووە. هەر بەو پێیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران هەولی داوە کە لە لایەک پێش بە هەر حەرەکەتێکی ناڕەزایەتی خەڵک بگرێ و بە توندترین شێوە سەرکوتی بکا و لە لایەکی دیکەوە ئەو دەنگۆیە لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بڵاو بکاتەوە کە ئەگەر ئێوەش ئارام نەبن و دەست بە حەرەکەتی ناڕەزایەتی بدەن وەک سووریەتان لێدێ و تووشی ماڵوێرانی، کوشتار و دەربەدری دەبن. هەر بەو پێیە بیرۆکەی نامانهەوێ ئێران وەک سووریەی لێبێت، گوتار و لێدوانی دەزگا ئەمنییەتی و سیخوڕییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و ئەو لایەن و جەریانە سیاسییە کوردیانەی کە ئەو دەنگۆیە بڵاو دەکەنەوە ڕاستەوخۆ چوونەتە ژێر هێژمۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هەر بەو پێیە یەکەم دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمێک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی پێدێت کە لە ماوەی تەمەنی سەروەت و سامانی ئێرانی خەرجی تیرۆر و شەڕ و ئاژاوە و یارمەتی بە گرووپە تیرۆریستەکان کردووە، دووهەم پرس و پێکهاتەی نەتەوەیی سووریە لەگەڵ ئێران زۆر جیاوازە. بۆ وینە ئاوڕدانەوەیەکی کورت بە سەر پرسی کورد لە کوردستانی سووریە بۆمان ڕوون دەکاتە کە کورد ئەو جۆرەی کە پێویستە نەیتوانی لەو دەرفەتانەی کە لەو ماوەی ئەو چەند ساڵە بۆی ڕەخساوە کەڵک وەرگرێ. ناتەبایی نێوان حیزبە کوردییەکان، هێژمونی لق و پۆکانی پ.ک.ک بە سەر کوردستانی سووریە و لە بواری فکری و ئیدۆلۆژی لە بەرەی داگیرکەر و سەرەڕۆ (بەشار ئەسەد، ڕووسیە و کۆماری ئیسلامی) و پاراستنی ئەو بەشە لە کوردستان بۆ ڕێژیمی بەشار ئەسەد بووە هۆی ئەوە کە کورد ئەمڕۆ لەو بەشە لە کوردستان تاکوو ئێستا بە هیچ شتێک نەگات. هاوکاری کوردەکانی سووریە لەگەڵ ئەسەد و ڕووسیە بوو بە هۆی ئەوە کە چەند ڕۆژ لەوە پێش «ژنێرال پێل لاکامرا» فەرماندەی هێزەکانی ئامریکا لە بەرەی دژی داعش لە سووریە و عێراق، کوردەکانی سووریە ئاگادار کاتەوە کە ئەگەر لەگەڵ بەشار ئەسەد و ڕووسیە هاوکاری بکەن، ئامریکا چیدیکە یارمەتی ئێوە نادات. پرسی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ سووریە زۆر جیاوازە، هەم لە بواری پێشینەی حیزب و حیزبایەتی و هەم لە بواری هێزی دێموکرات و ئازادیخواز و بەرنامە و پلانی پێشکەوتوو بۆ بەڕێوەبەری وڵات و لایەنگری لەو هێزانە. هەر بۆیە ئەگەر ئەو دەرفەتەی بۆ کورد لە سووریە ڕەخسابوو، لە کوردستانی ئێران بوایە بە دڵنیایەوە دەسکەوتی زۆر باشتر مسۆگەر دەبوو و دۆخی کورد لە پێگەیەکی دیکە دەبوو. بە گشتی بە دووری دەزانم ئێران دوای نەمانی کۆماری ئیسلامی تووشی شەڕی نێوخۆیی و درێژخایەن بێت و لە ئەگەری هەر شەڕێکی نەخوازراودا و سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆریستی لە شکڵی جۆراوجۆردا، بە دڵنیایەوە کوردستانی ئێران بە بوونی هێزی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکێک لەو ناوچە ئارامانە دەبێت کە دەبێت حیسابی تایبەتی بۆ بکردرێت.

**ئەگەری دابەشبوونی (تجزیە) ئێران دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی**

دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ نەتەوەیەکی ژێردەست و چەوساوە، ئەمڕۆکە پێویستی بە کۆمەڵێک ژێرخانی ئابووری، جومگەکانی دەسەڵات و هێزی نیزامی پۆشتەوپەرداخ و تەیار بە کەرەستەکانی ئەمڕۆیی و هەڵکەوتووی جوغرافیای و لە هەمووی گرینگتر پوشتیجەبهە و پشتگیری نێونەتەوەیی هەیە کە ئێستاکە بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد بوونی نییە. نوسخەی سەربەخۆیی لە دەرەوە بۆ ڕزگاربوونی نەتەوەیەک لە ژێر دەستی و گەیشتنی بە ئازدای ناپێچەری، بەتایبەت ئەو وڵاتەی کە ئەو نەتەوەیە تێیدا دەژی هیچکات ڕەنگی ئازادی و دێموکراسی بە خۆیەوە نەبینیبێ، بەڵکوو پێویستە ئەو هێز و لایەنانەی کە ئەو داوایەیان هەیە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی خۆیاندا بژین و ئاگاداری دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵکی خۆیان بن و ئەزموونی بەڕێوەبەری وڵاتیان هەبێت و دەستیان بە سەرچاوە و ژێرخانە ئابوورییەکانی

“ نوسخەی سەربەخۆیی لە دەرەوە بۆ ڕزگاربوونی نەتەوەیەک لە ژێر دەستی و گەیشتنی بە ئازدای ناپێچەری، بەتایبەت ئەو وڵاتەی کە ئەو نەتەوەیە تێیدا دەژی هیچکات ڕەنگی ئازادی و دێموکراسی بە خۆیەوە نەبینیبێ، بەڵکوو پێویستە ئەو هێز و لایەنانەی کە ئەو داوایەیان هەیە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی خۆیاندا بژین ”

وڵاتی خۆیان ڕابگا و بزانن لەو بوارەنەدا خەلک ئامادەییان بۆ ئەم داوا گرینگە هەیە یا نا؟ دوای بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان هێندێک لایەن و کەسایەتی سیاسی لە کوردستانی ئێران باس لەوە دەکەن کە دەبێ کوردستانی ئێرانیش بەرەوسەربەخۆیی هەنگاو هەڵێنی و بیری سەربەخۆییخوازی لە کوردستانی ئێران بە هێز بکرێت یا بە واتایەکی دیکە خۆمان چیدیکە بە ئێرانی نەزانین و ئێرانیچیەتی نەکەین. لەو پێوەندییەدا دەبێ بە چەند خاڵ ئاماژە بکەین: یەکەم ئەوەی کە هەر نوسخەیەکی سیاسی بۆ هەر پارچەیەک لە کوردستان دابەشکراو پێچرا، حوکم و لازم نییە ڕێک ئەو نوسخەیەش بۆ هەر بەشێکی دیکەی کوردستان بنوسرێ و بکەوێتە بواری جێبەجێکردن، دووهەم ئەوەی کە باشووری کوردستان ئەزموونی پتر لە ٢٠ ساڵ حوکمرانی هەیە و چەندین ساڵ بە شێوەی خودمختاری و نزیک بە دوو دەیە بە شێوەی فێدراڵی لە چوارچێوەی عێراق بەڕێوەدەچێ. سێهەم ئەوەی کە سەرکردەکانی کورد لە چەندین لێدواندا باسیان لەوە کردووە کە ئەگەر یاساکانی عێراقی فێدراڵ بە درووستی جێبەجێ کرابا و هیچ یاسایەک پێشێل نەکرابا ئێمە پێویست نەبوو ڕێفراندۆم بەڕێوە بەرین و باس لە سەربەخۆیی بکەین.

لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوو هەر کات نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئیران، داوای مافی نەتەوەیی خۆی بە شێوەیەکی سەردەمیانە لە چوارچێوەی ئێراندا کردووە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کوردی بە تەجزیەتەلەب ناو بردووە کە دەیانهەوێ ئێران دابەش بکەن. لە نوێترین و لە ماوەی یەک ساڵێ ڕابردوو کە ناڕەزایەتییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئێران لە حاڵی پەرەسەندن دایە و ڕێژیم تووشی قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە چەندین کۆبوونەوەدا باسیان لەوە کردووە کە ئامریکا و ئیسرائیل بە هاوکاری ئۆپۆزیسیۆن دژبەر، دەیانهەوێ کۆماری ئیسلامی لە ناو بەرن و ئێران دابەش بکەن. ئەو پڕۆپاگەندەیەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدایە کە ئەو مەسەلەیە، ئەسڵ و ئەساسی نییە و چ لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئیران و چ ئێستا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پەلەقاژەی مەرگ دایە لە بەرنامە و فکری بەشی هەرە زۆری حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێران جودابوونە لە ئێران و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بوونی نەبووە و زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکان لەگەڵ مانەوە لە چوارچێوەی ئێران جا چ بە شێوەی خودمختاری یا بە شێوەی فێدراڵی لە ئێراندا بوون. ڕێژیم لە بڵاوکردنەوەی ئەو پڕۆپاگەندەیە دوو ئامانجی هەیە: یەکەم ئەوەی بە خەڵکی نێو ئێران بڵێت کە ئەوە کۆماری ئیسلامییە یەکپارچەیی ئێرانی ڕاگرتووە و پێشی بە دابەشبوونی گرتووە و بەو شێوەیە تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە، دووهەم ئەوەی کە دەستی بۆ سەرکوتی خەڵکی ئازادیخواز و نارازی ئێران بە تایبەت نەتەوە ستەم لێکراوەکان ئاوەڵەتر بێت و وانیشان بدا کە وڵاتانی دەرەکی و ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری ڕێژیم لە پشتی ئەو ناڕەزایەتیانەن و هاندەری خەڵکن. هەر چەند مافی دیاریکردنی چارەنووس مافی بێ‌ئەملا و ئەولای هەر نەتەوەیەکە، بەڵام بە سرنجدان بە ئەوەی زۆربەی هەر زۆری هێز و لایەنە شوێندانەرەکانی ئەمڕۆی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە تایبەت نەتەوەکانی ئێران لەگەڵ مانەوە لە چوارچێوەی ئێرانن، کەمتر لە یەک دەرسەد ئیمکانی هەیە ئێران دوای کۆماری ئیسلامی دابەش بێت.

### وتەی کۆتایی

نەبوونی بەدیلێکی بەهێز و یەکگرتوو کە لەوێدا مافی سەرجەم ئەو نەتەوە و کەمینانەی لە ئێراندا دەژین بدرێ گەورەترین خاڵی نێگیتیڤی ئەمڕۆی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە و لە ئەگەری بەدیلێکی ئاوا بەهێزدا، سەقامگیری دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ زۆر زووتر مسۆگەر بێت و پێش بە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو بگرێ، بەڵام لەم دۆخەدا نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئیران بۆ وەدیهێنانی مافەکانی نابێت چارەنووسی خۆی بە ئەگەر و ئەمما و شایەد و دەبێ و نابێت، بسپێرێ. دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و حزووری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ناو جەماوەر و خاکی خۆیان بە دووری دەزانم جارێکی دیکە هەر حکوومەتێک لە ناوەند بێتە سەر کار، گوێبیست و ملکەجی خواست و ویستەکانی کورد نەبێ، بە مەرجێک ببینە هێزێکی شوێندانەر و بە یەکگرتوویی و یەک دەنگی هەموو لایەنەکان، خواست و ویستەکانمان ئاراستەی ناوەند کەین، چونکە داکۆکی لە مافی کەمینەکانی نەتەوە، قەومی، ئایینی و زمانی ئەمڕۆ باسێی جیدی نێونەتەوەییە و پشتگیری دەکرێ. ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی بە پێی بەرنامە و پلانی بەشی زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئەمڕۆ کە باس لە پێشکەوتنەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی داهاتوو دەکەن، بەرەو گەشە و ئارامی هەنگاو نانێ، ئەگەر بە مافی نەتەوەکان و یەک لەوان نەتەوە کورد گرینگی نەدا، چونکە لە بواری نێونەتەوەیی، مەشرووعییەتی هەر دەسەڵاتێک کە لە ناوەندی ئێران دێتە سەر کار، گرێدراوی ئەوەیە کە بە خواست و ویستەکانی کۆمەلانی خەڵکی خۆی گرینگی بدا و جێبەجێیان بکات.

"نەبوونی بەدیلێکی بەهێز و یەکگرتوو کە لەوێدا مافی سەرجەم ئەو نەتەوە و کەمینانەی لە ئێراندا دەژین بدرێ گەورەترین خاڵی نێگیتیڤی ئەمڕۆی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە و لە ئەگەری بەدیلێکی ئاوا بەهێزدا، سەقامگیری دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ زۆر زووتر مسۆگەر بێت"

### سەرچاوەکان

- کوردستان میدیا، ٢٧١٨،دەقی وتەکانی لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی تەشکیلاتی بەشی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستنی گشتی حیزب لە هەولێر– بەشی دووهەم
-بی‌بی‌سی، ١٣٩٧، ئاگاداری (هشدار) ئامریکا بە کوردەکانی سووریە: لەگەڵ ئەسەد و پۆتین هاوکاری مەکەن
- زەمانی، سەید قاسم، ١٣٨٤، داکۆکی لە کەمینەکان لە بەڵگەی جیهانی مافی مرۆڤ
-لێسانی، حیسامەددین، ١٣٨٢، پێگەی کەمینەکان لە حقوقی نێونەتەوەیی مرۆڤ
- بەشیرییە، حسێن، ١٣٨٧، تێپەڕین (گذار) بە دێموکراسی،



# ١١

# ڕاسانی ڕۆژهەڵات ، ئۆپۆزسیۆنی وەفادار و ئەگەرەکان

ناسر مورادی

کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە کاتێکدا یادی چل ساڵەی خۆی کردەوە کە ململانێی نێوخۆیی بەرۆکی پێکهاتەی دەسەڵاتەکەی گرتووە ، لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە گشتی و وڵاتانی ناوچەش بە تایبەتی لە ململانێیەکی توونددایە. هەر چەند ناکۆکییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە ڕەوتێکی هەمیشەیی بووە، بەڵام دوای ئەوەی کە دۆناڵد ترەمپ، پێی نایە کۆشکی سپی، گوشارەکان بۆ سەر ڕێژیمی ئایەتوڵڵاکان چڕ بۆتەوە، بە جۆرێک کە کەمپەینێکی نێودەوڵەتی و ناوچەیی لە دژی ڕێکخراوە کە لە ئەدەبیاتی ئەمرۆژانە بە کەمپەینی گوشاری لەڕادەبەدەر دەناسرێتەوە. دۆخی شپرێو و قەیراناوی نێوخۆ کە بە گوتەی بەرپرسانی ڕێژیم و ناوەندکانی بڕیار، بێ وێنەیە، هاوکاتە لەگەڵ گوشارە دەرەکییەکان کە ئیدارەی ترەمپ پشکی سەرەکیی بەرکەوتووە.

## ڕێژیمێک و دوو چەمک

شێوەی ڕوانین و خوێندنەوەی جیهانی دەرەوە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕوانینێکی دووفاقەیە. لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی جیهانی دەرەوە، کۆماری ئیسلامی وەک ئەوەی خەڵکی ئێران ئەزموونیان کردووە، سیستم و مەفهوومێکی یەکپارچە نییە. ئەوەی جێی مەبەستی جیهانی دەرەوەیە، کۆماری ئیسلامییە لە دەرەوەی سنوورەکان، بە بێ ئەوەی دۆخی ئازادییەکان و پرسی ماف مرۆڤ بۆ ئەوان جێی نیگەرانی و پرسیار بێت. جەوهەری کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنووورەکان بە کۆدی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی دەناسرێتەوە کە دواجار مەسەلەی پشتیوانی کردنی لە تیرۆریزم ،بەرنامەی مووشەکی و ئەتۆمی و هەروەها دەستوەردانی لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان و پشتیوانی و پڕچەککردنی گرووپە میلیشاییەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەرکەوتەکانی ئەم خاڵە جەوهەریەن. لێرەدا جیاکارییەک لە نێوان سیاسەتی نێوخۆیی و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی، یارمەتیمان دەکات کە باشتر لە ڕوانگەی وڵاتانی جیهان بە نیسبەت کۆماری ئیسلامییەوە تێبگەین. کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی لە نێوخۆ بە دەر لە لایەنی پرۆپاگاندا و خۆراکی تەبلیغی کە زۆر جار وەک کارتی گوشار بە کار دێ، هیچکات بۆ لایەنە دەرەکییەکان بابەتێکی جیددی ومانادار نەبووە. گەڕاندنەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ نێو سنوورەکانی و پاشەکشەپێکردنی لە وڵاتانی ناوچە و کەمکردنەوەی نفووز و کاریگەرییەکانی لە سەر سیاسەتی ناوچەیی، بۆ دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئەولەوییەت دایە و پرسی هەرە سەرەکی و ستراتژیکی ئەوانە. چاوەڕوانی و ئیدەئالی ئەوان بەم شێوەیە کە ئەم ڕێژیمە دەبێ وەک دەوڵەتێکی موتەعارف رەفتاڕ بکات ، دەوڵەتێک کە پابەندی یاسا و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بێت. نەبێتە فاکتەری هەڕەشە و بەرژەوەندییەکانی ئەوان نەخاتە ژێر پرسیارو مەترسییەوە. لەم چوارچێوە بەدەر، سیاسەتی نێوخۆیی ڕێژیم، پرسێکی نێوخۆیی ئەم وڵاتەیە. هەر بۆیە جەخت دەکرێتەوە سەر مەهاری ڕێژیمی ئایەتوڵڵاکان لە دەرەوەی سنوورەکان. کە واتە پرسی ئازادییەکان، دێموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و بەها دێموکراتیکەکان هیچکات لە ئەجێندای جیهانی دەرەوەدا نەبووە یان لانیکەم نەبووەتە بابەتێکی جیددی بۆیان. مێژووی ململانێی وڵاتان لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرلەمێنەری ئەم ڕاستیەن و نابێ چاومان لە سەر ئەم ڕاستییە دابخەین .

## وەرزێکی نوێی ململانێکان

ئامانجی سەرەکی سەرۆککۆماری ئەمریکا لە هەمبەر ئێران، ئەوەی کە وەک سیاسەتی فەرمی خۆی ڕایگەیاندووە، گۆڕینی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامییە، بەتایبەت داخستنی سەرجەم ڕێگاکانی دەستڕا گەیشتنی بە چەکی ئەتۆمی و ڕێگرییە لە هەناردەکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی و سیاسەتی دەستوەردەرانەی. هەروەک ئاماژەی پێکرا ،ئەوەی کە دەزگای دیپلۆماسی ئەمریکا جەختی دەکاتە سەر، گەڕاندنەوەی ئەم ڕێژیمەیە بۆ نێو سنووره فەرمییەکان، کە دواجار وەکوو دەوڵەتێکی موتەعارف ڕەفتار بکات. بە گوێرەی ئەم سیاسەتەی دۆناڵد ترەمپ،کەمپەینی گوشاری لە ڕادەبەر بۆ سەر کۆماری ئیسلامی دەستی پێکردووە و وەک خودی بەرپرسانی ڕێژیمیش دانی پێدانەنێن، گوشارەکان بێ وێنەن. لەم ڕووەوە تاران ناچارە کە بڕیاری هەستیار و دژوار بدات، ئەم ناچارکردنە مانای وایە کە کۆماری ئیسلامی بگەڕێتەوە سەر مێزی دانوستان و وەک ئەمریکاییەکان ئاماژەی پێدەکەن و لە سەر زاری ترەمپیشەوە هاتووە، دەیانهەوێ» ڕێککەوتنێکی باش» لەگەڵ ئێران واژۆ بکەن. دوای بڕیاری ترەمپ بۆ کشانەوەی لە بەرجام، بۆچوونێک هەبوو کە پێی وابوو دانانەوە یان بە مانایەک سەپاندنەوەی گەمارۆکانی سەر ڕێژیم کە بە هۆی بەرجامەوە لە سەری هەڵگیرابوون، کاریگەری درێژخایەنی نابێت و دەبێتە هۆی لاوازی و گۆشەگیرکردنی واشنتۆن، لە ئەنجامدا دیپلۆماسی گەمارۆکان لاڕێدەکات و دواجار تووشی شکست دەبێت، هەڵگری ئەم بۆچوونە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. پێشبینییەکان وەڕاست نەگەڕان. ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەراوێز دەخرێت و بە ئەولەوییەتی یەکەم، وڵاتان و کۆمپانیا گەورەکان، سەرمایەکانیان لە ئێران کشاندەوە. زنجیرەیەک لە بڕیار و گەمارۆ بۆ سەر ئێران ڕیز کراوە و پێدەچێ ئەم گوشارانە تا دێ زیاتر بێت. بەرنامەی موشەکی، بەرنامەی ئەتۆمی، هێرشە سایبەرییەکان، سیاسەتی ناوچەیی کە بە ناونیشانی پڕچەککردنی گروپە میلیشایە و تیرۆریستییەکان و وەڕێخستنی شەڕی نیابەتی دەناسرێتەوە، کۆی ئەو بابەتە سەرەکیانەن کە دژایەتی مانادارى ڕۆژئاوا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە دواوەبووە لە سەرووی هەموویانەوە سعودیە و ئیسرائیل. خودی حەسەن ڕۆحانی ڕایگەیاندووە لە سێ مانگی دووەمی ساڵی ٢٠١٩،شەپۆلێکی نوێی گوشارەکان بۆ سەر ئێران دەست پێدەکاتەوە کە بە گوتەی ناوبراو» بێ وێنە» دەبێت. ئامریکییەکانیش لایان وایە کە ئەم گوشارانە دەبێ یەکلاکەرەوە بێت و تێچووی سیاسەتی تێکدەرانەی ئێران

“
هەر بۆیە جەخت دەکرێتەوە سەر مەهاری ڕێژیمی ئایەتوڵڵاکان لە دەرەوەی سنوورەکان. کە واتە پرسی ئازادییەکان، دێموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و بەها دێموکراتیکەکان هیچکات لە ئەجێندای جیهانی دەرەوەدا نەبووە یان لانیکەم نەبووەتە بابەتێکی جیددی بۆیان
”

بباتە سەرەوە، بە جۆرێک کە ببێتە فاکتەری تەواوکەر بۆ سەر ئێران و گۆڕینی ڕەفتاری تاران. کۆنفرانسی وارشۆ کە بە مەبەستی پەرەپێدان بە ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە بەڕێوەچوو، نیشانی دا کە زۆرتر پەراوێزخستنی ئێران و پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی دژ، ئامانجیەتی، بە جۆرێک کە تەنانەت یەک وڵاتیش ددانی خێری بە ئێراندا نەنا. ئەم کۆبوونەوەیە و هەوڵە ژێربەژێرەکانی ئەمریکا و دژەکانی لە ناوچە لە مانگەکانی ڕابردوودا، دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە ململانێی ئامریکا و هاوبەشەکانی لەگەڵ ئێران وێنا دەکات. جۆن بۆڵتۆن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی کۆشکی سپی ئاماژەیەکی لە دووتوێی پەیامێکدا بە ڕوونی ئەم ئاماژەیەی گەیاند، بۆڵتۆن بە ڕوونی باسی ئەوەی کرد کە بە دووری دەزانم کۆماری ئیسلامی ساڵوەگەڕی زیاتری لە بەردەمدا مابێت.

## ئۆپۆزسیۆنی وەفادار

ئەگەرچی باسی تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لایەک جێی نیگەرانی و پەرۆشییەکی گەورەی بۆ کاربەدەستانی ڕێژیم دروست کردووە، لە لایەکی دیکەشەوە، نیگەرانیی بەشێک لە بەناوی ئۆپۆزسیۆنی »بەرئەندازی«ی بەدواوە بووە کە زۆرتر دەکرێ ناوی ئۆپۆزسیۆنی وەفاداریان لە سەر بنرێت. ئەوان هاوکات کار لە سەر دوو بژاردە دەکەن، بژاردەی ڕووخان و بژاردەی ڕیفۆرم کە زۆرتر وەک گەمەیەکی سیاسی دوو سەرە دەچێت. ئەگەر گۆڕانکاری و چاکسازی تێدا کرا پشکێکیان بەربکەوێ و ئەگەریش ڕووخا لێی بێ بەری نەبن و دەستکەوتێکیان هەبێت. خوێندنەوە و وردبوونەوە لە هەڵوێست و بەیانی بەشێکی هەرەزۆری بە نێو ئۆپۆزسیۆنی فارس/ ئێرانی بە چەپ و ڕاستەوە ،ئەمانگەیێنێتە ئەو قەناعەتە کە ئەگەرچی لە سەر نەمانی کۆماری ئیسلامی و تێکەوەپێچانی کۆک بن، بەڵام لە سەر داهاتووی سیاسی ئێران و و چۆنیەتی ڕوانینیان بۆ بەها دێموکراتیکەکان و مافی نەتەوەکانی غەیرە فارس، هەمان ڕێچکە و سیاسەتی کۆماری ئیسلامییان هەیە کە بە» سیاسەتی قەومی» دەناسرێتەوە. کاردانەوە و هەڵوێستی تێکڕایان بە نیسبەت پرسە هەستیارەکان بە تایبەتی کە پێوەندی بە قۆناغی دوای کۆماری ئیسلامی ئێرانیشەوە هەبێت، ئەم ڕاستییە دەردەخات. کە واتە ئێمە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێکی وەفادار بەو بنەما فکری، سیاسی و ئیدئۆلۆژیاکانە بەرەوڕووین، کە ڕێژیمە سیاسییەکانی ئەم چاخەی لە سەر بنیات نراوە. لە پانتای سیاسەتی مەیدانی، هیچ هێزێکی جیددی و شوێندانەر بوونی نییە کە بێ بەری بێت لەم شێوە بیرکردنەوەیە، ئەوەی هەیە هەوڵ و چالاکی پچڕ پچڕ و پەراکەندەی ئەو کەسایەتی و گرووپ و لایەنانەیە کە کەم تا زۆر نوێنەرایەتی سیاسی و فکریی نەتەوە بندەستەکان دەکەن کە لە ڕووی مەیدانییەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە.

## ڕوانگەیەکی دیکەی ئێرانی

مێهدی موتەهەرنیا، یەکێک لە تیۆریسیەنەکانی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژێکدا لەگەڵ سایتی» دیپلماسی ایرانی»،بە پوختی، قەیران و بنبەستی سەرەکی سەر ڕێگای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستنیشان کردووە. موتەهەرنیا دەڵێت: ئەساسەن، لە هەلومەرجی قەیراناوی ئێستای ئێران، کۆمەڵگای ئێرانی بە ڕادەیەک لەگەڵ مەترسی و نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەرەوڕوویە کە وەک بۆ خۆی دەڵێت گەیشتۆتە سەر هێڵێکی زۆر هەستیار. ئەو هەروەها سەبارەت بە ئەگەری ڕووداوی چاوەڕوانەنەکراو لە نێوخۆی ئێران هۆشداری دەدات و وەک نموونە ئاماژەی بە فیتنەی ٩٨ دەکات، واتە ساڵێک کە دادێ. بە گوتەی موتەهەرنیا، ئەگەرچی ساڵی ٧٨ و ٨٨ ڕووداوگەلێک لە ئێران ڕوویاندا کە کۆمەڵگای لە زۆر ڕووەوە تێوەگلاند، بەڵام بێگومان ساڵی ٩٨ ساڵێک دەبێت کە جیاواز دەبێ لەساڵەکانی پێش خۆی. ناوبراو پێی وایە ،بە دەر لە کێشەی نان و مەعیشەتی خەڵک و گرژیی دیپلۆماسی کە سیبەری بە سەر دۆخی نێوخۆی ئێران و تەنگژەی نێوان خەڵک و دەسەڵات قورسایی دەکات، نائومێد بوونی خەڵک لە باڵ و تەیفە سیاسییەکانی بە ناوی ڕیفۆرمخواز و ئوسووڵگەرا، بابەتێکی گرنگ و مەترسیدارە. بە گوتەی موتەهەرنیا ئەم دوو تەیفە کارایی خۆیان لە دەست داوە، ئێستا کۆمەڵگا گەیشتۆتە ئاستێک لە تێگەیشتوویی و وشیاری کە چیدی ناکەونە داوی مانیفێست و بەرنامەی ڕەوتە نێوخۆییەکان. هاوکات پێشبینی ئەوەش دەکات کە خەڵک زۆر بە جیددی وەدوای داخوازەکانی خۆیان بکەون. موتەهەرنیا پێی وایە کە کۆمەڵگا بەرەو جۆرێک لە تەقینەوە دەچێت کە لێوانلێوە لە ناڕەزایی. ئەو هەروەها دەڵێت: لە کۆتاییەکانی ٩٧ و دەستپێکی ٩٨، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هیچکات چاوەڕێی ڕابەرایەتیکردنیان لەلایەن ڕەوتەکانی نێوخۆوە ناکەن و ڕێگەی خۆیان دەگرنە بەر. بە شێوەیەک کە لە ڕیفۆرمخواز و ئوسووڵگەرا تێپەڕدەبن، پوختەی قسە ئەوەیە کە مێژووی ئەم دوو ڕەوتە لە کۆتایی دایە. کۆمەڵگا بە دوای گۆڕانکاریی بنەڕەتیدا دەگەڕێ، کە واتە یان دەبێ حاکمییەت هەوڵی گۆڕینی ڕوانگەی خەلک بدات یان ئەوەی کە بەستەری ناڕەزاییەکان هاوسەنگ بکات و ئارامی بۆ وڵات بگەڕێنێتەوە. بە گشتی گریمانە دەکرێ کە قەیرانە تێکچرژاوەکانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوە، قووڵتر بنەوە، لە کاتێکدا توانای چارەسەرکردنی نەماوە، ئەوپەڕەکەی بیهەوێ ئیدارەی بکات. گەرچی نەوەی خومەینی پێی وایە کە ئەساسی قەیران لە نێوخۆیە و ئەمە هەمان ئەو پەیامەیە کە خەڵکی ئێران لە دوو ساڵی ڕابردوودا و لە میانی دوو شەپۆلی سەرتاسەری لە خۆپیشاندانەکان، بێ گرێ و ڕاشکاوانە گەیاندیانە گوێی کاربەدەستانی ڕێژیم. ئەگەرچی نیوەی زیاتری حەشیمەتی ئێستای ئێران لە ساڵەکانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە دایک بوونە، بەڵام بەو مانا نییە کە لەگەڵ

> “ پوختەی قسە ئەوەیە کە مێژووی ئەم دوو ڕەوتە لە کۆتایی دایە. کۆمەڵگا بە دوای گۆڕانکاریی بنەڕەتیدا دەگەڕێ، کە واتە یان دەبێ حاکمییەت هەوڵی گۆڕینی ڕوانگەی خەلک بدات یان ئەوەی کە بەستەری ناڕەزاییەکان هاوسەنگ بکات و ئارامی بۆ وڵات بگەڕێنێتەوە ”

داخوازەکانیان و شۆڕشی بە تاڵانبراوی ئەم وڵاتە بێگانە نەبن. دوای تێپەڕبوونی چل ساڵ لە حوکمی کۆماری ئیسلامی، ئەگەر چی دەگوترێ دەستکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران بە تاڵان براوە، بەڵام واقعی ڕووداوەکان پێمان دەڵێت کە گوتاری شۆڕش و ڕاپەڕین لە جێی خۆیەتی. ساڵی ١٣٥٧ کە شەقامەکان جمەی دەهات، بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران نەیاندەزانی بە دوای چیەوەن، بەڵکوو باوەڕێک دروست ببوو کە پێیان وابوو هەموو شتێک لەوەی کە هەیە، باشتر دەبێت. ئەزموونی چوار دەیە دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی نیشانیدا کە بە بێ ئامانجی ڕوون و بەرنامەی دیاریکراو، ناکرێ سیستمێکی سیاسی بێتە کایەوە کە توانای وەدیهێنانی ویست و داخوازەکانی خەڵکی هەبێت، خۆپیشاندان و ململانێی سەر شەقام، بەستەرەکان فەراهەم دەکەن، بەڵام داڕشتنی پلان بۆ داهاتوو لە سەر شەقام ڕایی ناکرێت. سەرشەقام نابێتە مەیدانی داڕشتنی بەرنامەی سیاسی. گومان لەوەدا نییە کە لە بۆشایی و بە بێ ئەڵترناتیڤێکی بە بەرنامە و خاوەن هێز، ئەوەی ڕوو دەدات تەنها بزووتنەوەیەکی کوێرە کە ئاراستەکەی نادیارە و تەنیا خەسار و تێچووی بە دواوەیە. نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران و کەمینە ئەتنیکی و ئایینیەکان لە هەلومەرجێکدا دەتوانن ببن بە فاکتەری هەڕەشە بۆ سەر ڕێژیم کە ئەم هەڕەشەیە بەردەوام بێت. ئەوەی کە خودی ئەم هەڕەشەیە تا چ ڕادەیەک دەتوانێ حکومەت لاواز بکات یان بەرەو ڕووخانی ببات، پرسیارێکی دیکەیە و بەندە بە کۆمەڵێک پارامێتر و هۆکاری جیاوازەوە

**ڕاسانی ڕۆژهەڵات و ئەگەرەکانی**

لە دەقی ئەو هاوکێشە و گۆڕانکاریانە کە لە پێوەندی لەگەڵ ئێران وململانێکانی ڕێژیم بە نیسبەت نێوخۆ و دەرەوەی لە ئارادان، ئێستا و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەردەم دەیان ئەگەر و پرسیاردایە. ڕاسانی ڕۆژهەڵات کە ڕێڕەوەکەی لە سەر بنەمای لێکگرێدانی خەباتی شاری و شاخ بنیات نراوە، بە مانای دابەشکردنی ئەرکی خەباتە بە سەر سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای خۆرهەڵات. ڕاسان، پرۆسەیەکی هەمەلایەنە کە تاکوو ئێستا ئەگەر هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ، بزووتنەوەیەکی ناسەرکەوتوو نەبووە، بگرە پشوودرێژ بووە و هەنگاوەکانی قاییم کردووە. ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو نیشانیدا کە پشت بەستن بە هێزی نێوخۆ و هاوکاری و هاوخەباتی هێزە کوردییەکان، ڕێتێچووترین بژاردە بووە کە ڕێگای بۆ خەباتێکی شوێندانەرتر هەموار کردووە. لەگەڵ ئەوەی کە بەردەوام بوونی ڕاسان، خاڵی جەوهەری و بنەماییە، بەڵام بۆ نەهادینەکردنی ڕاسان و بنەجێ کردنی پێویستە، یەکەم لە ڕووی جۆغرافیاوە ببێت بە بزووتنەوەیەکی گشتگیرو بۆ ناوچەکانی باشوری زاگرۆس تەشەنە بکات، دووەم لە ڕووی کاتەوە، ببێت بە دیاردەیەکی هەمیشەیی. سەرباری حوزووری پرشکۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کاریگەرییەکانی لە پانتای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێ میکانیزمێک بۆ لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ دەستنیشان بکرێت. بە باوەڕی دڵسۆزان و خەمخۆرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کوردستان، ئەو میکانیزمە دەتوانێ گوتارێکی بەهێز بێت کە توانای لێکگرێدانی فرەچەشنی و جیاوازییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەبێت و تاکەکانی ڕۆژهەڵات بانگ بکات کە تاکوو ئێستا ئەگەر نەڵێین بۆشایی، بەڵام وەک لاوازییەک بە ڕاسانەوە دیارە. ئەم گوتارە دەشێ جەخت بکاتە سەر چینی مامناوەندی خۆرهەڵاتی نوێ کە شوێندانەری و وەزنی تایبەتی بە خۆی هەیە و گرێچنی(بافت) شار و ناوچەکانی کوردستان سەلمێنەری ئەم واقعیە. هەر بۆیە حوزوور و خەباتی پێشمەرگانە، خەباتی

> **“ ڕاسانی ڕۆژهەڵات کە ڕێڕەوەکەی لە سەر بنەمای لێکگرێدانی خەباتی شاری و شاخ بنیات نراوە، بە مانای دابەشکردنی ئەرکی خەباتە بە سەر سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای خۆرهەڵات. ڕاسان، پرۆسەیەکی هەمەلایەنە ”**

شار(بە دەر لە کایەی سیاسی ڕێفۆرمخوازی ) و بوونی دیسکۆرسیکی بەهێز و مانابەخش، سێ کوچکەی بزاوتێکی هەمەگیر و شوێندارە. پرسی یەکڕیزی و هاوخەباتی هێزە شۆڕشگێڕەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، پرسێکی دیکەی جەوهەرییە لە بەردەم ڕاسان کە لە نەبوونیدا، بزووتنەوەکە تووشی خەساری قەرەبوونەکراوە دەبێت و وەک کورد دەڵێت سەرمان بێ کڵاو دەمێنێتەوە. یەک گوتاری و یەک بەرنامەیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، بە تایبەتی کە ئێران لە بەردەم ئەگەری گۆڕانکاری بەهێزدایە، لە هەموو کات زیاتر زەروورەتێکی مێژوویی و سیاسییە. تاکوو ئێستا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کورستان ئەزموونێکی هەرچەند سەرەتایی، بەڵام پڕناوەڕۆک و سەرکەوتووە بووە و ڕای ئەرێنی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی لە سەر بووە. چارەنووسی هاوبەش، پێویستی بە خەباتی هاوبەشە، چ لە پێوەندی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات و چ لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران. وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، نە تەنیا مافی نەتەوەیی و دێموکراسی بۆ دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی نەبووەتە پرسێکی جیددی، تەنانەت هێنانە بەرباس و کەوتنە ڕۆژەڤی بۆ ئۆپۆزسیۆنی وەفادار بە ئێرانگەرایی، بڤەیە. لەم ڕووەوە مخابن، هاوتەریب لەگەڵ ڕێژیمەکان، دوژمنی سەرەکی ئێمەی کورد و نەتەوەبندەستەکان، ئێران و ئێرانگەراکانن. سیاسەت، پانتای ململانێ و ڕکابەرایەتی هێزی ڕووت و بەرژەوەندییە، بە بێ هیچ پاشگر و پێشگرێک. یەک گوتاری، هاوهەڵوێستی، هاوخەباتی و واقعی هێزی مەیدانییە کە تەکلیفی ئێمـەی کورد لەگەڵ ناوەند و ناوەندچییەکان یەکلادەکاتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێژیمێکی لە ئاشتی نەهاتووە، بەڵام ئەزموونی خۆبەدەستوەدان و تەسلیم تەڵەبیی تێدا بەدی دەکرێ. ئەگەری گەڕانەوەی بۆ سەر مێزی دانوستان و تەنانەت مل بادانی و درێژەدان بە ململانێیەکی دژوارتر، هیچ لەم زەروورەتە ناگۆڕێ کە کورد لە ڕۆژهەڵات دەبێ هاوخەباتی وبەرژەوەندی نەتەوەیی بکاتە پرەنسیپێکی نەگۆڕ. بە پێچەوانەوە دەبینە بەشێک لە پەراوێزی ناوەند.



## تەوەری ژمارەی داهاتوو

## ڕاسان و گوتاری کوردایەتی

دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران